# دابینکردنی مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلی کورد
# لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی دا

کۆنگرەی سێزدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە رۆژانی ١٣ تا ١٧ی پووشپەڕی ١٣٨٣ی هەتاوی (٣ تا ٧ی جولای ٢٠٠٤ی زایینی)دا بەڕێوەچوو، وێڕای جێبەجێکردنی کۆمەڵێك لە ئەرکە دیاریکراوەکانی، چاویشی بە بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب دا خشاندەوەو ئاڵوگۆڕی پێویستی تێدا پێك هێنان. یەکێك لە گرنگترین ئاڵوگۆڕەکان لە بەرنامەدا، گۆڕینی دروشمی ستراتیژیی حیزب لە "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان"ەوە بۆ ئەم دروشمە بوو کە کراوە بە مانشێتی ئەم ژمارەیەی "کوردستان". بەم بۆنەیەوە لە هەموو خوازیارانو لایەنگرانی چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێرانو کوردستان لەسەر بناغەی فیدرالیزم، پیرۆزبایی دەکەین.

**دەستەی نووسەرانو کارگێڕانی**
**"کوردستان"**

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

١٨ی پووشپەری ١٣٨٣ | ٨ی ژوئیەی ٢٠٠٤ | ژمارە ٣٩٢ | ١٥٠ تمەن

بەیاننامە

## بەبۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتوانەی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**
**دۆستان، لایەنگرانو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

بۆ کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جێگای خۆشحاڵیو شانازییە کە رابگەیەنێ: سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزب، سەر لەبەیانیی رۆژی شەممە ١٣ی پووشپەڕی ١٣٨٣ی هەتاوی، بەرامبەر بە ٣ی جولای ٢٠٠٤ی زایینی، دەستی بەکار کردو پاش ٥ رۆژ کاری بەردەوام، ئێوارەی رۆژی چوارشەممە ١٧ی پووشپەڕ، بە سەرکەوتنەوە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

کۆنگرە سەعات ٩ی پێشنیوەڕۆی رۆژی شەممە ١٣ی پووشپەڕ، بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" دەستی پێکردو بەدوای راگەیاندنی یەك دەقیقە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی ڕێگای ئازادی بەتایبەت شەهیدانی نێوان کۆنگرەی دوازدەهەمو سێزدەهەمی حیزب، هاوڕێی بەڕێز کاك جەلیلی گادانی، وەك بەڕابردووترین ئەندامی کۆنگرە وتاری کرانەوەی کۆنگرەی پێشکەش کرد. بەدوای پێشکەشکرانی وتاری کردنەوەی کۆنگرەدا، هاوڕێی بەڕێز کاك عەلی مێهرپەروەر ئەندامی دەفتەری سیاسی، راپۆرتی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی پێشکەش کردو بەرنامەی کاری کۆنگرەی راگەیاند.

پاش پەسندکرانی بەرنامەی کارو مەشرووعییەتی کۆنگرە، هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی حیزب، راپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی پێشکەش کرد. لەو راپۆرتەدا وەزعی نێونەتەوەیی لە دوا دەیەی سەدەی بیستەمەوەو ئەم گۆڕانکارییانەی کە بوونە هۆی گۆڕانی سیمای سیاسیی جیهانو هەروەها ئەو ڕیزبەندییە ئابووریو بازرگانییانەی کە بەرامبەر بە ئامریکا پێك هاتبوون، ئاماژەیان پێ کراوە. لەم راپۆرتەدا مەسەلەی تیرۆریزمو پەرەئەستاندنی لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان کەوتۆتە بەرباسو ئاکامو دەرئەنجامەکانی شی کراونەتەوەو تیشك خراوەتە سەر تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو گیروگرفتەکانی سەر ڕێگای خەبات دژی تیرۆریزم ئاماژەیان بۆ کراوەو ڕێگای ئوسوولێ بۆ خەبات دژی ئەو دیاردە دزێوە لە روانگەی حیزبی دێموکراتەوە دەستنیشان کراوە.

بەدوای ئەودا راپۆرت دەچێتە سەر هەڵسەنگاندنی وەزعی گشتیی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. لەو بەشە لە راپۆرتەکەدا مەسەلە گرنگەکانی ناوچە وەك: مەسەلەی فەلەستینو کێشەی ئیسرائیلو عەرەبەکان ئاماژەیان پێ کراوەو قامك لەسەر ناتەباییەکانو ململانێیەکانی ناوچە دانراوەو ڕێگاچارەی مەسەلەکان دەستنیشان کراوە. هەر لەو بەشەدا گۆڕانکارییەکانی ناوچەو رووداوەکانی ئەفغانستانو عێراقو دەرئەنجامەکانیان بەروونی کەوتوونە بەرباس.

تەوەرێکی دیکەی راپۆرتەکەی کۆمیتەی ناوەندی بۆ باس لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە تەرخان کراوە کە لەودا کۆمەڵێك مەسەلەی پێوەندیدار بەم باسەوە شی کراونەتەوە. ٢

## بەڕێوەچوونی سێزدەهەمین کونگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران



سەعات ٩ی پێشنیوەڕۆی رۆژی شەممۆ ١٣ی پووشپەڕی ١٣٨٣ی هەتاوی، سێزدەهەمین کونگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداریی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئەندامانی حیزبو ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیی حیزب بەپێی بەرنامەی پێشوو بە سروودی "ئەی رەقیب"و راگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدان دەستی پێکرد. پاش پێشکێشکرانی وتاری کردنەوەی کونگرە لەلایەن هاوڕێی بەڕێز کاك جەلیل گادانی وەك بەرابردووترین ئەندامی کونگرە، راپۆرتی کومیتەی ئامادەکردن لەلایەن هاوڕێی بەڕێز کاك باباعەلی مێهرپەروەر، ئەندامی دەفتەری سیاسییەوە پێشکێش کراو مەشرووعییەتی کونگرە پەسندکرا. پاشان هاوڕێی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزب راپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندی پێشکێش کرد. ئەو راپۆرتە پاش چەند جەلەسەو باسی تێروتەسەڵ بە تێکڕای دەنگ پەسندکرا. لە بەشێکی دیکەی کاری کونگرەدا بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆیی حیزب خرایە بەر لێکۆڵینەوەو چەند ئاڵوگۆڕێکی تێدا پێك هات.

لە دوایین بەشی کاری کونگرەدا هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەسڵیو جێگری کومیتەی ناوەندی بەڕێوەچوو. لە ماوەی بەڕێوەچوونی کارەکانی کونگرەدا ژمارەیەك لەو پەیامانەی کە لەلایەن حیزبو ڕێکخراوو کەسایەتییە خارجی، ئێرانیو کوردستانییەکانەوە بۆ کونگرە ناردرابوون خوێندرانەوە. کونگرە سەعات ٨ی ئێوارەی رۆژی چوارشەممۆ ١٧ی پووشپەڕ سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی هێنا. کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کونگرەی سێزدە لە کۆبوونەوەیەکی کورتی خۆیدا هاوڕێی تێکۆشەر، مستەفا هیجریی وەك سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژاردو ئەو هەڵبژاردنە لەلایەن هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی پێشوو بە بەشدارانی کونگرە راگەیەندراو بە گەرمی پیرۆزبایی لە سکرتێری تازەی حیزب کرد.

### پەیامی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب، بۆ بزاڤی شۆڕشگێڕانەو پێکهاتەشکێنی خوێندکاری

## بە بۆنەی ساڵڕۆژی ١٨ی پووشپەڕەوە

خوێندکارانی ئازادیخوازو شۆڕشگێڕ!
هاوڕێیانی سەنگەرگرتوو لە زانستگا دژی سەرەڕۆیی مەزهەبی!

سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی پێشڕەوی خەباتی میللی - دێموکراتیکی گەلی کورد، لە کاتێکدا بەڕێوەچوو، کە گەلانی وەزاڵەهاتوو لە ستەمو دیکتاتۆریی مەزهەبی بەسەر وڵاتەکەماندا، خۆیان بۆ نارەزایەتی دەربڕینی ١٨ی پووشپەڕ ساڵڕۆژی کوشتارو سەرکوتی رۆڵە خوێندکارەکانیان بە دەستی شەوپەرەستانی تواوەوە لە ویلایەتی نەزانیدا ئامادە دەکەن. رۆژێ، کە سیستمی پاشڤەڕۆو سەدەناوەڕاستیی کۆماری ئیسلامی لە بەرچاوی بیروڕای جیهاندا کەوتە زۆرانبازی لە تەك زانست، ئازادی، کەلتوورو شارستانیەتی مرۆڤایەتی.

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە، پێکهاتەشکێنو دێموکراسیخوازی خوێندکاری، لە ماوەی پتر لە نیوسەدە خەبات دژی سیستمە ئازادیکوژو کۆنەپەرستەکانی زاڵ بەسەر وڵاتەکەماندا، سەلماندوویانە کە بە هۆی پارامیترگەلێکی وەك ئاگایی، بایەخدان بە چەمکە بەرزە مرۆڤایەتییەکانو بە کەڵك وەرگرتن لە هێزو وزەی لاوێتی، خاوەنی پۆتانسیەلێکی مەزنن بۆ شکاندنی داخرانی سیاسیو تا ئێستا، بە شێوەیەکی دەرهەست، پشتیوانیی راستەقینەی خەباتی گەلانی ئێران لە سەرانسەری وڵاتدا بوون.

دەسەڵاتپەرستانی کۆماری ئیسلامییش، هەر لە سەرەتای دەسەڵاتە رەشەکەیانەوە، لەو راستییە گەیشتوون کە دروشمو بایەخە بەرزەکانی بزووتنەوەی رەسەنو رادیکاڵی خوێندکاری، ئانتیتێزی سیستمی کۆنەپەرستانەو ئازادیکوژی ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆییە. کەواتە، ئەو ڕێژیمە هەر لە یەکەمین رۆژەکانی دەسەڵاتەکەیەوە تا ئەمڕۆ، بە پەنابردن بۆ پیلانگەلێکی ئەهریمەنیی وەك: کودەتای فەرهەنگی، دامەزرانی ڕێکخراوی دەستکردو دانانی فیلتەرگەلێکی ئیدئۆلۆژیکیی جۆراوجۆر، بە مەبەستی دروستکردنی پێکهاتەیەکی پارادۆکسیکاڵ بە ناوی "خوێندکاری موسوڵمانی پێڕەوی خەتی ئیمام"، هەوڵی داوەو هەوڵ دەدا کە بزووتنەوەی پێکهاتەشکێنو رادیکاڵی خوێندکاری لە سیکلی گۆڕانکارییە چارەنووسسازەکان دەربـاوێ. بەڵام رووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی ئاشکرایان کرد کە ئەو پیلانگێڕییانە شکستێکی بێ ئەملاوئەولای بۆ کۆماری ئیسلامی بەدواوە بووەو پێشبینییەکانی سەرانی ئەو ڕێژیمە نەهاتونە دیو ئاکامێکی بە قازانجی ڕێژیم لێ نەکەوتۆتەوە. ٢


٢ کۆبوونەوەی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست لە ئیستانبوڵ
٣ بیستەمین ساڵوەگەڕی حەماسەی دەشتی شارویران
٤ لە پازدە ساڵەی ئاوابوونی هەتاوێك دا
٤ دەنگی پێی مۆتەکەی مەرگو دارزینی جەستەکان
٨ کورد لەناو واقیعی ڕابردوو و ئێستایی بوون دا
٩ ئاوڕدانەوەیەك لەبارەی خۆکوژیی ژنان لە کوردستان دا
٩ مەجلیسی حەوتەمو پاشڤەڕۆیی پتر


## بەیاننامە

# بەبۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتوانەی

# سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران















**درێژەی لاپەڕی ١**

لە لێکدانەوەی وەزعی ئێران دا، ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی لە درێژەی کردەوەی سەرکوتکەرانەو پێشێلکرانی ماف‌و ئازادی‌یەکانی خەڵکی ئێران لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌یەوە لەلایەك‌و ترس ڕەوینەوەو سامشکانی خەڵك لە ڕێژیم‌و گومان ڕەوینەوەی بەشی هەرە زۆری خەڵکی وڵاتەکەمان لە ئیمکانی ئاڵوگۆڕ لە نێوخۆی ڕێژیم دا بەتایبەت‌و یەکدەستبوونەوەی نیزام دوای هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەم، ناسرانی زیاتری نێوەڕۆکی ڕێژیم لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات‌و هەروەها هەوڵی ڕێژیم بۆ دەست وێڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی، بە درێژی شی کردونەوە.

هەڵسەنگاندنی وەزعی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران‌و هێزە سیاسی‌یەکانی ئێران بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب پێك دێنێ، لەو چوارچێوەیەدا خاڵە لاوازو بەهێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن‌و ئەرکی ئێستایان ئاماژەیان بۆ کراوە.

ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی، گرنگی‌یەکی تەواوی داوە بە مەسەلەی کوردو ئاماژەی بەوە داوە کە خەباتی کورد لە چوارچێوەی تەسکی چوار وڵاتی کوردنشین ترازاوەو بە کردەوە بۆتە مەسەلەی بەشێك لە دانیشتوانی زۆر لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەنعەتی بەتایبەت لە ئامریکا، ئورووپا، کاناداو ئوستralیا، هەروەها لەو پێوەندی‌یەدا وەزعی کوردستانی عێراق بەدرێژی باسی لێ کراوەو ئاماژە بە چوونە سەری وشیاریی نەتەوەیی لە هەموو بەشەکانی کوردستان کراوە.

ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی لە پێوەندی لەگەڵ کوردستانی ئێراندا، قامکی لەسەر وەزعی نالەباری ژیانی خەڵك‌و بێکاری‌و نەداری‌و لە دواکەوتوویی ڕاگیرانی کوردستان داناوەو نەخشی بزووتنەوەی کوردی دەستنیشان کردوەو، بە ڕێژەوە ڕوانیویەتە بزووتنەوەی ئەدەبی ـ فەرهەنگیی کوردستان‌و نەخشی ڕووناکبیرانی کوردی بەرز نرخاندوەو، بەربەرەکانێ خەلك لەگەڵ دیکتاتۆریی مەزهەبی بە نموونە داناوە.

لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتدا، ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی ئاماژەی بە خەباتی نزیك بە ٦٠ ساڵی ئەو حیزبەو نفووزو هەڵوێستەکانی کردوەو ئەرکەکانی ئەو حیزبەی دەستنیشان کردوەو هەڵوێستی حیزبی بەرامبەر بە کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانیان ڕوون کردۆتەوەو فیدراڵیزمی بە باشترین شێوە بۆ چارەسەریی مەسەلەی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئێراندا زانیوە.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی‌دا بەشێوەیەکی تایبەتی پێ لەسەر بایەخدان بە چالاکترکردنی نەخشی ژنان لە کارو تێکۆشانی حیزبی‌و بەگشتی لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان، داگیراوەتەوە.

ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی لە چەند دانیشتنی بەشدارانی کۆنگرەدا بە تێروتەسەلی کەوتە بەر باس‌و بە تێکڕای دەنگی بەشداران پەسند کرا.

لە بەشێکی دیکەی کاری کۆنگرەدا، بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب خرانە بەر باس‌و لێکۆڵینەوەو چەند دەسکاری‌یەکی پێویستیان تێدا کرا کە بەرچاوترینیان گۆڕینی دروشمی ستراتژیکی حیزبە کە تا پێش کۆنگرە "دێموکراسی بۆ ئێران‌و خۆدموختاری بۆ کوردستان"بوو و، بوو بە "دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدراڵی لە ئێران‌و دابینکردنی مافی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران"ە.

لە دوابەشی کاری کۆنگرەدا ئەندامانی ئەسڵی‌و جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵ بژێران کە تا کۆنگرەی داهاتوو ئەرکی بەڕێوەبردنی حیزبیان دەکەوێتە سەرشان.

کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب لە کۆبوونەوەیەکی کورتی پاش هەڵبژێرانی‌دا، هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر کاك مستەفا هێجریی وەك سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژاردو ئەو هەڵبژاردنە لەلایەن هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی پێشووی حیزبەوە لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتی‌دا بە ئاگاداریی بەشدارانی کۆنگرە گەیشت‌و بە گەرمی پیرۆزبایی لە سکرتێری تازە کرد.

کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب، ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ١٧ی پووشپەڕ کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

پیرۆز بێ سەرکەوتنی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، دۆستان‌و لایەنگران‌و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**کۆمیتەی ناوەندیی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**١٨ی پووشپەڕی**

**١٣٨٣ی هەتاوی**

**(٨ی جولای ٢٠٠٤ی زایینی)**

## پەیامی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێمۆکرات، بۆ بزاڤی شۆڕشگێڕانەو پێکهاتەشکێنی خوێندکاری

## بە بۆنەی ساڵڕۆژی ١٨ی پووشپەڕەوە

درێژەی لاپەڕەی ١

بە تایبەت گرنگیی ئەم بزاڤە خەباتکارە خوێندکاری‌یە، لەوەدا بوو کە ئەو بزووتنەوەیە ماهییەتی ئیسلاح نەبوو و سیناریۆی دەستکردی ڕێفورمخوازانی حکوومەتی بە باشی دەرخست‌و بۆ تەواوی بیروڕای گشتیی جیهانی سەلماند کە ئەم سیناریۆیە چ نیە، جگە لە فێڵ‌و تەڵەکەیەك بۆ بەلارێدا بردنی بیروڕای گشتیی جیهان‌و ئەم ڕێژیمە بە ناچار بەرەو هەڵدێری نەمان بەڕێوەیەو لاوانی وشیاری وڵاتەکەمان کە شێلگیرانە هاتوونەتە گۆڕەپانی خەباتەوە، تا هێنانەسەرکاری سیستمێکی دێموکراتیك‌و ئەمڕۆیی، دەست لە خەبات هەڵ ناگرن.

هەرچەند کە هەموو ئەم دەسکەوتانە نرخێکی زۆری وەك لە خوێن‌دا شەڵاڵبوونی ژینگەی زانست‌و فەرهەنگ‌و لە زیندان پەستاوتنی لاوانی خوێندکاری، بۆ دراوە، بەڵام ئەم نەقشە گرنگ‌و چارەنووسسازەی کە ئەمڕۆکە ١٨ی پووشپەڕ وەك سەمبولی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە سەرانسەری وڵات‌دا دژی سیستمی ئەهریمەنیی ویلایەتی فەقیه دەیگێڕێ، زۆر پڕبایەختره لەو فیداکاری‌و ئازاردانانە.

نوێنەرانی بەشدار لە کۆنگرەی سێزدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرنجدان بە ڕاستی‌یەکانی پێوەندیدار بە نێوخۆی وڵات‌و پێوەندی‌یە زاڵە نێونەتەوەیی‌یەکان، بۆ جارێکی دیکە ڕۆڵــی گرنگ‌و چارەنووسسازی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی لە خەبات بۆ ئازادی‌و هێنانەسەرکاری سیستمێکی دێموکراتیك لە ئێراندا، تاوتوێ کردو هەموان لەسەر ئەو واقعییەتە حاشاهەڵنەگرە پێیان داگرتەوە کە بزووتنەوەی پێکهاتەشکێنی خوێندکاری پارامیترێکی سەرەکی‌یە بۆ گەیشتن بە ئامانجە هیوابەخشەکانی گەلانی وڵاتەکەمان.

کۆنگرەی سێزدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە نوێنەرایەتی لەلایەن هەموو خەباتگێڕانی بزاڤی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کوردەوە، پشتیوانیی خۆی لە بزاڤی شۆڕشگێڕانەی خوێندکاری لە سەنگەری بەرخۆدانی زانستگا، ڕادەگەیەنێ‌و پێ لەسەر بەهێزکردنی ئەو سەنگەرە پڕبایەخە دادەگرێتەوەو دڵنیایان دەکاتەوە کە لە هەموو هێزی سیاسی، تەبلیغاتی‌و دیپلۆماتیکی خۆی بۆ پشتیوانی لەو بزاڤە ڕادیکاڵ‌و وشیارانەیە، کەڵك وەردەگرێ‌و تاسەر ئەوان بە هاوسەنگەرو هاوخەباتی خۆی دەزانێ.

سلاو لە بزاڤی پێکهاتەشکێنی خوێندکارانی خەباتگێڕی وڵاتەکەمان!

بڕووخێ ڕێژیمی سەرەڕۆ و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران!

یەکگرتووتر بێ هاوهەنگاوی‌و هاوخەباتیی گەلانی ئێران بۆ هێنانەسەرکاری سیستمێکی دێموکراتیك لە ئێراندا!

# بڕووخــێ ڕێژیمــی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئــێران

کوردستان

ژماره ٣٩٢ ( ٨ی ژوئیه‌ی ٢٠٠٤)

## به‌شداریی هه‌یئه‌تێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران له کۆبوونه‌وه‌ی ئه‌نته‌رناسیۆنال سوسیالیست له ئیستانبول

رۆژه‌کانی ٢٥و ٢٦ی ژووئه‌نی ٢٠٠٤ کومیته‌ی ئه‌نتێرناسیۆنال سۆسیالیست بۆ ئاشتی، دێموکراسی و مافی مرۆڤ یه‌که‌مین کۆبوونه‌وه‌ی پاش کۆنگره‌ی ٢٢ی ئه‌نتێرناسیۆنال سۆسیالیستی به به‌شداریی نزیک به ٢٠٠ که‌س له هه‌یئه‌ته‌کانی حیزبه‌کانی ئه‌ندام و میوانان له شاری ئیستانبوڵی تورکیه پێک هێنا. مه‌به‌ست له‌و کۆبوونه‌وه‌یه ئه‌وه بوو که له به‌ره‌به‌ری کۆبوونه‌وه‌ی سه‌رانی ناتۆ له هه‌مان شار، ئه‌نترناسیۆنال سۆسیالیست له‌سه‌ر هێندێک مه‌سه‌له‌ی رۆژ به‌تایبه‌تی قه‌یرانی عیراق هه‌ڵوێست بگرێ و بڕیارنامه‌یه‌ک ئاراسته‌ی کۆبوونه‌وه‌ی ناتۆ بکا.

له سه‌ره‌تای کۆبوونه‌وه‌که‌دا، به‌ڕێز لویس ئایالا سکرتێری گشتیی ئه‌نتێرناسیۆنال سۆسیالیست کۆبوونه‌وه‌که‌ی کرده‌وه‌و به‌رنامه‌ی کاری کۆبوونه‌وه‌که‌و ئه‌رکه‌کانی ئێستای ئه‌نتێرناسیۆنال سۆسیالیستی بۆ به‌شداران شیکرده‌وه.

ئینجا به‌ڕێز دێنیز بایکاڵ سه‌رۆکی "پارتی گه‌لی کۆماری"ی تورکیه (حیزبی میوانداری کۆبوونه‌وه‌که) پاش به‌خێرهێنانی هه‌یئه‌ته‌کان باسێکی له‌سه‌ر دۆخی ئه‌مڕۆی ناوچه‌و ره‌وتی دێموکراتیزاسیۆن پێشکه‌ش کرد. ئاغای بایکاڵ ئه‌و راستی‌یه‌ی وه‌بیر هێنایه‌وه که له جوغرافیای سیاسیی دنیای ئه‌مڕۆدا سێ نه‌خشه که بریتین له نه‌خشه‌ی جیهانی موسوڵمان، نه‌خشه‌ی وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو و نه‌خشه‌ی مه‌کۆی تیرۆریزم هاوخشتن. ئه‌و وێڕای مه‌حکووم کردنی به‌لاڕێ دابردنی ئیدئاله به‌شه‌ری‌یه‌کان و که‌لکی خراپ وه‌رگرتن له ئیسلام، وتی ته‌نیا دێموکراتیزاسیۆن ده‌توانێ توندو تیژی‌و ته‌شه‌نوج له رۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست له‌نێو ببا. به‌بڕوای بایکاڵ به‌بێ سێکۆلاریسم دێموکراسی راسته‌قینه نابێ و به‌بێ گه‌شه‌کردنی ئابووریش گه‌شه‌کردنی سیاسی ناتوانێ خۆی بگرێ. به‌و حاڵه‌ش بایکاڵ زۆر واقعبینانه‌و راستگۆیانه دانی به‌وه دانا که کۆمه‌ڵگه‌ی نێونه‌ته‌وه‌یی نابێ به‌ته‌مای ئه‌وه بێ که ده‌وڵه‌تانی سه‌ره‌ڕۆی رۆژهه‌ڵاتی‌نێوه‌ڕاست له وه‌دیهێنانی ره‌وتێک دا له‌گه‌ڵی بکه‌ونه هاوکاری که ئه‌نجامه‌که‌ی له‌سه‌ر کار نه‌مانی خۆیانه.

پاشان نۆره گه‌یشته به‌ڕێز پییه‌ر فاسینۆ سه‌رۆکی کومیته‌ی ئه‌نتێرناسیۆنال سۆسیالیست بۆ ئاشتی، دێموکراسی و مافی مرۆڤ ئاغای فاسینۆ له وتاره‌که‌ی‌دا به‌تایبه‌تی باسی ئه‌وه‌ی کرد که له جیهانی ئه‌مڕۆدا زۆر شت گلۆبالیزه بوون به‌ڵام هێشتا دێموکراسی و مافی مرۆڤ به‌و جۆره‌ی ده‌بێ به‌جیهانی نه‌بوون. به‌ڕێز فاسینۆ سه‌باره‌ت به قه‌یرانی عیراق، ناردنی هێزی ناتۆ بۆ عیراق له‌و باره‌وه به خراپ زانی که ئه‌و کاره سیمای رۆژئاوایی هێزه نیزامی‌یه‌کانی جێگیر له‌و وڵاته ده‌هێڵێته‌وه. به‌بڕوای فاسینۆ تیرۆریزم به شه‌ر شه‌ڕی له‌گه‌ڵ ناکرێ و پێویسته له‌جیاتی شه‌ڕی "احتیاتی" و پێش وه‌ختی ( Preemptif War)، سیاسه‌تی پێش وه‌ختی ره‌چاو بکرێ‌و به هه‌وڵ و کۆششی بنیاتنه‌ر پێش له ته‌قینه‌وه‌ی ئاڵۆزی‌یه‌کان بگیرێ.

له به‌شی دووهه‌می کۆبوونه‌وه‌که‌دا تریبوون درا به نوێنه‌رانی هێندێک له پارتو رێکخراوه‌کانی ئه‌ندامی ئه‌نتێرناسیۆنال سۆسیالیست که له‌و به‌شه‌دا وتاریان پێشکه‌ش کردو روانگه‌کانیان له‌مه‌ڕ ئاڵوگۆڕه‌کانی ناوچه‌و کێشه‌ی عێراق و مه‌سه‌له‌ی فه‌له‌ستین و نه‌خشی کۆمه‌ڵگه‌ی نێونه‌ته‌وه‌یی له‌و قه‌یرانانه‌دا خسته روو.

هه‌یئه‌تی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران له کۆبوونه‌وه‌ی ئه‌مجاره‌ی ئه‌نتێرناسیۆنال سۆسیالیست دا له خالید عه‌زیزی نوێنه‌ری حیزب له ئه‌مریکاو ئاسۆی حه‌سه‌نزاده یاریده‌ده‌ری نوێنه‌ری حیزب له ده‌ره‌وه‌ی وڵات پێک هاتبوو که له‌و فۆرۆمه بۆ گفتوگۆ له‌گه‌ڵ ژماره‌یه‌ک له که‌سایه‌تی‌یه‌کانی به‌شدارو هه‌روه‌ها هه‌وڵی سه‌رکه‌وتووی گونجاندنی پاراگرافێک له سه‌ر ئێران له بڕیارنامه‌ی کۆتایی کۆبوونه‌وه‌که‌دا که‌ڵکیان وه‌رگرت. پێویسته بگوترێ که له به‌شی وتاره‌کان‌دا ئاسۆی حه‌سه‌ن‌زاده له لایه‌ن حیزبی دیموکراتی کوردستانه‌وه باسێکی پێشکه‌ش کرد که له لایه‌ن به‌شداران به تایبه‌ت سه‌رۆکی کۆمیته‌وه پێشوازیی لێ‌کرا.

له دوایین به‌شی کۆبوونه‌وه‌ی ئه‌نتێرناسیۆنال سۆسیالیست دا گه‌ڵاڵه‌ی بڕیارنامه‌ی کۆتایی خرایه به‌رباس و ده‌سکاری و سه‌ره‌نجام په‌سند کردن. پوخته‌ی خاڵه‌کانی ئه‌و بڕیارنامه‌یه که هه‌ڵوێسته‌کانی ئه‌مڕۆی ئه‌نتێرناسیۆنال سۆسیالیست نیشان ده‌ده‌ن به‌م جۆره‌یه:

- ئه‌نتێرناسیۆنال سۆسیالیست موخالیفی شه‌ڕی "احتیاتی"و هه‌روه‌ها هه‌رچه‌شنه ده‌خاله‌تێکی نیزامی‌یه که له چوارچێوه‌ی ئه‌نجومه‌نی ئاسایشی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان‌دا بڕیاری له‌سه‌ر نه‌درابێ.

ئه‌نتێرناسیۆنال سۆسیالیست قه‌یرانی ئێستای عێراق به ئاکامی سیاسه‌تی یه‌کلایه‌نه‌و ته‌کڕه‌وی ده‌زانێ‌و له‌و باوه‌ڕه دایه که کۆمه‌ڵگای نێونه‌ته‌وه‌یی به سه‌ریه‌که‌وه سیاسه‌تێکی نوێی تێدا بباته پێش‌و جڵه‌وی ئه‌و سیاسه‌ته بدرێ به نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان.

ئه‌نتێرناسیۆنال سۆسیالیست پشتیوانی کردنی کۆمه‌ڵگای نێونه‌ته‌وه‌یی له جێگیر بوونی سیستمێکی دیموکراتیک،فیدراڵ،لائیک،فره‌نه‌ته‌وه‌یی‌و فره‌ئایینی له عێراق به پێویست ده‌زانێ‌و داوا له هه‌موو لایه‌نه‌کانی قه‌یرانی عێراقیش ده‌کا له هه‌ر کارێک که ئاشتی‌و هێمنایه‌تی له‌و وڵاته‌دا تێک بدا خۆبپارێزن.

به باوه‌ڕی ئه‌نتێرناسیۆنال سۆسیالیست پێویسته هێزێکی پارێزه‌ری ئاشتی له ژێر سه‌رپه‌رستیی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان دا له عیراق پێک بێ و به‌شداریی نیزامیی ناتۆ ده‌بێ ته‌نیا له‌و چوارچێوه‌یه‌دا بێ. ئه‌و هێزه پێویسته له‌سه‌ربازانی وڵاتی جۆراوجۆری دنیا به تایبه‌تی وڵاتانی موسڵمان پێک بێ.

- ئه‌نترناسیونال سوسیالیست شێلگیرانه پشتیوانی له هه‌وڵ و خه‌بات بۆ جێگیرکردنی رێژیمێکی دیموکراتیکو لائیک له ناوچه‌و ئێران‌دا ده‌کا و داوا له کاربه‌ده‌ستانی رێژیمی ئێران ده‌کا چاوه‌ڕوانی‌یه‌کانی کۆمه‌ڵگای نێونه‌ته‌وه‌یی له بواری رێزگرتن بۆ مافه‌کانی مرۆڤ و مافه مه‌ده‌نی‌یه‌کان‌و هه‌روه‌ها له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ مه‌سه‌له‌ی به‌رهه‌مهێنانی ناوکی دا وه‌دی بێنێ.

- داوا له ئیسرائیل و فه‌له‌ستینی‌یه‌کان ده‌کا توندوتیژی و کوشتنی خه‌ڵکی بێدیفاع وه‌لانێن‌و "نه‌خشه‌ی رێگا" به‌جێ بگه‌یه‌نن. هه‌روه‌ها داوا له یه‌کیه‌تیی ئورووپا ده‌کا له رێگای رێککه‌وتننامه‌یه‌کی تایبه‌تی‌یه‌وه ئیسرائیل و فه‌له‌ستین و ئۆردۆن بێنێته نێو بازاڕێکی هاوبه‌ش.

- ئه‌نتێرناسیونال سوسیالیست له‌و باوه‌ڕه‌دایه که ده‌بێ زۆرتر له رێگای سیاسی و ئابووری‌یه‌وه‌و نه‌ک له رێگای نیزامی‌یه‌وه خه‌بات له دژی تیرۆریزم بکرێ و له‌و پێناوه‌دا پێویسته بۆ نه‌هێشتنی هه‌ژاری‌و جێگیر کردنی نه‌زمێکی دیموکراتیک له جیهان‌دا تێ‌بکۆشرێ.

- پێویسته کێشه‌و گیروگرفته گه‌وره‌کانی ئه‌مڕۆی دنیا به شێوه‌ی گلۆباڵ وڵامیان بدرێته‌وه‌و بۆ ئه‌وه ده‌بێ رێکخراوه‌نێونه‌ته‌وه‌یی‌یه‌کان به‌تایبه‌تی نه‌ته‌وه‌یه‌کگرتووه‌کان ریفورم بکرێن بۆ ئه‌وه‌ی چالاکترو بڕیارده‌رتر بن.

- بازرگانی هه‌ر له‌و کاته‌دا که ده‌بێ ئازاد بێ، پێویسته هه‌م عادڵانه بێ‌و هه‌م ئامانجه‌کانی مافی مرۆڤ، ژینگه‌و گه‌شه‌کردنی پایه‌دار وه‌به‌رچاو بگرێ.

ئه‌نتێرناسیۆنال سۆسیالیست پێشنیار ده‌کا که نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان ئه‌نجومه‌نێکی ئاسایش بۆ کاروباری ئابووری‌و کۆمه‌ڵایه‌تی‌و ژینگه دابمه‌زرێنێ‌و هه‌روه‌ها رێکخراوی نێونه‌ته‌وه‌یی ژینگه ساز بکرێ. جگه له‌وانه‌ش ده‌بێ بایه‌خی زیاتر به نه‌خشی رێکخراوه غه‌یره ده‌وڵه‌تی‌یه‌کان به تایبه‌تی له چوارچێوه‌ی فۆرۆمی کۆمه‌ڵایه‌تی جیهان بدرێ.

- به باوه‌ڕی ئه‌نتێرناسیۆنال سۆسیالیست پێویسته له ئه‌فریقاو ئاسیاو ئه‌مریکای لاتینیش ره‌وتی ئینتگراسیۆنی ناوچه‌یی‌و رێکخراوی نێوده‌وڵه‌تی‌و جه‌مسه‌ری گه‌شه بکه‌ن. ئه‌و ئینتێگراسیۆنه نابێ ته‌نیا ئابووری بێ به‌ڵکوو ده‌بێ سیاسییش بێ.

- به‌جێ‌یه ئه‌و کۆڕی هاریکاریه‌ی ئاشتی که له ناتۆ له‌گه‌ڵ وڵاتانی پێشووی سۆڤییه‌تی پێک هێناوه بره‌وی پێ‌بدرێ‌و ئیبتکاری له‌م بابه‌ته وڵاتانی مێدیترانه‌و رۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاستیش بگرێته‌وه.

- ئه‌نتێرناسیۆنال سۆسیالیست له کاندیداتۆریی تورکیه بۆ نێو یه‌کیه‌تیی ئورووپا پشتیوانی ده‌کا.

* * *

## ده‌قی قسه‌کانی هاوڕێ ئاسۆی حه‌سه‌ن زاده له کۆبوونه‌وه‌ی کومیته‌ی ئه‌نترناسیونال سوسیالیست بۆ ئاشتی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ دا

**جه‌نابی سه‌رۆک!**
**ئاغای سکرتێری گشتی!**
**به‌شدارانی به‌ڕێز!**

به‌خته‌وه‌رم که ده‌رفه‌تی ئه‌وه‌م هه‌یه له‌لایه‌ن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانه‌وه سه‌باره‌ت به بابه‌ته‌کانی ئه‌مجاره‌ی ده‌ستووری کاری ئه‌نترناسیۆناڵ سۆسیالیست‌قسه‌بکه‌م. ئه‌گه‌رچی مه‌سه‌له‌ی وڵاتی ئێمه ئێران به‌شێک نیه له سووژه‌کانی کۆبوونه‌وه‌ی ئیستانبوڵی کۆمیته‌ی ئاشتی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ، به‌ڵام پێم وایه بۆ ئه‌وه‌ی باس و بڕیاره‌کان به‌به‌رهه‌م و سه‌رکه‌وتوو بن، پێویسته ته‌نیا به ته‌وه‌رێکی گشتی و رۆخی‌یه‌وه نه‌چه‌سپین و به‌جێیه له‌نزیکه‌وه بڕوانینه هه‌موو لقوپۆپ و بڕگه تایبه‌تی‌یه‌کانی بابه‌ته ئه‌سڵی‌یه‌که‌مان که مه‌سه‌له‌ی عیراقه.

ئاڵۆزی‌یه‌کانی ئه‌مڕۆی عیراق و به‌گشتی رۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست له‌پێشدا ئه‌نجامی کارتێکه‌ریی کۆمه‌ڵێک هۆکاری ده‌ره‌کی و بوونی کۆنتێکستێکی ناوچه‌یی‌یه که ئێران به‌شێکی زۆر گرینگیه‌تی. ئه‌من سه‌ره‌تای قسه‌کانم بۆ خستنه‌ڕوویه‌کی سه‌رپێیی فاکته‌ری ئێرانی و نه‌خشی مه‌نفی و شێوێنه‌ری کۆماری ئیسلامی له ئاڵوگۆڕه‌کانی عیراق‌دا ته‌رخان ده‌که‌م و پاشان هه‌وڵ ده‌ده‌م ئه‌و مه‌سه‌له‌یه به دوو فایلی دیکه‌وه گرێ بده‌م که هه‌رسێکیان به‌سه‌ریه‌که‌وه هه‌ڵقوڵاوی فه‌لسه‌فه‌ی زاتیی کۆماری ئیسلامین و ده‌کرێ سزانامه (کیفرخواست)ێکی زۆر چڕوپڕیان به‌دژی ئه‌و رێژیمه پێ ساز بکرێ.

ئه‌گه‌ر که‌سێک هاتبا وتارێکی له‌سه‌ر نه‌خشی کۆماری ئیسلامی له عیراق‌دا و به‌گشتی کاراکتێری ئه‌و رێژیمه نووسیبا، ده‌ی‌توانی ناوی وتاره‌که‌ی بنێ هه‌قیقه‌تی بێکه‌س یا هه‌قیقه‌تی ناکام، واته راستی‌یه‌ک که هه‌موو لایه‌ک ده‌ی‌بینن و دانی‌پێدا ده‌نێن، به‌ڵام که‌س خۆی لێ ناکا به سه‌حه‌ب و ئاکامگیری‌یه‌کی به‌کرده‌وه‌ی ئه‌وتۆی لێ وه‌رناگیرێ.

هه‌روه‌ک ده‌زانن به‌ر له شه‌ڕی عیراق سه‌رۆکی وڵاته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکا رێژیمی ئێرانی خسته نێو ته‌وه‌ره‌ی خراپه و زۆر که‌س و لایه‌ن پێیان وابوو که پلانی تازه‌ی ئه‌مریکا بۆ ناوچه راماڵینی ده‌سه‌ڵاتی مه‌لاکانیش ده‌گرێته خۆی. ئه‌گه‌ر ئه‌و شته رووی نه‌دا، ره‌نگه هۆیه‌که‌ی پێش هه‌موو شتێک بگه‌ڕێته‌وه سه‌ر سه‌رنه‌که‌وتنی مه‌یدانیی ئه‌مریکا له عیراق. راسته هه‌م ئه‌نترناسیۆناڵ سۆسیالیست موخالیفی ده‌خاله‌تی نیزامیی یه‌کلایه‌نه و ناقانوونیی ئه‌مریکا له عیراق بوه و هه‌م حیزبی ئێمه‌ش به راشکاوی گوتوویه‌تی که به پله‌ی یه‌که‌م خوازیاری دووپات‌بوونه‌وه‌ی سیناریۆیه‌کی وێکچووی عیراق له ئێراندا نیه، به‌ڵام له‌و بڕوایه‌دام که تێڕاچوونی خراپی ئه‌مریکا له عیراقدا و دامرکانه‌وه‌ی ئێستای ترس و نیگه‌رانی‌یه‌کانی کاربه‌ده‌ستانی ئێرانی ئیسلامی سه‌باره‌ت به‌هه‌رمانی رێژیمه‌که‌یان ته‌نیا شکستی سه‌رۆک بووش نیه، به‌ڵکوو ده‌بێ وه‌ک زه‌برێک چاوی لێ بکرێ که به‌و ئامانج و به‌هایانه ده‌که‌وێ که ئه‌نترناسیۆناڵ سۆسیالیستیش داکۆکی‌یان لێ‌ده‌کا.

ئه‌مڕۆ گه‌وره‌ترین هه‌ڕه‌شه و ئه‌سته‌م‌ترین کۆسپی سه‌ر رێگای هێمنایه‌تی و دێموکراتیزاسیۆن له عیراق تێرۆریزمه. خه‌باتیش به‌دژی تێرۆریزم ده‌توانێ زۆر شێوه به‌خۆیه‌وه بگرێ، به‌ڵام به‌بێ ریشه‌دۆزی‌یه‌کی ئازایانه‌ی سه‌رچاوه‌کانی تێرۆریزم، هیچ چه‌کێک ناتوانێ ئه‌و دێوه‌زمه‌یه له‌پێ بخا. ئه‌مڕۆ تێرۆریزم له عیراق وه‌ک کاریگه‌رترین ئامرازی شکاندنی ئه‌مریکا و ئه‌زموونی نوێی سیاسی به‌کار ده‌برێ. ساده‌ترین مه‌نتیق به ئێمه ده‌ڵێ که ئه‌وه ئامانجی سروشتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشه، به‌چه‌شنێک که زۆر له کاربه‌ده‌ستانی وه‌ک سه‌رکۆماری پێشووی رێژیم ته‌نانه‌ت به ئاشکراش گوتوویانه و ئه‌و شته له ده‌زگاکانی راگه‌یاندنی کۆماری ئیسلامیشدا به‌ڕوونی به‌دی ده‌کرێ.

کۆماری ئیسلامیی ئێران له‌و کاته‌وه که عیراق ئازاد کراوه، به گرتنه‌پێشی سیاسه‌تێکی دژبه‌یه‌ک و فره رووخسار هه‌وڵی داوه له‌نێوه‌رۆکدا ئه‌وپه‌ڕی یارمه‌تی به شکستی ئه‌مریکا و سه‌رنه‌گرتنی دێموکراتیزاسیۆن بکا به‌بێ ئه‌وه‌ی له‌رواڵه‌تدا کارێک بکا که کۆمه‌ڵگای ده‌ره‌وه به شێوه‌یه‌کی چاره‌نووسی له خۆی بهارووژێنێ. رێژیمی ئێران به‌ره‌سمی خۆی وه‌ک پشتیوانێکی ئه‌زموونی ئنتیقالی و ته‌نانه‌ت وه‌ک نێوبژیوانێکی باشی پشت په‌رده نیشان داوه، به‌ڵام له‌ژێره‌وه هه‌ر له‌وکاته‌دا که هه‌وڵی داوه له‌باری سیاسی‌یه‌وه شوێنه‌واری مه‌ترسیدار له‌سه‌ر عونسوری شیعه‌ی عیراق دابنێ، به‌کرده‌وه‌ش ته‌غزیه‌ی ئینسانی، ماڵی و لۆژیستیکیی تاقمه تێرۆریسته‌کانی کردوه و له‌رێگای بنیاته به‌ناو خێرخوازه ئیسلامی‌یه‌کانیشه‌وه هه‌رمانی سه‌رهه‌ڵداوانی موقته‌دا سه‌دری ده‌سته‌به‌ر کردوه.ئه‌مه راستی‌یه‌کی حاشاهه‌ڵنه‌گره و به‌ڵگه‌ی زۆرن و بۆ نموونه ده‌توانم ئاماژه بکه‌مه وته‌کانی به‌رپرسی پێشووی سرویسه نهێنی‌یه‌کانی ئێران له عیراق له وتووێژی له‌گه‌ڵ رۆژنامه‌ی "الشرق الاوسط"دا، قسه‌ی هێندێک له لێپرسراوانی ئه‌زموونی ئنتیقالی و نیازی ده‌رکردنی هێندێک مه‌ئمووری ئیتلاعاتیی ئێران له عیراق، لێکۆڵینه‌وه‌ی زۆر سه‌رچاوه‌ی موعته‌به‌ری رۆژنامه‌گه‌ریی وه‌ک واشینگتۆن پۆست و واڵ ستریت جورناڵ له‌سه‌ر که‌ین و به‌ینه به‌رده‌وامه‌کانی رێژیم و ئه‌لقاعیده، راپۆرتی مانگی مای وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریکا که ئێران به گه‌وره‌ترین پشتیوانی تێرۆریزم له‌قه‌ڵه‌م ده‌دا، قسه‌کانی وه‌زیری نێوخۆی ئاڵمان سه‌باره‌ت به پێوه‌ندیی ئێران به‌و گرووپه تێرۆریستی‌یانه‌ی له وڵاتانی ئورووپاییدا کار ده‌که‌ن، راپۆرتێکی وه‌زاره‌تی دیفاعی ئیتالیا، ئاکامگیری‌یه‌کانی به‌شێکی به‌رچاو له لێکۆڵینه‌وه پۆلیسی‌یه‌کانی ته‌قینه‌وه‌کانی عیراق و هه‌روه‌ها رووداوه‌کانی سنووری نێوان ئێران و عیراق.

له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا به‌داخه‌وه رێژمی ئێران به‌و جۆره‌ی ده‌بێ مامه‌ڵه‌ی ئازایانه‌ی له‌گه‌ڵ نه‌کراوه و جۆرێک هه‌ستی خاترجه‌می له‌دڵی کاربه‌ده‌ستانی رێژیمدا پێک‌هاتوه، به چه‌شنێک که هه‌روه‌ک دیتمان چه‌ند رۆژ له‌مه‌وبه‌ر به ئاشکرا رێوره‌سمی بانگه‌واز و ناونووسی بۆ ئه‌نجامدانی کرده‌وه‌ی خۆکوژی‌له عیراق و ئیسرائیلیان له تاران به‌ڕێوه برد و له مه‌سه‌له‌ی به‌دیل گیرانی مارینه بریتانیایی‌یه‌کانیشدا له‌وپه‌ڕی ته‌که‌ببور و له‌خۆڕادیوی‌دا بێحورمه‌تی‌یان پێ‌کردن و قسه‌یان له دادگایی‌کردنیان کرد.

فایلێکی ره‌شی دیکه‌ی کۆماری ئیسلامی له ئاستی نێونه‌ته‌وه‌یی‌دا که پێم خۆشه لێره‌دا به کورتی ئیشاره‌ی پێ بکه‌م مه‌سه‌له‌ی به‌رهه‌مهێنانی ناوه‌کی و پرۆژه‌ی ئێران بۆ ده‌ست‌راگه‌یشتن به چه‌کی ئه‌تۆمی‌یه. به‌داخه‌وه بڕیارنامه‌ی حه‌وتووی رابردووی ئاژانسی نێونه‌ته‌وه‌یی وزه‌ی ئه‌تۆمی مێکانیزمی سپاردنی سیستماتیکی ئه‌و په‌روه‌نده‌یه‌ی به ئه‌نجوومه‌نی ئاسایشی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان تێدا نه‌هاتوه.ئه‌وه له‌حاڵێکدایه که ئیدی که‌س گوومانی له بوونی ئۆرانیۆمی خۆشکراو و ده‌زگای سانتریفوژی P2 و هه‌وڵی به‌ده‌ستهێنانی پلۆتۆنیۆم له ئێران نیه و هه‌وڵی کاربه‌ده‌ستانی رێژیمیش له‌سه‌ره‌تاوه تا ئێستا هه‌ر شاردنه‌وه‌ی راستی‌یه‌کان و کاتکوژی بوه. هه‌ربۆیه کۆمه‌ڵگای نێوده‌وڵه‌تی پێویسته جارێک بۆ هه‌میشه به‌خۆی بڵێ که له‌و بواره‌شدا له‌گه‌ڵ رێژیمێکی نیازخراپ و بێ‌دیسیپلین به‌ره‌وڕوویه که ناکرێ هیچ متمانه‌یه‌کی پێ‌بکرێ و هه‌رچه‌شنه چاوپۆشی‌یه‌کی ئه‌مڕۆ ده‌توانێ سبه‌ینێ ئاکامی قه‌ره‌بوو نه‌کراوی به‌دواوه بێ.

دوایین بڕگه له کارنامه‌ی کۆماری ئیسلامی که ده‌مه‌وێ له‌قاوی بده‌م مه‌سه‌له‌ی دێمۆکراسی و مافی مرۆڤه. ئه‌و مه‌سه‌له‌یه ته‌نیا کێشه‌ی هاونیشتمانانی ئێران نیه، چونکه رێزگرتن له مافه‌کانی مرۆڤ و ئیراده‌ی خه‌ڵک بنه‌مای نێونه‌ته‌وه‌یی‌یان هه‌یه.جگه‌له‌وه‌ش به ئه‌زموون ده‌رکه‌وتووه له ئه‌مان دابوونی رێژیمه سه‌ره‌ڕۆکان له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ په‌روه‌نده نێونه‌ته‌وه‌یی‌یه‌کانیان هه‌میشه ده‌ستیان بۆ سه‌رکوتی نێوخۆیی ئاوه‌ڵاتر ده‌کاته‌وه.له‌لایه‌کی دیکه‌وه ته‌نیا کاتێک کۆمه‌ڵگای نێونه‌ته‌وه‌یی له شه‌ڕی سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی ناسالمی رێژیمێکی وه‌ک ئێران رزگاری دێ که له نێوخۆدا نیهادی سیاسیی لێپرسراو و دێموکراتیک حوکم بکه‌ن.

لێره‌شدا پێویست ناکا بچمه نێو جوزئیاته‌وه و راستی‌یه‌کان بۆخۆیان هاوار ده‌که‌ن. به‌پێی هێندێک راپۆرتی ئه‌مساڵی وه‌ک هی رێکخراوی نێونه‌ته‌وه‌یی لێبوردن، په‌یامنێرانی بێ‌سنوور و هیومن رایتس واچ و ئاکامگیری‌یه‌کانی سه‌فه‌ری ئامبنی لیگابۆ بۆ ئێران، له یه‌ک ساڵی رابردوودا له ئێران‌دا ١٨٨ ئێعدام به‌ڕێوه‌چوون که چه‌ند ئه‌ندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان له‌نێودایه، ١٩٨ که‌س له‌ئاپۆرای گشتی‌دا شه‌للاقکاری کراون، ده‌ستی ١١ که‌س بڕدراون، ٣٥ بڵاوکراوه داخراون، ئێران له بواری زه‌وت‌کردنی ئازادی بیروڕا له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌تانی وه‌ک چین و کۆره‌ی باکوور و کووبا له کێبه‌رکێ‌دابوه، به ده‌یان رۆژنامه‌وان و که‌سایه‌تی و ته‌نانه‌ت نوێنه‌ری مه‌جلیس له‌گه‌ڵ گیران، ته‌عقیب و ته‌نانه‌ت لێدان به‌ره‌وڕوو بوون و سه‌دان خوێندکاری خۆپێشانده‌ر له زیندانه‌کان په‌ستێندراون.

راستی‌یه‌کی پێویسته کۆمه‌ڵگای ده‌ره‌وه بیسه‌لمێنێ ئه‌وه‌یه که کۆماری ئیسلامی له‌بنه‌ره‌تڕا رێژیمێک نیه که ئیستعدادی ریفۆرمی دێموکراتیکی تێدابێ؛ قسه‌که‌رێکی رێکخراوی چاوه‌دێری مافی مرۆڤ له‌و باره‌وه راده‌گه‌یه‌نێ که دۆخی مافی مرۆڤ له ئێران پاش هاتنه سه‌رکاری "ریفۆرمخوازه‌کان" خراپتر بوه و له‌و پێوه‌ندی‌یه‌دا ئه‌منیش پێم خۆشه بێنه و به‌ره‌ی گه‌ڵاڵه‌کانی ئازادیی بڵاوکراوه‌کان و لابردنی ته‌بعیز به‌دژی ژنان و نه‌هێشتنی شکه‌نجه، و هه‌روه‌ها فرتوفێڵه زۆرداری‌یه‌کانی هه‌ڵبژارنه‌کانی مه‌جلیسی حه‌وته‌م و به‌کورتی شکستی ئیده‌ی ریفۆرمی ده‌روون حکوومه‌تی وه‌بیر بێنمه‌وه.

هێندێک له سه‌رچاوه و ناوه‌نده‌کانی دیفاع له مافی مرۆڤ له‌م دوایی‌یانه‌دا ره‌خنه‌یان له سیاسه‌تی ئورووپا ده‌رهه‌ق به کۆماری ئیسلامی گرت. ئێمه‌ش هه‌ر پێمان وایه که ئه‌و سیاسه‌ته له شکڵی ئێستای‌دا سیاسه‌تێکی نه‌زۆک و بێ‌به‌رهه‌مه. رۆژی٢٠ی ئه‌م مانگه یه‌کیه‌تیی ئورووپا بۆ یه‌که‌م جار بڕیارنامه‌یه‌کی مه‌حکوومکردنی راشکاوانه‌ی کۆماری ئیسلامیی په‌سند کرد و گه‌شه‌پێدانی پێوه‌ندی‌یه‌کانی دوولایه‌نه‌ی به رێزگرتنی رێژیمی ئیسلامی له مافه‌کانی مرۆڤ به‌سته‌وه. وێڕای پێشوازی له‌و هه‌نگاوه، ده‌بێ قسه‌ی وته‌بێژی وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئێرانتان له‌وباره‌وه وه‌بیر بێنمه‌وه که گوتی ئێران هیچ مه‌رجێک قبووڵ ناکا. به‌داخه‌وه ئورووپایی‌یه‌کان و له‌پێش هه‌مووان ئاغای سۆلانا هێشتا پێیان وایه به دوو

بۆ لاپه‌ره‌ی ٤

# هەواڵەکان

**مەهاباد ـ پیرانشار**

## هەڵکوتانە سەر ماڵی خەڵك

ماوەیەك لەمەوبەر ، هێزەکانی سوپای پاسداران بە هاوکاریی بەشی ئیتلاعاتی سوپاو بەبێ ئاگاداریی پێشوو، هەڵیانکوتایە سەر چەند ماڵ لە شارەکانی مەهاباد و پیرانشار بەو بیانوویە کە بەدوای چەكدا دەگەڕێن. لەو گەڕانو پشکنینە نایاساییەدا وێڕای ئەوەی زۆریان بێحورمەتیی بە خاوەن ماڵو بنەماڵەکانیان کرد، هێندێ شتومەكو بەرگەوسەنەدی شەخسیی ئەو خاوەن ماڵانەشیان لەگەڵ خۆیان برد.

**سەلاس باوەجانی**

## تەقەکردن لە کاسبکاران

ڕۆژی یەكشەمۆ ٢٠ی جۆزەردانی ١٣٨٣ی هەتاوی، دوو کاسبکاری کۆڵبەر بە ناوەکانی مووسا ڕەمەزانیو ئەکبەر ڕەمەزانی لە چیای "بێزمان" کەوتنە کەمینی هێزەکانی سوپاو تەقەیان لێکرا. لە ئاکامدا بەداخەوە مووسا کوژراو ئەکبەریش دەستگیر کرا. پێویستە بگوترێ ئەم دوو کاسبکارە کۆڵبەرە خەڵکی سەلاس باوەجانی بوون.

**نەغەدە**

## تێکهەڵچوون لە نێوان هێزەکانی ڕێژیم

چەند ڕۆژ لەوەپێش هێزەکانی بەناو ئینتیزامی لە ئاوایی "چیانە" تووشی تێکهەڵچوون لەگەڵ یەکتر هاتنو تەقەیان لە یەکتر کرد. لە ئاکامدا گرووهبانێك کوژراو کەسێکی دیکەی سەر بە هێزەکانی ڕێژیمیش بریندار بوو.

**میاندوئاو**

## باج ئەستاندن لە خەڵك

ماوەیەکە تیمی موبارزە لەگەڵ کەلوپەلی قاچاغ لە میاندواو بە بیانووی جۆراوجۆر ئەو ماشینانەی کە لە بۆکانەوە بەرەو تەورێز دەچن، ڕادەگرنو لە خاوەنەکانیان دەستێننو ماوەی ١٥ تا ٢٠ ڕۆژ بۆ کاری تایبەتیی خۆیان کەڵکیان لێوەردەگرنو پاش دانەوەشیان بە خاوەنەکانیان ٥٠ هەزار تمەنیان باج لێ دەستێنن. تا ئێستا ژمارەی ئەم ماشینانەی کە بەم جۆرە لە خاوەنەکانیان ئەستێندراون لە ٣٠ دەزگا تێپەڕیوە.

**مەهاباد**

## هێرشی جاشەکان بۆ سەر ماڵی خەڵك

ئێوارەی ڕۆژی سێشەمۆ ٢ی پووشپەڕ، ژمارەیەك لە جاشەکان هەڵدەکوتنە سەر ماڵی کەسێك بە ناوی یووسفی لە شەقامی سەلاحەدینو بێحورمەتیێکی زۆر بە ئەندامانی بنەماڵەکە دەکەنو دەرگاو پەنجەرەی ماڵەکە دەشکێننو چەند کەس لە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیش بریندار دەکەن. خەڵکی شار بە دەنگو هاواری ئەو بنەماڵەیەوە جەچنو لە ئاکامدا لە نێوان خەڵكو جاشەکان تێکهەڵچوون ساز دەبێ، هەرچەند پاش ماوەیەك بەرواڵەت وەزعەکە ئارام دەبێتەوە، بەڵام جاشەکان سەرلەنوێ تێهەڵدەچنەوەو بە چەکەوە بە ناو شارو شەقامەکاندا دەگەڕێنو دووبارە هێرش دەبەنە سەر ئەو بنەماڵەیە، لەو ڕووداوانەدا چەند کەس بریندار بوونو هێزەکانی ڕێژیمیش جۆرێك حکوومەت نیزامی بەڕێوە دەبەن.

**شەبستەر**

## مانگرتنی کرێکاران

خاوەن کورەخانەکانی شەبستەر لە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات کە سەدان کورد کاریان تێدا دەکەن، لەم دوایانەدا خۆیان لە دانی مووچەی کرێکاران بواردووەو بەم هۆیەوە کریکارەکانیش چەند ڕۆژ لەوەپێش دەستیان بە مانگرتن کرد. هەرچەند بەدوای ئەو مانگرتنەدا مووچەی کرێکارەکانیان دا، بەڵام بەشێك لە حەقدەستەکەیان لێبڕیونو لە جیاتی ٤٠٠٠ تمەن ٣٠٠٠ تمەنیان بۆ حیساب کردوون. بەوحاڵەش خاوەن کورەخانەکان هێزەکانی ڕێژیمیان وەسەر ئەم کرێکارانە گێڕاوە کە گۆیا ئاژاوەیان ناوەتەوە. هێزەکانی ڕێژیمیش بە نۆرەی خۆیان کرێکارەکانیان جەریمە کردووەو بەشێك لەو حەقدەستەشیان وەك باج لێئەستاندوون.

**بریتانیا**

## کۆبوونەوەی پرۆژەی ژنی کورد

لە ڕێکەوتی ٢٢ی ژوئەنی ٢٠٠٤، کۆبوونەوەی پرۆژەی ژنی کورد لە "میل بانك هاوس ئۆف لۆرد" بەڕێوەچوو. سەرپەرستی کۆبوونەوەکە بە دەست لۆرد ئیفبریەوە بوو لەپێشدا بەڕێزیان لەگەڵ بەخێرهاتنی میوانەکان ڕاپۆرتێکی لەسەر ژنان بە گشتیو بەتایبەتی ژنی کورد پێشکەش کرد. لە پاشان داوای لە خاتوو بارنۆس هێلێنە کینێدی کە یەکێکە لە بەناوبانگترین وەکیلەکانی بریتانیاو کووین چانسلەرە (کەسایەتییەك کە لە پارلمان حەقی ڕەئی هەیە) کرد، لەم بارەوە بدوێن.

خاتوو کنێدی بە درێژی لەسەر ژنانی زۆربەی وڵاتانی دنیا، بەتایبەت ئێران، تورکیە، سوریە، عێراق، میسر، سودان، یونانو. . . قسەی کرد، دوابەدوای ئەو خاتوو شنەی هیدایەتی وتاری پرۆژەی ژنی کوردی پێشکەش کرد، بەدوای ئەودا خاتوو دوکتور ئەنکی ستۆك وتارێکی خوێندەوە، بەدوای خاتوو ستۆك، خاتوو نەجیبە مەحموود وتارێکی لەسەر ژنانی کوردستان پێشکەش کردو ئاماژەی بە چارەنووسی ئەو کچانە کرد کە لە کاتی دەسەڵاتداریی سەدامو حکوومەتەکەی بە کارەباکانی میسر فرۆشراون، لەم پێوەندییەدا نامەیەك بۆ سۆزان مبارەك خێزانی حوسنی موبارەك، سەرۆك کۆماری میسر بەرێ کرا کە تێیدا داوایان لێکردوە کە یارمەتییان بدا بۆ پەیداکردو شناسایی کردنی ئەو کچانە. خاتوو سۆزانیش بەڵێنی هاوکاری داوە، هەروەها خاتوو خالیدە ئاگری بە نوێنەرایەتی خاتوو شیرین ئامێدی لەگەڵ بەخێرهاتنی میوانانو داوای لێبووردن لەوەی کە نەیانتوانیوە لەم کۆبوونەوەیەدا بەشدار بن، قسەی کرد.

ئاخرین وتەبێژی ئەم کۆڕە خاتوو منیرە موفتیزادە بوو کە باسێکی تیروتەسەلی لەسەر پێكهاتنی پرۆژەی ژنی کوردو سوپاسو پێزانینی لەو کەسانە کرد کە هاوکارو هاوڕێی بوون بۆ ئەم ئەرکە پیرۆزە، هەروەها نێوی ئەم ڕێکخراوو حیزبانەی خوێندنەوە کە پەیامیان ناردبوو. خاتوو منیرە لەو پێوەندییەدا سوپاسو پێزانینی خۆی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد بۆ پشتگیریو پشتیوانی هەمیشەیی لە ژنانی کوردستان ڕاگەیاند. بەشێکیتری کۆڕەکە تەرخان کرابوو بۆ پرسیارو وەڵامدانەوە.

دیارە لەلایەن بەڕێوەبەرانی ئەم پرۆژەوە، شەش ژن لە ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان لە سلێمانیو خوشکە خالیدە ئاگری بە نوێنەرایەتیی یەکیەتی ئافرەتانی کوردستان بەشداری ئەم کۆڕە بوون.

لەلایەن ئەم خوشکانەوە چەندین وێنەی ژنی کوژراو یان لوت بڕاوی کورد خرایە بەرچاوی بەشداران.

شایانی باسە کە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەم پرۆژەیە لە پارلمانی کوردستان لە هەولێر، ڕێکەوتی ١٢و جولای ٢٠٠٤ پێك دێت.

***

## کۆچی دوایی نیشتمانپەروەرێکی کورد

**ڕۆژی سێشەممە ٩ی پووشپەڕی ١٣٨٣ی هەتاوی، کاك خودادادی ئەکبەری، باوکی هاوڕێ فەرهاد ئەکبەری، کادری کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب، بەدوای گیرۆدەبوون بەدەست نەخۆشییەکی لەچارنەهاتوو، بەداخەوە لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی شاری سنە لە تەمەنی ٥٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.**

**کاك خوداداد کەسێکی خوشناوو خۆشەویستی دۆستو ئاشنایانیو هەروەها دڵسۆزی گەلو نیشتمانەکەی بووو هەربۆیەش کۆچی دوایی کاك خوداداد، خەمو پەژارەیەکی زۆری خستە سەر دڵی دۆستان، ئاشنایان، خزمو نزیکانییەوە.**

**بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە هاوڕێو هاوکارمان فەرهاد ئەکبەریو سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەی بەڕێزی دەکەینو خۆمان لە خەمو پەژارەیاندا بە شەریكو بەشدار دەزانین.**

**ڕۆحی شادو جێگای بەهەشتی بەرین بێ**

**نووسەران و کارگێڕانی "کوردستان**

درێژەی لاپەرە ٣

سەفەر و چوار دانیشتن دەتوانن خووخدەی ٢٥ ساڵ سەرەرۆیی کۆماری ئیسلامی بگۆڕن. کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەزۆر کۆنەوە بەناوی پشتیوانی لە چاکسازیی سیاسی سیاسەتی دیالۆگ و دەستەمۆ کردنی لەگەڵ ئێران بردۆتە پێش و تازەترین نموونەکان دووجار چاوپۆشی لە کردەوەکانی ڕێژیم لە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەککگرتووەکان بوە، بەڵام هەروەک دەبینین ئەو جۆرە ژێستانە تەنیا یارمەتیدەری هەرمانی دیکتاتۆڕی لە ئێران بوون و هیچی دیکە.

بەشدارانی بەڕێز!

لەمکۆبوونەوەیەدا زۆر ڕەخنە لە ئەمریکا و دەخالەتی نیزامی و سیاسەتی تەکڕەوی دەگیرێ و لەسەر ڕێزگرتن لە ئەسڵە بنچینەییەکانی مافی نێونەتەوەیی پێ دادەگیرێ. ئەمنیش لایەنگری لەژێرپێنانی مافی نێونەتەوەیی نیم، بەڵام پێم وایە هەر لەو کاتەدا ڕەواش نیە کە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بە هۆی ناهەماهەنگیی ستراتیژی و ڕکەبەریی قازانجپەرستانە و لە ئاکامدا هەڵوێستی نەرم و شل ناراستەوخۆ تەمەنی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان و ڕۆژگاری تاڵی گەلانی ژێردەستە درێژ بکەنەوە. ئامانجە پیرۆزەکانی دێموکڕاسی و مافی مرۆڤ کە ئیدئالی هاوبەشی هەمووماننە، ئاواتی سەربەستی و بەختیاریی خەڵکی وڵاتانی ناوچەی ئێمە، پێویستیی نەخشی کارامەی ئۆرووپا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراستدا و تەنانەت بەرژەوەندی ئەمنییەتی میللیی دەوڵەتانی ئۆرووپا، هەمووی ئەوانە ئەوە دەخوازێ کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بەتایبەتی دەوڵەتانی ئۆرووپایی لەگەڵ ئەو لایەنانەکە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و دنیای موسڵمانیان کردوە بە یانەی نەیاری (و کۆماری ئیسلامی لە سەرووی وانەوەیە) ئازایانەتر بجووڵێنەوە.


ئێمە پێمان وایە کە لە نێوان مەحکوومکردنی سەر کاغەز لەلایەک و دەخالەتی نیزامی لەلایەکی دیکەدا زۆر ڕێگای کاریگەر بۆ پشتیوانی کردنی بەکردەوە لە ڕەوتی ئازادیخوازی لە ناوچەی ئێمەدا هەن. هەروەک لە زۆر بواری وەک پاراستنی ژینگە و نەهێشتنی هەژاری و ...هتد دا، دێموکراتیزاسیۆنی ڕۆژهەڵاتی نێوەراستیش پێویستیی بە بڕێک گوزەشت، گوزەشتێکی کاتی، لە قازانجە ئابووریەکان هەیەو دەبێ ئەو پێوەندییە بازرگانییانەی شاڕەگی ڕێژیمە سەرەڕۆکان پێکدێنن لەلایەن دەوڵەتانی ڕۆژئاواوە تا ڕادەیەک بخرێنە نێو پەرانتێزەوە. ئەو کاتەیە کەهەم ئێمە دەتوانین بە ئازادی و دێموکڕاسی بگەین و هەم ڕۆژئاواش دەتوانێ لە کەشێکی سالم و سەقامگیردا پێوەندیی پایەدار و ئاسوودە لەبوارە جۆربەجۆرەکاندا لەگەڵ وڵاتانی ناوچەی ئێمە گەشە پێبدا و هەموومان پێکەوە بۆ وەدیهێنانی قازانجی گەلانی خۆمان و ئەو ئیدئالانەی مرۆڤایەتی کە باوەڕمان پێیانە لە درێژخایەندا بچینە پێش.

سوپاستان دەکەم.

***

## بیرەوەریی حەماسەیەكو شەهیدبوونی فەرماندەیەکی قارەمان

ئیبراهیم چووکەڵی



ڕۆژی ١٢ی پووشپەڕی ١٣٨٣ی هەتاوی، بیستەمین ساڵڤەگەڕی حەماسە خولقاندنی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەشتی "شارویران"، لە ناوچەی مەهابادو شەهیدبوونی "مەحەمەدئەمین بارام میرزا" ناسراو بە (چرچە) فەرماندەری بەوەجی هێزی بەیانو ٢٤ کەس لە هاوڕێیانیەتی.

ئەم چەند دێڕەی خوارەوە لەلایەك وەبیرهێنانەوەی یەکێك لە رووپەڕە پڕ لە فیداکاریو قارەمانەتییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە کە لەودا پۆلێکی دیکە لە ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان وێڕای تۆمارکردنی حەماسەیەك لە بەرگری لە خەڵکەکەیانو لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمدا گیانیان فیدای سەربەرزیو بەختەوەریی وڵاتەکەیان کردو هەروەها لە لایەکی دیکەشەوە دەرفەتێکە بۆ یادکردنەوە لە قارەمانەتیی یەکێك لە فەرماندە شەهیدەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

بیست ساڵ لەمەوبەر (١٢ی پووشپەڕی ١٣٦٣)، کات: بەرەبەری بەیانی، شوێن: دەشتی شارویران، ناوچەی مەهاباد

لەو ڕۆژەدا پێشمەرگەکانی هێزی "بەیان"و "پێشەوا"و ژمارەیەك لە شۆڕە لاوانی یەکیەتیی لاوان بۆ زەبرلێدان لە هێزەکانی ڕێژیم لە شوێنە دیاریکراوەکانیاندا جێگیر بوون. کاتژمێر ١٠ی بەیانیی ئەو ڕۆژە، ڕێژیم هەستی بە بوونی پێشمەرگەکان لەو ناوچەیەدا کردو هەربۆیە بۆ زەبرلێدان لە هێزی پێشمەرگە، بە هێزێکی پۆشتەو پەرداخەوە لە هەموو لایەکەوە هێرشی خۆی دەست پێ کرد.

هەموو نیشانەکان لە شەڕێکی خوێناوی دەدوانو هەموو ناوچەی شارویران هێزی کۆماری ئیسلامیی لێ مۆڵدرابوو. زۆریو پۆشتەو پەرداخیی هێزی کۆنەپەرستی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستانی دەویست لاپەڕەیەکی دیکە لە حەماسە خولقاندن بە مێژووی پڕ لە فیداکاریو گیانبازییەکەی زیاد بکا. ئەو جارەشیان لە بەربەرەکانییەکی سەختو خوێناویدا، فەرماندەرێکی لێهاتوو، ئازاو خاوەن بڕوا، ڕووبەڕووی تاقیکارییەکی سەختی دیکە بۆوە. ئەو دەبوو ئەمجارەش لێهاتوویيو ئازایەتیو بڕوای قووڵی بە ئامانجەکانی حیزبو گەل بسەلمێنێتەوەو بە فیداکاریو گیانبازیو فەرماندەیی لێزانانەی لەم شەڕەشدا چۆك بە دوژمنی پەلاماردەر دابدا.

هەروەك چاوەڕوان دەکرا، پارێزەرانی گەل، پێشمەرگەکانی کوردستان، توانییان لە شارویرانیش وەك باقیی شوێنەکانی دیکەی کوردستان هێزی دژی کوردو دژی ئازادیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە شەڕێکی ١١ ساعەتەدا تێك بشکێننو بەم چەشنە لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکە لە حەماسە، فیداکاریو گیانبازی لە پێناوی پاراستنی نیشتمانو بەرگری لە ئازادیدا بە مێژووی سەراسەر حەماسەو فیداکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان زیاد بکەن.

لەو بەربەرەکانییە گەورەیەدا کە بە شکانی هێزە پەلاماردەرەکانی ڕێژیمو کوژرانی ٨٠ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کۆتایی هات، ٢٥ ڕۆڵەی کوردو پێشمەرگەی دێموکرات کە لە نێویاندا فەرماندەری بەوەجو قارەمانی هێزی بەیان "چرچەی بارام میرزا" بەدی دەکرا بە خوێنی خۆیان ڕەوایی بزووتنەوەی کوردیان سەلماندەوەو ئیرادەی پۆڵایینی پێشمەرگەیان لە بەرەنگاری لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیمدا جارێکی دیکەش بە خەڵکی کوردستانو هەموو ئازادیخوازانی ئێران نیشان دایەوە.

چ چ چ

مەحەمەد ئەمین بارام میرزا (چرچە)، ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە دایك بوو. وەك زۆربەی منداڵانی کورد، هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ ئازار، مەینەتیو ژێردەستیی گەلەکەیدا ئاشنا بووو، تا گەورەتر دەبوو ئەو ڕاستییانەی زیاتر بۆ دەردەکەوتن، زیاتر بیری بەربەرەکانیی تێدا بەهێز دەبوو. دوای ئەوەی دەچێتە قوتابخانە، بە لێهاتووییەوە قوناخەکانی خوێندن دەبڕێو تا وەرگرتنی پلەی دیپلۆم درێژە بە خوێندن دەدا.

لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی، ئەویش وەك لاوێکی تازە پێگەیشتووو بەهەستو وریا، پێی نایە گۆڕەپانی کاری سیاسییەوە. لەگەڵ دەستپێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبو هێرشی ڕێژیمی ئاخوندە تازە بە دەسەڵات گەیشتووەکان بۆ سەر خەڵکی کوردستان، "مەحەمەد ئەمینی بارام‌میرزا" هەر زوو تێگەیشت کە پێویستە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کۆنەپەرستیو خەبات لە پێناوی دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان چەکی دیفاع لە گەلەکەی لە شان بکاو ڕوو لە بەرەکانی شەڕ دژی ڕێژیمی ئاخوندی بکا. "چرچە" لەم مەیدانەدا زۆر زوو کارامەو لێهاتوویيو دڵسۆزیی خۆی بۆ وەرگرتنی بەرپرسایەتیی قورس نیشان دا. جگە لەوەش "چرچە" لە ئەنجامدانی چەندین مەئموورییەتی سەرکەوتوانە لەنێو شاری مەهاباد، لەلایەك جێگای خۆی لەنێو هێزی پێشمەرگەو کۆمەڵانی خەڵك لە ناوچەدا کردەوەو لەلایەکی دیکەوە وای کرد هێزەکانی ڕێژیم نەترەیان لە ناوی بچێ.

پاش ئەوەی کاك هەژار وەك فەرماندەری هێزی پێشەوا دیاری کرا، چرچە وەك هاوڕێو قوتابیی ئەو فەرماندەرە گەورەیە، دەرسو ئەزموونی زۆی لێ وەرگرتو لە کردەوەشدا بە بەڕێوەبردنی چەندین عەمەلیاتی سەرکەوتوانە لە ناوچەکانی "چۆمی مەجیدخان، شاماتو شارویران" لێهاتوویی خۆی وەك فەرماندەیەکی بەتوانا نیشان دا. هەر لە سۆنگەی ئەو تایبەتمەندییە بەرزانەی کە هەیبوون، وەك فەرماندەری عەمەلیاتیی هێزی پێشەوا دیاری کرا.

دوای شەهیدبوونی کاك هەژار، چرچە وەك فەرماندەری لکی دووی هێزی پێشەوا دیاری کراو لەم بەرپرسایەتییەدا زیاتر لە پێشوو تواناییو لێهاتوویی خۆی وەك فەرماندەیەك دەرخستو لەو بەرپرسایەتییەشدا چەندین عەمەلیاتی سەرکەوتوانەی لە ناوچەی "چۆمی مەجیدخانو میاندواو" ئەنجام دان.

لە پاییزی ساڵی ١٣٦٢دا، وەرزێکی دیکە لە ژیانی قارەمانانەو بەرپرسایەتیی چرچەدا دەستی پێ کرد. لە پاییزی ئەو ساڵەدا ناوبراو وەك فەرماندەری هێزی بەیان دیاری کراو بەم چەشنە بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی پێشمەرگانەو فەرماندەرانەی خۆی ڕووی کردە ناوچەیەکی دیکەی کوردستان، تا لەوێش شوێنپەنجەی لە تۆمارکردنی لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی بەرگریی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە دیار بێ.

چرچەی بارام میرزا، لە ناوچەی بۆکانیش، هەروەك پێشوو بگرە زیاتریش قارەمانەتیی نواندو هەموو توانا و ئەزموونەکانی خستە کار بۆ ئەوەی لەم ناوچەیەشدا حەماسە بولقێنێو نەترەی هێزی پەلاماردەر بەرێ.

ئەو لە پلەی فەرماندەری هێزی بەیانیشدا فەرماندەرییو سەرەپەرەستیی چەندین عەمەلیاتی گەورەو سەرکەوتوانەی لە دژی هێزەکانی ڕێژیمی ئاخوندی کرد، سەرەنجامیش وەك فەرماندەری ئەو هێزە لە حەماسەی شارویراندا گیانی فیدای خاكو ئامانجە نەتەوایەتییەکانی کرد.

"چرچەی" بارام‌میرزا، فەرماندەیەکی خاکی، خەڵك خۆشەویستو خاوەن نەزمو دیسیپلینو ڕاستوێژ بووو تا دوا هەناسە بە ئامانجەکانی گەلەکەیو حیزبەکەی وەفادار بووو ئەو وەفاداریەشی بە فیداکردنی گیانی خۆی سەلماند.

لە کۆتاییدا جێگای خۆیەتی بە ڕێزو حورمەتەوە یادی٢٤ هاوسەنگەری شەهید "چرچە" بکەینەوە کە خوێنی خۆیان بۆ پارێزگاریکردن لە خەڵکی کوردستان بەخشی. ئەم شەهیدانەش بریتیبوون لە: ١ـ تاهیر خزری ٢ـ حسێن قادری ٣ـ جەعفەر کوێخا ژایل ٤ـ ئەمیر ڕەزایی ٥ـ خالید ئەحمەدپوور ٦ـ شێق ساڵە ٧ـ عەلی نووری ٨ـ خدر عەبباسی ٩ـ کەماڵی ئاقاوەلی ١٠ـ کەریم ئیداهیمی ١١ـ عوسمان دەروێشی ١٢ـ عەولا شەریفی ١٣ـ خالید سەرایی ١٤ـ مستەفا مەحەمەدی ١٥ـ حسەن وەحدوت ١٦ـ مەحەمەد ساڵح فەرەجی ١٧ـ سلێمان گوڵێنگ ١٨ـ جەعفەر ئیداهیمی ١٩ـ یووسف شەریفی ٢٠ـ برایم سالك ٢١ـ سەلاف شازدە ٢٢ـ عەلی سەرمایە ٢٣ـ سەید ژایل ئەندام ٢٤ـ موحسن گادانی.

بەرزو پیرۆز بێ یادی چرچەو ٢٤ هاوسەنگەرە شەهیدەکەیو ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانیان پڕ ڕێبوارتر بێ.

***

# لە پازدەساڵەی ئاوابوونی هەتاوێکدا

ئامادە کردنی: قادر وریا

**"هیچ نێعمەتێك لە جیهاندا لە ئازادی بەنرختر نیە. ئازادی کەرامەتو شەخسییەت دەدا بە ئینسانو، ڕێگا نادا بکرێ بە مۆرە. . . ئینسان دەبێ لە حاڵەتی مۆرە بێتەدەر. ببێتە شەخسییەت، ببێتە فەردێکی زیندووو چالاکی کۆمەڵ".**

**دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو**

لە ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵدا، ١٥ ساڵی تەواو بە سەر شەهید کرانی ڕێبەرو مامۆستای پایەبەرزی حیزبی دیموکراتو خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا رادەبرێ.

کارەساتی تیرۆری دوکتور قاسملوو لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوەو، جێگاو شوێنی ژیانو خەباتو شەهیدبوونی ئەو کەسایەتییە مەزنە لە حیزبی دیموکراتو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد دا، لەگەڵ ئەوەشدا کە تا ئێستا بە سەدان وتاری لەسەر نووسراوە، هەڵ دەگرێ زۆر پتری لە سەر بنووسرێ.

دوکتور قاسملوو بەو خزمەتە بەنرخانەی بە حیزبی دیموکراتو خەباتی شۆرشگێڕانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانی کردن، بەو بیروبۆچوونو ڕێوشوێنو پرنسیپە ئینسانی، دیموکراتیكو بەرزانەی هێنایە نێو خەباتی رزگاریخوازانەو شۆرشگێڕانەو، بەو نەخشە بێوێنەو بێهاوتایەی لە ڕێبەریکردنی حیزبی دیموکراتو بەرەوپێش بردنی خەباتی گەلەکەیدا هەیبوو، هەموو کات دەتوانێ سوژەو بابەتی نووسینو لێکۆڵینەوەی زانستیو ئاکادیمیك بێ.

لە بەرەبەری ١٥ ساڵەی شەهید بوونی ئەو مامۆستاو ڕێبەرە بە تواناو خۆشەویستەماندا و بە باشو پێویستی دەزانم لە جیاتی چوونە سەر بوارو لایەنەکانی دیکەی پێوەندیدار بە کارەساتی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، ئاورێك لە هەڵبژاردەیەك لە بیروبۆچوونو روانگەکانی بدەمەوە کە وەك هەمیشە دەتوانن ئیلهامدەرو ڕێنوێنی ڕێبوارانی ڕێگاکەیو تێکۆشەرانی حیزبەکەی بن. با ئەم وتەو بۆچوونو روانگانە، لە لێکدانەوەی هەلومەرجی سیاسیو، چۆنیەتیی بەرەوروو بوونەوە لەگەڵ ڕەوتی رووداو ئاڵوگۆرەکاندا، لە دانی بڕیاری گونجاوو دروستی سیاسیدا، لە چاوخشاندنەوە بە بەرنامەو پێرەوەی نێوخۆی حیزبدا، لە چارەسەرکردنی دیموکراتیكو بەرپرسانەی گیروگرفتە نێوخۆییەکانماندا و، لە هەنگاوانو خۆئامادە کردن بۆ بەجێگەیاندی ئەو ریسالەتو ئەرکانەی سەر شانی خۆمان و حیزبمانن ئیلهامیان لێوەربگرین.

با بیرەوەریی تاڵی لە دەستدانی ئەو ڕێبەرە مەزنە، بکەینەوە بە دەرفەتێك بۆ حزووری مەعنەویی خۆیو ڕێنوێنیو ئامۆژگارییەکانی لە کۆڕی تێکۆشەرانی حیزبدا.

بەم وتە جوانەی رۆژنامەنووسی ئیتالیاییو دۆستی لەمێژینەی قاسملووی مەزنو حیزبی دیموکرات، "میریلا گالیتی" کە تەعبیرێکە لە مەرگی دوکتوری نەمرو شەهید عەبدوڵڵا قادری ئازەر، هەڵبژاردەیەك لە وتە بەنرخەکانو روانگەو بۆچوونەکانی ڕێبەری شەهیدمان وەبیری ڕێبوارانی ڕێگاکەیو ئۆگرانی ئەم هەتاوەی ئازادی، دێنمەوە.

**"خۆرو مانگ کوژران، بەڵام ناویان تاهەتایە بەسەر تاقی دڵەکانمانەوە دەدرەوشێتەوە"**

**نابێ یەك هەنگاو بەرەو لەژێر پێنانی دیموکراسی بڕۆین.**

ئێمە دیموکراتینو دەبێ تا سەر دیموکرات بین. نابێ لەبیرمان بچێ کە ئەگەر هەنگاوێك بەرەو لەژێر پێنانی دیموکراسی بڕۆین، تازە بەرەو دیکتاتۆری رۆیشتووینو گەڕانەوە دژوارە.

**ئێمە دەبێ بۆخۆمان وڵاتی خۆمان ئازاد بکەین**

بەداخەوە لە رابردوودا، زۆر لە تێکۆشەرانی کوردستان ئەو چاوەڕوانییەیان هەبووەو وافێرکراون کە سۆویەتەکان دەبێ بێنو ئازادمان کەن. ئێستا حیزبی ئێمە ئەو راستییەی بۆ ئەندامانی خۆیو گەلی کوردو گەلانی دیکەی ئێران روون کردۆتەوە کە ئێمە خۆمان دەبێ وڵاتەکەمان ئازاد بکەین.



**دوکتور قاسملووی نەمر  لە نێو کۆڕی هاوڕێیانیدا، کۆنگرەی حەوتەم، کانی مێو سەرماوەزی ١٣٦٤**

نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە یەکیەتیی سۆویەت یا هەر کەسو هەر جێگایەکی دیکە لە دەرەوەڕا بێو دیموکراسیو خودموختاریمان بۆ وەربگرێ.

**سەربەخۆیی سەرمایەی گەورەی حیزبی دیموکرات**

دۆستایەتی لە روانگەی ئێمەوە ئەوە نیە کە هەرچی دۆستەکانمان گوتی، بڵێین بە چاوان! نابێ لەبیرمان بچێ کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، خاوەنی سەرمایەیەکی گەورەیە، ئەمەش هەر ئەو سیاسەتە سەربەخۆییە کە گرتوویەتە پێش. یەکێك لە رەمزەکانی سەرکەوتنی ئێمە هەتا ئێستا، هەر ئەم سیاسەتە سەربەخۆیە بووە. ئەو سیاسەتە چەوت بووبێو راست بووبێ، دەسکردی خۆمان بووە. چونکە پێمان وایە هیچ کەس بە ئەندازەی خۆمان لە واقعییاتی کۆمەڵی کوردستان شارەزا نیەو هەر بۆیە هیچ کەس لێوەشاوەیی بڕیاردانی لە جیاتی ئێمە نیە. هیچ ئۆرگانێك، چ هی وڵاتێکی تایبەتیو چ نێونەتەوەیی، حەقی ئەوەی نیە کە لە

**"هیچ نێعمەتێك لە جیهاندا لە ئازادی بەنرختر نیە. ئازادی کەرامەتو شەخسییەت دەدا بە ئینسانو، ڕێگا نادا بکرێ بە مۆرە. . . ئینسان دەبێ لە حاڵەتی مۆرە بێتەدەر. ببێتە شەخسییەت، ببێتە فەردێکی زیندووو چالاکی کۆمەڵ".**

بارەی ئێمەدا بە بێ ئێمە بڕیار بدا. هەر وەك ئێمەش ئەو هەقە بە خۆمان نادەین کە لە سەر وڵاتێکی دیکە بڕیار بدەین. نابێ قازانجی هیچ وڵاتێكو هیچ حیزبێکی دیکە، بۆ ئێمە ببێتە معیار، تەنیا بۆ ئێمە دەبێ قازانجی گەلانی ئێرانو گەلی کورد معیار بێو بەس. هیچ کەسیش لە خودی گەلانی ئێرانو گەلی کورد باشتر ناتوانێ ئەم قازانجە دیاری بکا.

**سەربەخۆیی بڕیاردان، میعیاری بنەڕەتی بۆ حیزبی دیموکرات**

با بەسەراحەت بگوترێ کە ئێمە بە خاتری دۆستایەتی قەت واز لە سەربەخۆییو قازانجی میللەتەکەمان ناهێنین. بەڵام لەبەر خاتری سەربەخۆییو قازانجی میللەتەکەمان ئەگەر پێویست بوو واز لە دۆستایەتی دەهێنین. کەوابوو میعیار بۆ ئێمە قازانجی حیزبو گەلی کوردو گەلانی ئێرانو سەربەخۆییمانە. میعیاری ئەساسیی سەربەخۆیی بڕیاردانە. دۆستایەتی دەکەین بەڵام لەگەڵ پاراستنی سەربەخۆیی. ئەگەر پێویست بوو دۆستایەتییەکە فیدای سەربەخۆیی دەکەین، بەڵام هەرگیز سەربەخۆیی فیدای دۆستایەتی ناکەین.

**کردەوەو تاقیکردنەوە دەبێ میعیاری راستیو دروستیی تیئۆری بێ**

تیئۆریی زانستی لە پاوانی هیچ کەسدا نیە . . . هەموو کەس دەتوانێ پەرەی پێبداو هەموو کەسیش دەتوانێ تەتبیقی بکاو کەسیش مافی ئەوەی نیە خۆی بکا بە حەکەم. میعیاری راستیو دروستیی تیئۆری، کتێب نیە. کردەوەو تاقیکردنەوەیە. تیئوریی کۆمەڵایەتی لە جەریانی تەتبیقدا راستو دروستیی خۆی نیشان دەدا. راستە کە واقعییەت سەرچاوەی تیئوری بووە. بەڵام چونکە واقعییەت هەمیشە لە گۆڕان دایەو هەلومەرجیش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە فەرق دەکا تیئوریش دەبێ بگۆڕێ. لە ئاخرەکەی دا میعیار تیئوری نیە، میعیار پراکتیكو واقعییەتە. ئەگەر تیئورییەك لەگەڵ واقعییەت ڕێك نەکەوت، واقعییەتی رەق بە زۆر ناچێتە نێو چوارچێوەی تیئورییەوە.

**سێ ئامانجی گەورە کە حیزبی دیموکرات خەباتیان بۆ دەکا**

حیزبی دیموکرات بۆ وەدیهێنانی سێ ئامانجی گەورە پێك هاتوەو خەباتیشیان بۆ دەکا. یەکەم لابردنی ستەمی نەتەوایەتییە. دووهەم لابردنی ستەمی چینایەتی یانی چەوساندنەوەی ئادەمیزادە. حیزبی ئێمە بۆ لابردنی هەموو چەشنە زۆرداریيەك تێدەکۆشێ. چەوساندنەوەش، ستەمی چینایەتییش بەشێکە لە زۆرداری. هەر بۆیەش لە بەرنامەی حیزبی ئێمەدا هاتوە کە بۆ لابردنی چەوساندنەوە خەبات دەکەین بۆ ئەوە کە هەموو چەوساندنەوەیەك واتە چەوساندنەوەی چینایەتیش لەبەین بچێ . . . تەنیا نان بۆ ژیانی شایستەی ئادەمیزاد کافی نیە، دەبێ ئازادیشی لەگەڵ بێ. بۆیە ئێمە هەر لە سەرەتاوە بۆ ئازادی خەبات دەکەین. باشە ئەگەر خەڵك نەچەوسێندرێتەوە، نانی هەبێ، بە زمانی خۆی بخوێنێ، بەڵام ئازادیی نەبێ بەو زمانەی خۆی نەزەری خۆی لە سەر وەزعی وڵاتەکەی دەربڕێ، مانای ئەوەیە ستەمێك ماوە کە ستەمی سیاسییە. حیزبی ئێمە خەبات دەکا بۆ ئەوە ئەو ستەمە سیاسییەش نەمێنێ. ستەمی نەتەوایەتی، ستەمی چینایەتیو ستەمی سیاسی هەر سێکیان [دەبێ] لەنێو بچن. لەبەین بردنی ستەمی نەتەوایەتیو ستەمی چینایەتیو دابین کردنی دیموکراسیو ئازادی، ئەوەیە ئەو کۆمەڵەی حیزبی دیموکرات خەباتی بۆ دەکا.

**با بە خۆمانو خەباتی خۆمان پشت ئەستوور بین**

لە پێشدا، با بایەخ بە هێزی بێپایانی گەلی کورد بدەینو، لە خۆمانو خەباتی خۆمان دڵنیا بینو، وەك عامیلێکی سەربەخۆ لە مەیدانی سیاسیی وڵاتدا، خۆ بنوێنین، ئەو کاتە پشتیوانمان زۆر دەبێو هەلومەرجی سەرکەوتن باشتر ئامادە دەبێ.

**لەبارەی گرنگیی تەشکیلاتەوە:**

بەبێ بوونی تەشکیلاتی حیزبی، هێزی بێپایانی خەڵك، وەك ئینێرژییەکی دەست لێنەدراو دەمێنێتەوە. ئەگەرچی بە شێوەی خۆبەخۆ حەرەکەت لە خۆی نیشان دەدا، بەڵام کاریگەر نابێو دوژمن زەبری لێدەداو بەچۆکی دا دێنێ. ئەوە راستییەکی مێژووییەو لە جووڵانەوەکانی رابردووی گەلی کورددا نەبوونی تەشکیلات وەك ئاوێنەیەك خۆ دەنوێنێ کە هۆی تێشکانو ناکامییەکانە.

**لە تێکۆشانی حیزبیدا دەبێ جێگایەکی تایبەتی بدرێ بە ژنان**

لە تێکۆشانی حیزبیو سیاسیی ئێمەدا دەبێ جێگایەکی تایبەتی بدرێ بە ژنان کە نیوەی دانیشتووانی وڵاتەکەمان پێك دێنن. وەك دەزانن حیزبی ئێمە مافی بەرامبەریی تەواو لە گەڵ پیاوان بۆ ژنان دادەنێ. بەڵام دانانی ماف لەگەڵ پیادە کردنی ئەو مافە لە کۆمەڵدا، مەودایەکی زۆریان لەبەین دایە. دەبێ ئەو مەودایە بەرە بەرە لەبەین بچێ. بە بیروڕای حیزبی ئێمە هەرچی ژنان لە کارە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکاندا بەشدار بن، کۆمەڵ پێشکەوتووترو هەرچی لە بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەیەکدا ژنان تێکۆشەرتر بن، بزووتنەوەکە پێشکەوتووترەو شانسی سەرکەوتنی زیاترە.

**بەختیاریی ئینسان، یەکەم ئامانجی سۆسیالیزم**

سۆسیالیزم دەیەوێ کۆمەڵێکی وا پێك بێنێ کە ئینسان هەم لە باری ماددییەوەو هەم لە باری روحیو مەعنەوییەوە، ئاسوودە دەبێ. تەواوی ئەوانەی کە سۆسیالیزمی خەیاڵیشیان پێك دەهێناو ئەوانەی پێش سۆسیالیزمیش، هەوڵیان دابوو بۆ ئەوەی کە ئینسان بتوانێ تەواوی ئیستیعدادی خۆی بەکار بێنێ لە باری ماددیو مەعنەوییەوە ئاسوودە بێ. [ هەم ]لە باری ماددییەوە ژیانێکی باشی هەبێ، هەم ئازادیی هەبێ.

**بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە وڵاتی ئێراندا**

ئێمە دڵنیاین هەر ڕێژیمێك لە ئێراندا بەڕاستی گەلی، دادپەروەرو دیموکراتیك نەبێ، ناتوانێ مەسەلەی نەتەوایەتی کە یەکێك لە گیروگرفتە بنەڕتییەکانی وڵاتی ئێمەیە، چارسەر بکا. راستییەکەی ئەوەیە کە لە ئێراندا گەلانی زۆرلێکراو زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی وڵات پێك دێنن. خوێندن بە زمانی زگماکی، پاراستنو پەرەپێدانی فەرهەنگی نەتەوایەتی، لابردنی جیاوازیدانانی ئابووریو سیاسیو لە هەمووی گرنگتر، دیاریکردنی چارەنووس بە دەستی خۆیان، بەشێك لە مافەرەواکانی ئەو گەلانەن. لابردی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر ئەو گەلانە، بە پێچەوانەی ئیددیعای ژمارەیەك لە دوژمنان، هاندانی خەڵك بۆ جیابوونەوە نیە، بە پێچەوانەوە دابینکردنی یەکیەتیی راستەقینەی ئەو گەلانە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیدا، زامنی پاراستنی یەکیەتیو سەربەخۆیی وڵاتە.

**پێوەندیی خەباتی فەرهەنگیو نەتەوەیی لە کوردستان**

ژیانی فەرهەنگیی خەڵکی کوردستان لە حاڵی پێشکەوتنو بووژانەوە دایە. پێشکەوتنو پشکووتنی فەرهەنگ، جووڵانەوەی رزگاریخوازیی ئێمە بەهێز دەکاو، ئەویش لە بەرامبەردا شوێنەوار دەخاتە سەر بووژاندنەوەی فەرهەنگ. تەنانەت ئەگەر بڵێین شوێنەواری ئەم دوو دیاردەیە لەسەر یەکتر، شوێنەوارێکی

**ئێمە دیموکراتین و دەبێ تا سەر دیموکرات بین. نابێ لەبیرمان بچێ کە ئەگەر هەنگاوێك بەرەو لەژێر پێنانی دیموکراسی بڕۆین، تازە بەرەو دیکتاتۆری رۆیشتوونو گەڕانەوە دژوارە.**

راستەوخۆیە هیچ موبالەغەمان نەکردوە. بۆ سەلماندنی ئەم ئیددیعایە دوو بەڵگە لە دەست دایە. یەکەم ئەوە کە خەباتی نەتەوەییە، خەڵکی ژێرستەمی ئێمە کە بۆ دیفاع لە مانەوەی خۆی شەڕێکی چەکدارانەی دەست پێکردوە، هەر لەو کاتەشدا ئەرکی سەرشانییەتی کە فەرهەنگی نەتەوەیی خۆی بپارێزێو بیبووژێنێتەوە. دووهەم: ئەوە کە ئەمڕۆ ئێمە لە کوردستان لە گەڵ ڕێژیمێکی یەکجار زۆر دواکەوتوو، ڕێژیمی ئایەتوڵڵاکان کە لە تاریکایی سەدەکانی نێوەڕاستدا سەریان وەدەرناوە، بەرەورووین. شەڕی ئێمە لە دژی ڕێژیمی نەزانیو خورافات پەرستی درێژەی هەیە، هەم لەبەرەی شەڕداو، هەم لە مەیدانی فەرهەنگو فێرکردندا. ئەم دوو دیاردەیە پێکەوە گرێدراون. دیاردەی یەکەم بەبێ دووهەم سەرکەوتوو نابێو، دووهەمیش بەبێ یەکەم ناتوانێ وجوودی هەبێ.

**کوردان شەڕخواز نین، خوازیاری سوڵحو ئاشتین**

بە پێچەوانەی تەبلیغاتی دوژمنانی نەتەوەی کورد، کوردان شەڕخواز نین. ئەوان خوازیاری سوڵحو ئاشتین. بەڵام کاتێك بوونو مەوجودییەتیان وەك نەتەوەیەك لە مەترسی دەکەوێ، دیارە بۆ دیفاع لە هوویەتی میللیو شەخسییەتی ئینسانیی خۆیان ناچارن ڕاپەڕن.

**کۆبوونەوەی دەسەڵاتی ئێران لە تاران، دەبێ کۆتایی پێ بێ**

ئێمە ئامادە نین لەگەڵ هیچ هێزێکی لایەنگری دیکتاتۆری هاوکاری بکەینو هەر لە بنەڕەت ڕا، هەر چەشنە دیکتاتۆرییەك ڕەت دەکەینەوە. ئێمە دەمانهەوێ بۆ هەتا هەتایە کۆتایی بە کۆبوونەوەی دەسەڵات لە تاران بێنین. ئێمە خوازیاری ئێرانێکی سەربەخۆو بێلایەنینو لەو باوەڕەداین زۆربەی هێزەکانی ئێران لەگەڵمان هاودەنگن.

**شانازییەکی هەتا هەتایی بۆ خەڵکی کوردستانی ئێران**

خەڵکی کوردستان داوای دیموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان دەکەن. ئەوان لە بەرامبەر دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی ئاخوندەکاندا نەك هەر بەرگری لە بوونو بایەخە ئینسانییەکانی خۆیان دەکەن، بەڵکوو بۆ ئازادیی سەرانسەریی ئێران تێدەکۆشن، ئەو شانازییەش بۆ هەتا هەتایە بۆ خەڵکی کوردستان دەمێنێتەوە کە لە قۆناغە هەرە سەختەکانی مێژووی هاوچەرخی وڵاتەکەماندا، کوردستانیان کردۆتە سەنگەری رزگاریی سەرانسەری ئێرانو بۆ پاراستنی ئەم سەنگەرەش گیانی خۆیان بەخشیوە.

**شۆڕشگێڕێك، نابێ هیچ کات شەرمەزاری ویژدانی خۆی بێ**

بە بڕوای من ئەوەی بۆ شۆڕشگێڕێك گرنگە، ئەوەیە کە نابێ هیچ کات شەرمەزاری ویژدانی خۆی بێو، دەبێ هەردەم بتوانێ ئیددیعا بکا کە ئەوەندەی بۆی کراوەو لە دەستی هاتوە، لە پێناوی شۆرش، ئازادیو رزگاریی نیشتمانەکەیدا کردوویەتی.

**ئێمە تیرۆریزم لە هەر شوێنێك مەحکووم دەکەین**

ئێمە وەك حیزبی دیموکرات، ڕەشەکوژی ڕەت دەکەینەوە. چونکە حیزبێك کە لە لایەن گەلەوە پشتیوانیی لێبکرێ، هیچ پێویستییەکی بۆ پەنا بردن بۆ ئەو چەشنە کارانە نیە، ئێمە تیرۆریزم لە هەر شوێنێك مەحکووم دەکەین. من پێم وایە بزووتنەوە بەهێزەکان، ئەو بزووتنەوانەی بە ڕێگای دیموکراتیدا دەڕۆنو ڕێنوێنی دەکرێنو، لایەنگرایو پشتیوانیی خەڵکیان لەگەڵە، پێویستییەکیان بە پەنابردن بۆ تیرۆریزم نیە.

**کلیلی چارەسەرکردنی دروستی گیروگرفتەکانو هۆی بەرەوپێشچوونی حیزب**

پتەوکردنی یەکیەتیی سیاسیو فیکری، ئەرکێکی بنەڕەتییە کە دەکەوێتە سەرشانی هەموو ڕێکخراوەکانی حیزب. دیارە هەموو ئەندامانی حیزب لە بارەی مەسەلە سیاسییەکانەوە وەك یەك فکر ناکەنەوە. ئامانجیش ئەوە نیە وەك یەك فکر بکەنەوە. چونکە ئەوە نە مومکینە، نە بە قازانجی تێکۆشانی حیزبیشە. مەبەست لەو یەکیەتییە، ئەستاندنەوەی داهێنانی فیکری لە ئەندامانی حیزب نیە. بوونی بیروباوەڕی جیاوازو ڕێککەوتنی دیموکراتیکی ئەوان کلیلی چارەسەر کردنی دروستی گیروگرفتەکانو، هۆی بەرەوپێشچوونی حیزبە.

سەرچاوەکان:

١ـ کتێبی "کورتە باس" (نامیلکەی کورتە باسێك لەسەر سوسیالیزمو شیکردنەوەی کورتە باس)، نووسینی: دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو
ئامادە کردنی بۆ چاپ: سەلاح شەشە، سوئید، بەفرانباری ٢٠٠٣

٢ـ چەند ژمارەی "کوردستان" ئورگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

٣ـ نامیلکەی "ڕەوتی ئاشتیو دیموکراتیزاسیون" پاشکۆی "تێکۆشەر"ی ژمارە ٢٦ دەقی باسێك کە دوکتور قاسملوو لە سیمنارێکی حیزبی دا، پێشکێشی کردوە.

# دەنگی پێی مۆتەکەی مەرگ و دارزینی جەستەکان

عەلی بداغی

ئەمرۆکە زیانوخەساری ماددە بیهۆشکەرەکانو قاچاغو ساتوسەوداپێکردنیان وەك کێشەیەکی جیهانی بەرەو رووی زۆربەی وڵاتانی جیهان بۆتەوەو پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە وەك هەڕەشەیەکی سامناك لە داهاتووی مرۆڤو مرۆڤایەتی ئیرادەی جیهانیی بۆ خەبات دژی ئەو دیاردەیە و بنبرکردنو نەهیشتنی ئاسەوارەکانی هاوئاهەنگو هاوخەبات کردوە.

پێکهاتنی هەیئەتی کۆنترۆل لە لایەن رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو هەروەها هاوپەیمانیەتی وڵاتانی پێوەندیدار لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان و جۆرەها هەنگاوی بەکردەوەی ئەو لایەنانە وەك یارمەتیدانی وڵاتانی بەرهەمهێنەری ماددە بێهۆشکەرەکان بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانە ئابوورییەکانیان لە بەرامبەر بەرهەمنەهێنانی ماددە بیهۆشکەرەکان و هەروەها تەرخانکردنی بوودجەیەکی زۆر بۆ بەرەنگاری مافیاکانی قاچاغی ماددە بیهۆشکەرەکان چ لەو وڵاتانەی لییانەوە ترانزیت دەکرێ و چ ئەو وڵاتو شوێنانەی تێیان دا بڵاو دەکرێتەوە، ئاماژەیەکن بۆ هەوڵو ئیرادەی جیهانیی خەبات دژی قاچاغ و پەرەسەندنی ماددە بیهۆشکەرەکان.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵو بەرەنگارییە، خەبات دژی مافیاکانی قاچاغی ماددە بیهۆشکەرەکان کە بە گشتی تەیار بە جۆرەها چەكو چۆلی پێشکەوتووو مودێرنو خاوەنی تاقیگەی تایبەتییەکانی بەرهەمهێنانی ماددە بیهۆشکەرە شیمیاییەکانن و بە دزە کردنە نێو دامو دەزگا دەوڵەتییەکان بە کردەوە توانای بەرەنگاریی هێزە دەوڵەتییەکانیان مایە پوچ کردۆتەوە، دەبینین کە ئەو هەوڵو خەباتە جیهانییە ئاکامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتۆتەوە.

قازانجی زۆرو لە رادەبەدەری مافیاکان لە ئاکامی ساتو سەودای ماددە بیهۆشکەرەکان بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو رایەڵکانە بەردەوام لە هەوڵی بەرفراوان کردنی فەزاو گۆرەپان بۆ فرۆشی زیاترو بە کار هێنانی زۆرتری ماددە بیهۆشکەرەکان لە لایەن تووشبوانەوە بن. بە تایبەت کە ئێستا مافیاکانی قاچاغی ماددە ببیهۆشکەرەکان لە سۆنگەی بەرهەمهێنانی ماددەی بیهۆشکەری سەنعەتییەوە وەك "ئاکستازی" و "ئامفتامین" قازانجی ساڵانەیان ٦٥ میلیارد دۆلار چۆتە سەری.(١) باندەکانی مافیا لە سایەی بوونی پتر لە ٤٠٠ میلیۆن موعتاد لە جیهان دا قازانجێکی ١٦٠٠ میلیارد دۆلارییان دەست دەکەوێ کە دوای ساتو سەودای چەکو چۆڵو تەقەمەنی زۆرترین رێژەی ساتوسەودای ئابووریی جیهانیان بۆ خۆ تەرخان کردوە(٢)

## پیناسەیەك لە تاکی موعتادوشوێنەوارە زیانبارەکانی ئیعتیاد لە کۆمەڵگادا

گیروودو بوون بە ماددە بیهۆشکەرەکان حاڵەتێکی دریژ خایەن و زیانبارە هەم بۆ تاکی بە کار هێنەرو هەم بۆ کۆمەڵگا. تایبەتمەندییەکانیئەم حاڵەتە لە ٣ قۆناخ دا خوی دەبینێتەوە:١- ئینتیماو پێویستی بە کار هێنانی لە تاکی توشبوو بە هەر شێوەیەك و بە هەر جۆرێکی لواو٢- ئیشتیا و پێویستی بە کارهێنانی زیاتری رۆژ لە دوای رۆژ ٣_ تووشبوونی یەکجارەکیی و لە دەستدانی ئیرادەو کەسایەتیی و تەنانەت مەیلەو رەوانی بوون.

تاکی موعتاد سۆزو عاتیفەی نامێنی، غیرەتو عیززەتی نەفسی لە دەست دەدا و بە گشتی لە بەرامبەر کیشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەری خەمسارد دەبیو تا رادەیەك لاوازو بی دەسەڵات دەبێ کە تەنانەت بۆ دابین کردنی مەواددی پێویستی خوێ ئامادەی ئەنجامدانی ناحەزترین و دزیوترین کارو رەوشت دەبێ. دیاردەی ئیعتیاد نە تەنیا تاکی تووشبوو لە زلکاوی خوێ دا دەتلێنیتەوەو نوقمی دەکا، بەڵکو زۆر نەهامەتیی دیکەی وەك هەژاری، بیکاری، فەساد، قەتڵ، لێك ترازانی شیرازەی خێزان، دزی،ئەیدزو. . . و دەیان دیاردەی ناحەزی دیکەش بە سەر تاکی موعتاد و کۆمەڵگادا دەسەپێنێ و عیززەتو کرامەت، ژیانو باوەرو فەرهەنگی کۆمەڵگا دەخاتە مەترسییەوە.

### هۆیەکانی پەرەسەندنی ئیعتیاد، بڵاو بوونەوەی خێراو پرتاوی

هۆیەکانی سەرهەڵدانی دیاردەی ئیعتیاد و پەرەسەندنی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە بە جیا دەبێ سەیر بکرین بەڵام بە گشتی ئەوە روونو ئاشکرایە کە نابەرامبەری ئابووریو کۆمەڵایەتی، جیاوازی چینایەتیی لە کۆمەڵگا، بێکاریو هەژاری، بزرکانی بایەخە کۆمەڵایەتییەکان و لە بەرامبەریش دا شوێن دانانی ماددە بیهۆشکەرەکان و چێژوەرگرتنی بە کارهێنەرانی ئینتمای پەنابردنە بەر دیاردەی ئیعتیاد لە کۆمەڵگادا زیاتر دەکەن . لە ئێران دا ئاڵۆزی و قەیرانە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، نەبوونی پێداویستییەکانی ئاسوودەیی و ریفاهی بۆ لاوان، نەبوونی ئازادی، هەڵاواردن و جیاوازیدانان، هەژاریو بێ ئەنوایی، بێکاریو بێ دەرەتانی،خەمۆکی، تەمابراوێیو بێزاری لە ژیان لە نێو لاوان دا هۆی چوونە سەریێ رێژەی تووشبوون بە ماددە بیهۆشکەرەکان و پەرەسەندنی دیاردەی ئیعتیادە.

سەرۆکی ئەنجومەنیزانستی فریاگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان پیی وایە کە ئیعتیاد بۆ خۆیو بە بێ هۆ نە شین دەبێ و نە هەڵ دەدا. ناوبراو دەڵێ "بە بوونی ئەو هەموو گرفتە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و دەروونی و رەوانییەی نێو کۆمەڵگاو کۆی هەموو ئەو ئاستەنگانەی بەردەم تاکەکانی کۆمەڵگا رێگا چارەیەك جگە لە هانا بردنە بەر ئیعتیاد بۆ کەس نەماوە.(٣)

### ئێران و دیاردەیماڵوێرانکەری ئیعتیاد

پەرسەندنی سەرسوور هێنەرو سەردەر هێنانی ئیعتیاد لە هەموو جێ و شوێنێکی ئێران دا و دەرئەنجامە دڵتەزێنو هەژێنەرەکانی ئەم دیاردە ماڵوێرانکەرە جیی سەرەنج و وردبوونەوەیە. ئیعتیاد وەك خەسارێکی کۆمەڵایەتی پێش هاتنە سەر کاری رێژیمی کۆماری ئیسلامیشی هەبووە. بەڵام بە رادەیەکی یەکجار کەم و نێونجی تەمەنی موعتادانیش لە سەرەوەی ٤٠ ساڵەوە بووە، کە چی هەنووکە پاش ٢٥ ساڵ دەسەڵاتداریەتیی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئیعتیاد چوار چێوەی خەساری کۆمەڵایەتی بەزاندوەو وەك قەیرانێکی کۆمەڵایەتیی، بوون و ئەمنیەتیی کۆمەڵگای لە مەترسی خستوە. بوونی پتر لە ٧ میلیون موعتاد لە ئێرانی ئەورۆدا بەڵگەی ئاشکرای ئەو راستییەیە.

سەرۆکی رێکخراوی بێهزیستی، دوکتور غولامرەزا ئەنساری لە نوێترین کۆنفرانسی خوێ دا دەڵێ، "لە ئێران دا پتر لە ٦میلیون کەس لە حەشیمەتی ٦٠ میلیون نەفەری وڵات موعتادن و لە ساڵ دا ٦٠٠ هزار کەس بەو ئامارە زیاد دەبن".(٤)

شوێن لە ئێران دا نەماوە ئیعتیاد دزەی تێ نەکردبێ و قوتابخانەوە ناوەندە ئامووزشییەکانیش لە هێرشی زیانباری ئەم دیاردەیە پارێزراو نەماون. لە ساڵی رابردوودا ٦٪ ئەو کەسانەی لە لایەن هێزە ئینتزامییەکانی رێژیمەوە بە تاوانی ئیعتیاد دەسبەسەر کراون، خوێندکارو قوتابی بوون. ماددە بیهۆشکەرەکان زۆر بە ئاسانی و بە هەرزانی لە قوتابخانەو زانکۆکان دا بڵاو دەبێتەوە. دوکتور عەبباس خالسی، بەرپرسی نوسینگەی نەهیشتنی ئیعتیادی سەر بە ئیدارەی فێر کردن و پەروەردە دەڵێ:

"٥٠ هەزار قوتابی قۆناخەکانی ناوەندیو دواناوەندی لە ئێران دا موعتادان کە تەمەنیان لە نێوان ١٢تا ١٨ ساڵ دایە" (٥) ناوبراو هۆی ئەوەی گەڕاندەوە بۆ هەرزان بوونی ماددە بیهۆشکەرەکان و ئاسان دەسکەوتنیان لە لایەك و کونپشکنی و هاتوچۆی قوتابیان بۆ شوێنە نەگونجاوەکان لە لایەکی دیکەوە.

سەرۆکی رێکخراوی بێهزیستی هەروەها دەڵێ کە ٧٥٪ی ئەو کەسانەی لە ئێران دا لە سەرکارن موعتادنو ٥٠٪ی ئەو کەسانە پاش ماوەیەك هەر بەم هۆیەوە کاری خۆیان لە دەست دەدەن و لە کارگەو فەرمانگەکان دەردەکرێن.

دکتر موحسین نەقەوی، کارناسی بواری لەشساغیی وەزارەتی بێهداشت لە لێکۆڵێنەوەیەك دا کە بە بۆنەی رۆژی جیهانیی خەبات دژی ماددە بیهۆشکەرەکان پێشکەشی کرد، ئامارە رەسمییەکان لەو پێوەندییە دا بەشتێکی ناواقیع دادەنیو دەڵێ کە "ئێران ٧ میلیون و ٤٠٠ هەزار موعتادی هەیە".(٦)

### ماددە بیهۆشکەرەکانو کوردستان، سیاسەتی یەك بانو دوو هەوای رێژیم

ئاشکرا بوونی سەدان پیلانی رێژیم لە کوردستان ئەم راستییەیان دەرخستوە کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان نەك پێش بە بڵاوبوونەوەی ماددە بیهۆشکەرەکان ناگرێ بەڵکوو بە پێچەوانە بۆ پێکانی ئامانجە سیاسییەکانی لە رێگای دەیان و بگرە سەدان تۆری دامەزاروێخوێو ئۆرگانە ئەمنییەتیو ئینتزامییەکانیەوە ماددە بیهۆشکەرەکان لە کوردستان دا بڵاو دەکاتەوە. رێژیم کە تا ئێستا بۆ بە چۆك داهێنان و کوشتنی هەستی نەتەوایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و خەبات دژی مافەرەواکانی گەلی کورد لە بەکار هێنانی هیچ جۆرە چەكو ئامرازێكو هەر چەشنە کردەوەیەکی دژی ئینسانیو ئەخلاقی نەپرینگاوەتەوەو کەچی بە هیچ جۆرێك نەیتوانیوە پێش بە هەستی شۆرشگێری، خەباتگێری و مافخوازی لاوانی کورد بگری، هەنووکە بە هەوڵدان بۆ گیرووەکردنی لاوانی کورد بە ماددە بیهۆشکەرەکان لە چەکی ئیعتیاد بە باشترین شێوەو بە زەبرترین چەك کەڵك وەردەگرێ. بەمجۆرە تارادەیەکی زۆریش لە گوشاری تەبلیغاتی دونیای دەرەوە سەبارەت بە بوونی زەبرو زەنگ لە کوردستان کەم دەکاتەوە. بە تایبەت کە فەزایەکی باشو گونجاویشی بۆ پێکانی ئەم مەبەستەو تێوەگلاندی لاوانی کوردی لە زلکاوی ئیعتیاد خوش کردوە. کاتێك کە لاوانی کورد ئاسۆیەکی روون لە ژیانی داهاتوویان ناکەن بە دی و کاتێك هەژاری و بێکاری بینە قاقایان دەگرێو تەنگیان پێ هەڵدەچنێ، کاتێك کە وەڵامی هەر داواکارییەکیان بە توندو تێژی و سەرکوت دەدرێتەوە تووشی دەیان گرێی دەروونی دەکرێن، کاتێك زۆر بە ئاسانی هەست بە ئازارو بەشمەینەتییەکانی کۆمەڵەکەیان دەکەن کە بە کوێرەوەری و کۆڵەمەرگیش بە زەحمەت نانی شەویان بۆ پەیدا دەبێ و تەنانەت بەشێکیان بۆشیان پەیدا نابێ و لە هەمان کات دا زۆر بە ئاسانی دەستیان بە ماددە بیهۆشکەرەکان رادەگا، بۆ رزگار بوونیکی کورتیش بێ لەم هەموو پەژارەیە، هانای بۆ دەبەنو تاکوو بە تەواوی گیرۆدە دبن و تازە لەم زلکاوە نایەنە دەر.

بەم جۆرە رێژیم هەم مەبەستە چەپەڵکانی خوێ دەپێکی و هەم قازانجی ماددی و بازرگانیی زۆریشی دەست دەکەوێ.

### رێژیم چەند لە خەبات دژی ماددە بیهۆشکەرەکان شێلگیرە؟

بڵاو بوونەوەی ماددە بیهۆشکەرەکان لە ئێران دا ساڵانە ٤٥٠٠ میلیارد تمەن لە هەموو لایەنەکانی هەزینەو دەرئەنجامی بە کارهێنانەوە زیان بە ئابووریی وڵات دەگەیەنێ. رێژیمی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا دەستی بە سەر ٢٥٠٠ تۆن (٢میلیونو ٥٠٠ هەزار کیلوگرم) جۆرەها ماددەی بیهۆشکەر داگرتووەو لەو پێوەندییەدا پتر لە ٢ میلیونو ٥١٥ هەزار کەس دەسبەر سەر کراون.(٧) هێزەکانی ئینتزامییەکانی ئێران لە ساڵی ١٣٨٢ دا ٢٠١ تن تریاكو لە ساڵی رابردوودا ١٣١ تۆن تریاکیان لە ئاکامی بەربەرەکانیی لەگەڵ باندەکانیقاچاغی ماددە بیهۆشکەرەکان دەست کەوتووەو تەنیا لە ساڵی ١٣٨٢ دا ٣٦٧٠٠٠ کەسیان لە پێوەندی لەگەڵ ماددە بیهۆشکەرەکان دا دەسبەسەر کردوە کە لەوانە ٢٨٥٥٠٠ کەسیان موعتاد و ٨١٥٠٠ کەسیان قاچاقچی بوون.

ئەو ساڵ ٦٠ میلیارد تمەن لە بۆدجەی ساڵانەی وڵات بۆ خەبات دژی ماددە بیهوشکەرەکان تەرخان کراوە و بۆ ئەم مەبەستە تەحویلی ستادی ناسراو بە ستادی خەبات دژی ماددە بیهۆشکەرەکان دراوە.

رێژیم بە بڵاوکردنەوەی ئەو ئامارانەو ژمارەی کوژراوەکانی هێزەکانی خوێ لەو پێوەندییەدا دەیهەوێ وا بنوێنی کە لە ئاستی جیهانیی دا لە خەبات دژی ماددە بیهۆشکەرەکاندا شیلگێرە. ئەوەش بە مەبەستی پشتیوانیی وڵاتانی دیکە بۆ وەرگرتنی یارمەتیی ماڵی و ماددی دەکا. ئەگینا روونو ئاشکرایە کە کاربەدەستانی پایەبەرزی رێژیم خۆیان شەریکی برابەشی باندەکانی مافیای قاچاغی ماددە بیهۆشکەرەکانن. ئەگەر رێژیم ئەوەندە سوورە لە خەبات دژی ماددە بیهۆشکەرەکان، ئەدی چۆنە ئەم دیاردەیە ماڵوێرانکەرە، خەریکە کۆمەڵگای ئێران بە یەکجارەکی لە زلکاوی خۆی دا نوقم بکا؟. لەو هەموو ماددە بیهۆشکەرانەی دەستیان بە سەر دا گیراوە، چەندەیان سووتێندراوەو لە نێو براون؟ بێگومان هیچ و هەر هەموویان یا لە نیوێ خۆ بڵاو بونەتەوە یا خۆ بۆ رۆژئاوا ترانزیت کراون.

ئەم بودجەیەی وا لە داهاتی گشتی وڵاتیش بۆ خەبات دژی ماددەی بیهۆشکەرەکان تەرخان دەکردرێ، راستەو خۆ دەچێتە گیرفانی دەسەڵات بە دەستانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامییەوە. بۆ وینە ستادی ناسراو بە خەبات دژی ماددە بیهۆشکەرەکان لە ساڵی ١٣٨٢ دا نیزیك ١٢ میلیارد تمەنی بە مەبەستی کاری فەرهەنگیو پێشگرتن لە پەرەسەندنی ئەم ماددەیە بە سەر ناوەندەکان یخوارەوەدا دابەش کردوە: رێکخراوی فێر کردنو پەروەردە، وەزارەتی علوومو بیهداشت، وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی، رێکخراوی زیندانەکانی وڵات، رێکخراوی بەسیج، کۆمیتەی ئیمدادو رێکخراوی دەنگو رەنگی کۆماری ئیسلامی.

پرسیار ئەوەیە ئەو رێکخراو دامو دەزگایانە تا ئێستا لە بەرامبەر وەرگرتنی ئەو هەموو پارەیە چییان کردوە؟ ئەوان تا ئێستا راپۆرتێکیشان لە سەر بیلانی کارەکانیان نەداوەتە دەرێ. سەیر ئەوەیە ئەو ستادە ناسراوە بە خەبات دژی ماددە بیهۆشکەرەکان تاقە تمەنێك و هیچ بۆدجەیەکی بۆ پرکردنەوەی کاتی بە تاڵی لاوان لە بواری وەرزشی و ئیمکاناتی ریفاهی وەك هۆکارێکی گرینگی بەردەم تەشەنەسەندنی ئیعتیاد تەرخان نەکردوە.

### رێگا چارەی هاتنە دەرێ لە قەیرانی ئیعتیادو کەمکردنەوەی زیانەکانی

نوێنەری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆمیتەی دژی ماددە بیهۆشکەرەکان لە کۆنفرانسێکی لەم دوایانە گوتی، کە موعتادەکان کەسانێکی بێ ئەنوا، تەمابراو و لە هەمان کات دا هەڵوەدای تۆزێ هیواو هومێدن.

کارناسانی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان تاکی موعتاد وەك نەخۆش سەیر دەکەن ، نەخۆشێك کە پێویستی بە یارمەتییو دەرمان هەیە. بەڵام پایەبەرزترین بەرپرسی ئینتزامی وڵات "سەردار قالیباف" پێ داگرە کە" هیچ کەس و بەرپرسێك بۆی نیە موعتاد وەك نەخۆش چاو لێ بکا. موعتاد تاوانبارە و گرینگترین مەسەلە لەو پێوەندی دا بەرەورووبووە لەگەڵ تاوانبارە".(٨)

یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئیعتیاد وەك تاوان و تاکی موعتاد بە تاوانبار دادەنێن. هەموو هەڵسوکەوت و مامەلەیەکی رێژیمش لەگەڵ دیاردەی ئیعتیاد (ئەگەر بووبێ )هەر لە سەر ئەم بناغەیە و بە نواندنی زەبرو زەنگی لە سەر موعتادان بووە . بەڵام بۆ یەکجاریش بەرپرسانی رێژیم بیریان لەوەنەکردۆتەوە کە ئەو جۆرە روانینە بۆ مەسەلەی ئیعتیاد و موعتاد تا ئێستا چ ئاکامێکی لێ کەوتۆتەوەو چەندە پێشی تەشەنەکرانی ئەو دیاردەیەی گرتوە؟ مەگەر نە ئەوەی کە ئێستا پتر لە ٧ میلیون کەس لە حەشیمەتی ئێران لە ئاکامی ئەو جۆرە سیاسەتو روانینەی رێژیم گیرۆدەی ئەم ماددە مالوێرانکەرەن؟

بەر لە هەموو شتێك پێداچوونەوە بە یاساو رێساکانی خەبات دژی ماددە بیهۆشکەرەکانو گۆڕینی شێوەی مامەڵەو بەرەوروو بوونەوەی فیزیکی و جێ خۆش کردنی بە پێشگرتن و دەرمان و سەیرکردنی موعتاد وەك نەخۆش نەك نواندنی توندو تێژی یەکەمین هەنگاوی پروسەی خەبات لەم پێناوەیە. لە بواری پێشگیریش دا خولقاندنی دەرفەتی کار بۆ لاوان گرینگترین گەرەنتی پێشگیری لە ئیعتیادە.

فێر کردنو پەروەردەو دانی زانیاریو بردنە سەریێ پلەی وشیاری خەڵكو ئاگادار کردنەوەیان لە ئاکامی دیاردەی ئعتیاد لە رێگەی راگەیەنەگشتییەکان و دەنگ و رەنگەوە و هەنگاوێکی بە جێ و پتەوە لە دریژەی پروسەی ئەم خەباتە دا. بەڵام لە راستی دا بە بێ سرینەوەی دیاردە گەلێکی وەك هەژاری، بێکاری هەڵاواردنو کۆی هەموو بەشمەینەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵك لە روخساری کۆمەڵگای ئێران هەر چەشنە هەنگاوێكو بەرنامەیەك بۆ خەبات دژی دیاردەی ماددە بیهۆشکەرەکان بێ ئاکام دەمێنێتەوە.

بەڵام پرسیار ئەوەیە رێژیمێك کە خۆی هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی هەموو قەیرانە کۆمەڵایەتیی و ئابووری و سیاسییەکانی وڵاتە و بێکاری، هەژاری، فەسادو ئعتیاد نموونەی چووکی بەرهەمی سیاسەتەکانی ئەو رێژیمەن،وەها رێژیمێك چۆن دەتوانێ و چۆن دەیهەوێ بەرەنگاری فەسادوئعتیاد لە ئێران بێتەوە؟

ژیدەر:
١-ماڵپەری"ایران امروز"
٢- هەر هەمان سەرچاوە(١)
٣- گوتاری دوکتور مستەفا ئیقلیما لەگەڵ"ایرنا"( یەکشەممە ٨ی پووشپەر)
٤- راپۆرتی سادقی سەبا، ماڵپەری بی بی سی
٥- ماڵپەری "روشنگری"
٦- هەر هەمان سەرچاوەی (٥)
٧- راپۆرتی سادقی سەبا ماڵپەری بی بی سی
٨- ماڵپەری "ایران امروز"

***





# کورد لە ناو واقیعی رابردوو و ئێستایی بووندا

مەحموود شێرزاد

کورد لەسەر دوو ئاستی "خەیاڵ"و "واقیع"دا، هەرچی هەیەتی، بە هەر فۆڕمو نێوەڕۆکێکەوە، بەرهەمی بیرۆکەو پاشانیش کردەوەکانێتی، بیرۆکەو کردەوەگەلێك کە پێکهێنەری رابردوو ـ ئێستاو داهاتووی هەر نەتەوەیەکن، گەڕانەوە بۆ نێو زەمانی بیرۆکەو کردەوەکانو خوێندنەوەو راڤەکردنیان یانی گەیشتن بە خاڵی وەرچەرخانێك، واتە کۆتایی هێنان بە مێژووی باڵادەست بوونی بیرۆکەو کردەوەگەلێكو گەیشتن بە بیرۆکەو ئەزموون کردنی کردەوەگەلێکی دیکە. ئێستا سەردەمی هاتنە ئارای پەیتاپەیتای بیرۆکە جۆراوجۆرەکانو ئەزموون کردنی کردەوە بێئەژمارەکانە، بیرۆکەو کردەگەلێك کە هەڵگری دنیابینیو خەونێکی دیکەو جیهانێکی دیکەن، واتە دنیابینییەك کە خاوەنی پانتایەکی گەورەترو خەونێك کە مژدەی ژیانێکی بەختەوەرانەترو جیهانێك کە ئاوەدانترە لە جیهانی دوێنێی هەموان. لێرەوە پرسیارێك بەرەورووومان دەبێتەوە، ئایا کورد کەوتۆتە نێو ئەو پرۆسەوە، واتە پرۆسەی ئەزموون کردنی بیرۆکەو کردە جیاوازو هەنووکەیییەکان؟ ئەوە پرسیارێکە رۆژانە لەسەر ئاستی گشتی هەموو تاکێکی کۆمەڵگای ئێمە لە رواڵەتدا وا دەردەکەوی کە هەم هەستی پێکردووەو هەم دەتوانێ وەڵامی بداتەوە. لێرەوە دەبینی بە هۆی ئەوە کە ئەو هەست پێکردنو وڵام دانەوەیە دەرئەنجامی وشیاریو خوێندنەوەو راڤەیەکی میتۆدیك نیە، بەبێئەوەی هیچ لە بابەتەکان بگۆڕن لە ئانێکدا سەرهەڵدەدەنو لە رستەیەکدا کۆتاییان پێدێ. واتە چۆن لە بنەمادا هەڵگری وشیارییەکی زانستیو مەعریفی نین، ناتوانن رۆڵی سنوورێك بگێڕن لە نێوان ئێستاو رابردوودا. بەڵام، لە بەرامبەردا هەست پێکردنو وڵامێکی دیکە هەیە، کە رابردوو و ئێستامان لێکتری جیا دەکاتەوە، جیاکردنەوەیەك کە دەبیندرێو هەستی پێدەکرێ، کۆمەڵگەی ئێمە نەك لەسەر ئاستی تاك بەڵکوو لەسەر ئاستیگشتی تاکوو ئێستاش لە قۆناغێك لە قۆناغەکاندا نەبۆتە خاوەن هەست پێکردنو وەڵامێکی لەو چەشنە کە دڵنیایی ئەوەمان پێببەخشێ چیدیکە لە ناو زەمانێکی دیاریکراودا نامێنێتەوەو چیدیکە تووشی کارەساتو تراژێدییە تاڵەکانی چەند هەناسە لەوەپێش نابینەوە، بە جۆرێك کە بە شێوەیەکی دەروونیو سروشتییانە ناچارمان بکا ئەمرۆ بەپێی مۆدێلەکانی دوێنێ دانەڕێژین، فێرمان بکا بەردەوام بە تایبەتمەندییەکانی ئێستاوە بژین. نەگەیشتن بەو ئاستە لە هەنگاوی یەکەمدا دەگەڕێتەوە سەر دەستی کۆمەڵە هۆکارێکی نێوخۆییو پاشانیش هۆکارە دەرەکییەکان. ئەوەی کە ئەمرۆ کورد دەبێ بیانخوێنێتەوەو راڤەو دەستکارییان بکا، بێشك هۆکارەنێوخۆییەکانن، چون لەراستیدا هەر ئەو هۆکارانە تاکو ئێستاش لەسەر دوو ئاستی "بیر"و "کردە"دا بوار بۆ هاتنەژوورەوەو پراکتیزە بوونی هۆکارە نەرێتییە دەرەکییەکان خۆش دەکەن. گەڕانەوە بۆ نێو زەمانی هۆکارەکانو هێنانەوەی تەنیا یەك نموونە لەو پێوەندییەدا بەسە بۆ ئەوەی کە لە چەندوچۆنی مێژووی کورد تێبگەین، چون لەراستیدا مێژووی کورد مێژووی ژیانو خەباتێکی رەنگامەیی نیە، مێژووی سەرکەوتنو شکست گەلی ناهاوشێوە نیە، بەڵکوو بەپێچەوانە بازنەیی بوونی جووڵەی کورد لە ژیانو خەباتدا، وای کردووە خوێندنەوەو راڤەکردنو ناسینی قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژووی ئەو گەلە بەس بێ بۆ ئەوەی لە چەندوچۆنی رابردوو و تەنانەت ئێستای ئەو گەلە تێبگەین.

**ـ کوردو رابردوو (مێژوو):**

هەرکاتێك باس لە رابردووی نەتەوەیەك دەکەین، دەبێ بگەڕێنەوە بۆ نێو ناخی ساتەتێپەڕیوەکانی ئەو نەتەوەیە، ئەو ساتانەی کە تێپەڕیون بەڵام، لێوڕێژن لە هەناسەی تاڵو شیرین، جمەیان دێ لە رووداوو تراژێدیی رەنگامەیی، پڕن لە کەوتنو هەستانەوە، پڕن لە هەڵەی گەورەو بچووکی هاوچەشن، خنکاون لە ئۆقیانووسی دووپاتبوونەوەدا، ئەو ساتانەی کە هەڵگری فۆرمو نێوەڕۆکی هەزاران ساڵەی ئەو نەتەوەیەن کە تا ئێستاش لە زەماندا بوونی هەیەو هەر هەنووکە بە ترپەی هەنگاوەکانی بەردەوامبوونی ئەو سەفەری ژیانە پڕ لە چەرەسەرییەمان پێدەسەلمێنێ، سەفەر بەسەر هێڵێکی هەستیارو ناسکدا، هێڵێك کە لە خاڵێکی لێڵەوە سەرچاوەی گرتووەو بەرەو ئاسۆیەکی لێڵتر خەریکی خوشینە. لێرەدا شتێکی سروشتی هەیە ئەویش ئەوەیە کە گەلی کوردیش بەو پێیە خاوەنی رابردوویەکی تایبەت بە خۆیەتی، هەروەك زۆرجار کوتراوە، رابردوویەك نەك بە قەڵەمی خۆی بەڵکوو زیاتر بە قەڵەمی ئەوانی دیو قەڵەمی باڵادەستەکان نووسراوەتەوە، لێرەدا ئەوەی کە چ کەسێكو چۆنی ئەو رابردوویە تۆمار کردووە بە جێگەی خۆی. گرینگ ئەوەیە بزانین رابردووی کورد چ رۆڵێکی بینیوە لە ژیانی ئەو گەلەدا؟ تەنانەت چۆنی مامەڵە لەگەڵ کردوە؟ روانگەی ئەو بۆ رابردوو چ بووە؟ یا بە قەوڵی هاوڕێیەکم رابردوو لای کورد شتێکە بۆ فەرامۆش کردنو دووپاتکردنەوە یا وانەیەکە بۆ ژیان؟ بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارانەو دەیان پرسیاری دیکەی لەو چەشنە پێویستە رابردوو موتالاو راڤە بکرێ. بەڵام گرینگ ئەوەیە لە چ روانگەیەکەوەو بە چ میتۆدێك؟

بیرمەندان دەڵێن مێژوو بە مانا مۆدێرنەکەی تەنیا بەسەرهاتو رووداوەکانی سەر بە رابردوو ناگرێتەوە بەڵکوو، مەبەست لە مێژوو گەڕانەوە بۆ نێو زەمانی رووداوەکانو موتالاو راڤەکردنی کۆی ئەو بەسەرهاتو رووداوانەیە لە روانگەیەکی نوێو رەخنەگرانەوە. کالینگۆر لە کتێبی "بیرۆکەو مێژوو"دا دەڵێ: "راڤە توخمێکی سەرەکیو ئەستۆندەکی مێژوویە".[(١)] مەبەستی کالینگۆر ئەوەیە تا رابردوو راڤە نەکرێ لەلایەك نابێ بە مێژوو لەلایەکی دیکەشەوە ناپارێزرێو لە رەوتی ژیان بەجێ دەمێنێ، دەکرێ بڵێین ئەوە هەمان ئەو تیۆرییە کە لە هێرمێنۆتیکی مۆدێرندا باس لە خوێندنەوەی هاوچەرخانەی دەقە کلاسیکییەکان دەکا. تا بەو مەبەستە هەم لە خوێندنەوەیەکی هاوچەرخانەدا مەجالی جارێکی دیکە لەدایك بوون بۆ رابردوو بڕەخسێنێو لە فۆڕمێکی دیکەداو بە مەبەستێکی دیکە بەشدرایان بکا لە ژیانی ئێستاداو هەمیش لێرەوە لەسەر شانی رابردوو قۆناغێکی دیکە بنیات بنێ. بە وردبوونەوە لە واقیعی ئێستای کورد وێدەچێ ئەو گەلە بەپێی ئەو بۆچوونانە تا ئێستا ئاوڕێکی ئەوتۆی لە رابردووی خۆی نەداوەتەوە. باشترین بەڵگەش ئەوەیە، ئێمە لە مێژووی ژیانو خەباتو کۆی رووداوو شکستو. . .کانی دیکەی ئەو گەلەدا قۆناغێکی جیاواز ناتوانین دەست نیشان بکەین بەو مانایە ئەو کارەساتو رووداوو هەڵەیەی کورد چەند سەدە لەوەپێش تووشی هاتوە بە هەمان شێوە تا ئێستاش لە جەوهەردا خەریکە بەردەوام دووپات دەبنەوە. لە حاڵێکدا لە هەر قۆناغێکدا راڤەیەکی عەقڵانیو رەخنەگرانە بێتە نێو کایەکانەوە هەموو ئاراستەکان دەستکاری دەکاو فۆرمو نێوەرۆکی جیاوازیان پێ دەبەخشێ، بەشدارنەبوونی راڤەیەکی لەو چەشنە لە ژیانی کورددا وای کردوە ئەستەمە کەسێك بتوانێ لە جەوهەردا لە نێوان دوێنێو ئەمرۆی ئەو گەلەدا بە دڵنیاییەوە سنوورێك دیاری بکا. لێرەوە پێویستە بگەڕێینەوە نێو زەمانو نموونەیەك بێنینەوە، "میرانی کورد هەمیشە خۆبەخۆ لەسەر هەرێمی دەسەڵاتدارێتییان لە کێشەو دووبەرەکیدا بوون. لە کاتی تەنگانەداو ئەویش بە دەگمەن کاتێك بەرژەوەندیی گشتییان لەلایەن دوژمنێکی هاوبەشیان لە مەترسی دەکەوت، یەکیان دەگرت، ئەگینا هەمیشە بە دژی یەکتریان دەخوێند. نموونەی زیندوو ٤٦ میرنشین لە سەردەمی شاسمایلی سەفەویدا کە شیعەیەکی توخ بوو یەکیان گرتو بوونە پشتیوانی سوڵتان سەلیمو وێکڕا روویان لە ئێرانی شیعە وەرگێڕا. دوای شەڕی چالدران کە مەترسیی شاسمایلیان لەسەر نەما گەڕانەوە سەر دۆخی جارانیانو تەنانەت حازر نەبوون لەسەر پێشنیاری سوڵتان سەلیم لە نێو خۆیاندا میرێکی میران هەڵبژێرنو بچنە ژێر فەرمانی بەڵکوو بەپێچەوانە هەر میرێك لەسەر ئەو باوەڕە بوو خۆیو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی سەڵامەت بێ خوای دەکرد میرانیتر سەریان پێوە نەدەما"[(٢)]. ئەو نموونەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەڕی چالدرانو دەکرێ لە رەهەندی سیاسییەوە وەك کورتکراوەی سەرجەم مێژووی کورد بەتایبەت بە ئێستاشەوە سەیر بکرێ. چونکە لە جەوهەردا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان "بیر"و "کردە"ی میرو میرنشینەکانی ئەوکاتو هێزو لایەنو سەرکردەکانی ئێستادا بەدی ناکرێ، لێرەدا مەبەست لە قۆناغ نیە چون لەراستیدا لەو روانگەیەوە سەردەمی شەڕی چاڵدرانو سەردەمی ئێستا دەبێ وەك دوو جەمسەری ناهاوشێوە سەیر بکرێن. بەڵام، لە هەمبەر کوردەوە هەر وەك باسمان کرد ئەو جیاوازیو ناهاوشێوەیە تەنیا لە فۆڕمدا رەنگی داوەتەوە. بۆ وێنە ئەگەر ئەوکات میرو میرنشینێك هەبووەو لەسەر بنەمای عەقڵییەتێك کە خۆی باوەڕی پێبووە، ناوچەی ژێر هەژموونی خۆی بەڕێوەبردووەو تەنانەت تەنیا گرینگیی بەو ناوچەیە داوەو پاراستویەتیو لەو پێناوەدا تەنانەت دوژمنایەتیی لەگەڵ میرو ئەمیرنشینە کوردەکانی دیکە کردوە، ئەوا ئێستاش بە هەمان شێوە لە فۆڕمدا حیزبو سەرکردە لە نێو کایەکاندا ئامادەگییان هەیە، بەڵام لە جەوهەردا چ لەسەر ئاستی پێوەندییەکانی نێوخۆو چ لەسەر ئاستی پێوەندییەکانی دەرەوەدا جیاوازییەك لە نێوان ئەو دوو قۆناغەدا هەست پێناکرێ. لێرەوە دەبینی دووپاتکردنەوەی رابردوو بۆتە کەلتوورێك لە نێو واقیعی "بیر"و "کردە"ی مرۆڤی کورددا، کەلتوورێك کە بەردەوام توانای بەرهەمهێنانەوەی هەموو ئەو ساتە رەشانەی هەیە کە رۆژێك ئەزموون کراون، بۆ وێنە ناکۆکیی نێوخۆیی شتێك نیە کە لە قۆناغێکدا سەری هەڵدابێو دوای لێکەوتنەوەی کۆمەڵێك دەرئەنجامی نەرێتیو لە ئاکامی خوێندنەوەو پێداچوونەوەیەکدا کۆتایی پێهاتبێ، بەڵکوو بەپێچەوانە لە روحمان دایەو هەر ئێستاش وەك توخمێکی چالاك لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەگیی هەیەو هیچ هۆکارێکی دەرەکیو نێوخۆیی چ وەك راڤەو دەرککردنی هەلومەرج، چ وەك هەڕەشەو مەترسیی دەرەکی نەیانتوانیوە کۆتایی پێ بێنن، ئەوەش دال بەر ئەو خاڵە گرینگەیە کە هیچ یەك لەو خاڵانەی کە باسمان کردن بە شێوەی جەوهەری وەرنەگیراون. هەرچەند ئەو باسە واتە دووپاتکردنەوەی رابردوو بە شێوەی جۆراوجۆر زۆر دووپات دەبێتەوە، بەڵام وەك واقیعێك ئێستاش لە جەستەو رۆحی ئەو گەلەدا ئامادەگیی هەیەو تا دەگۆڕدرێ دەبێ قسەی لەسەر بکرێو خوێندنەوەی میتۆدیكو جیاوازی لە هەمبەر بێتەئاراوە. لە کۆتایی ئەو بەشەدا هێنانەوەی دوو فاکتی گرینگ پێویستە. ویل دۆرانت دەڵێ: شارستانییەتێك تا لە نێوەوە هەڵنەتەکێ لە دەرەوە شکست ناخوا"[(٣)] هانا ئارنت دەڵێ: "مێژوو فێرمان دەکا کە چ نەکەین نەك چ بکەین"[(٤)]، ئەوەی راستی بێ ئێمە هەم خەریکی هەڵتەکاندنی دەروونی خۆمانینو هەمیش بەئێستاشەوە سەلماندوومانە لە مێژوو فێر نەبووین کە چ نەکەین. کەوابوو ئەو قسەیە راستە رابردوو لای ئێمە شتێکە بۆ فەرامۆش کردنو دووپاتکردنەوە نەك وانەیەك بۆ ژیان.

**کوردو ئێستا (سەردەم)**

ئێستاییبوون لەگەڵ ئەوەدا بەپێچەوانەی رابردوویی‌بوونە، بەڵام قۆناغێکە لەسەر شانی رابردوو راوەستاوەو لە هەمان کاتیشدا هەڵگری کۆمەڵێك تایبەتمەندیی جیاوازو هاوچەرخانەیە. لێرەوە بۆ ئەوەی بزانین کۆمەڵگای کوردی چەندە سەردەمییانەیە دەبێ ئەو کۆمەڵگایە جەستەییو دەروونی لەگەل کۆی ئەو مۆدێلانە کە ئەمرۆ تەعبیر لە ئێستاییبوون دەکەن،بەراورد بکەین، هەرچەند ئەو کارە تواناییەکی زۆری پێویستە، هەر بۆیەش هەر کاتێك توانیمان لە خوێندنەوەیەکی زانستیدا کار لەسەر چەندوچۆنی ئەو دوو مۆدێلە بکەین، ئەوکات دەتوانین ئاستی ئێستاییبوون یا ئێستاییەنەبوونی ئەو کۆمەڵگایە باشتر دەست نیشان بکەین. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەمرۆ لەسەر ئاستی کۆمەڵگادا کۆمەڵێك نیشانە گەورەو بچووکی هەم دەروونی و هەم زیاتر فۆرمیکانە دەبین کە دەتوانن لەو بوارەدا بە ئاکامێکمان بگەیەنن، بۆ وێنە لە چەندین بوارەوە کۆمەڵگای ئەمرۆی کورد لە هەر دوو بواری مۆدێرنیزمو مۆدێرنیتەدا کۆمەڵێك ئامێرو فیکری سەردەمییانەی وەرگرتوە، ئەوەی کە لێرەدا زۆر گرینگە ئەوەیە کە بزانین ئەو دیاردانە بە چ شێوەیەكو لە چ ئاستێکدا وەرگیراون؟ یا کۆمەڵگا چۆن رووبەرووی ئەو رەوتە جیهانییە بۆتەوەو چۆنی مامەڵە لەگەڵ کردوە؟ لێرەدا خاڵێکی گرینگ هەیە ئەویش ئەوەیە کە بە تایبەت لەو سەردەمەدا ئەگەر ئێمە پێمان وابێ ئێستاییبوون بەو مانایەیە کە بە شێوەیەکی فۆرمیك لە بوارێك لە بوارەکاندا مۆدێرنیزمو مۆدێرنیتەیەك بێنینو بەشداری بکەین لە کایە پێوەندیدارەکاندا هەڵەیەکی گەورەمان کردوە. چونکە وەرگرتنی ئەو دیاردانەو بەشدارکردنیان لە ژیاندا ئەو کاتە دەتوانین بڵێین لۆژیکیو زانستیو بێهەڵە بووەو مانای ئێستاییبوونیان پێ بەخشیوین کە بە شێوەیەکی دەروونی وەرگیرابن بە جۆرێك تووشی وەرچەرخانێکی دیارو بنەماییان کردبین، واتە لە بنەمادا دەستکاریی روانینو بیرکردنەوەو عەقڵییەتەکانمانیان کردبێ، لە رێگەی ئێستاییبوونەوە فێربووین چۆن پەنجە بۆ کێشەکان بەرینو چۆن لە نێو کێشەکاندا کایە بە فیکرو ئامێرە ئێستاییەکان بکەین. لێرەوە ئەگەر ئەو رەوتی وەرگرتنو پراکتیزەکردنە سەقەتییەکی پێوە دیارە، لەگەڵ ئەوەدا ناتوانین چەندین فاکتەری وەك رۆژهەڵاتی بوون، ئایینیبوون، چەوساوەبوونو داگیرکراو. . .هتد لەبەرچاو نەگرین، بەڵام ئەوانەو کۆی ئەو فاکتەرانەی کە لە پاساوەکانماندا پەیوەستیان دەکەینەوە بە ئەمو ئەوو هەموو تاوانەکان دگەڕێنینەوە بۆ فاکتەرە دەرەکیو دەستە شوومە دەرەکییەکان، بەشێکی بچووكو لایەنی پەراوێزی ئەو فاکتەرانەن کە دەتوانن بە دژی کۆمەڵگای کوردی لە نێو کایەکاندا رۆڵی نەرێتی بگێڕن، کەوابوو لایەنی هەرە زۆری ئەو کێشانە دەگەڕێنەوە لای فاکتەرە ناوخۆییو خۆماڵییەکان. بۆ وێنە ئەگەر چەند سەدە لەوەپێش فاکتەرێکی خۆماڵی وەك ناکۆکیی نێوخۆیی کۆمەڵێك بواری بۆ سەرهەڵدانو هاتنەژوورەوەی کۆمەڵێك دیاردەی ناشیرینو کارەسات خوڵقێن خۆش دەکرد. ئەوا ئێستاش هەمان فاکتەر بە هەمان جەوهەرەوە لە واقیعی "بیر"و "کردە"ی ئێمەدا بوونی هەیەو بە هەمان شێوەش رۆژانە دەرئەنجامە نەرێتییەکانی دەبینین. ئەوە وەك نموویەکی بچووك کە دەتوانێ رابردووخوازی ئێمە بسەلمێنێ کە هەم لە قووڵاییەکانی نێو زەمانی ئێمەداو هەم لە ئێستاماندا ئامادەگیی چالاکانەی هەیە. کەچی یەکێك لە سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی ئێستاییبوون ئەوەیە کە لە هەر بوارێکەوە تا رادەیەکی بەرچاو بە شێوەیەکی بنەمایی لەگەڵ رابردوو جیاوازیمان هەبێ.

**ئەنجام:**

کۆمەڵگای کوردی تا ئێستاش لەسەر بنەمای چەندین کەلتووری نەرێتی وەك خۆ بە هەقیقەت کردنو جوان کردنو پیرۆزکردنی رابردوو. . .هتد کار دەکا، بە جۆرێك کە لەلایەك خۆی وەك دەقێکی بێکەموکوڕ دەبینێو لەلایەکی دیکەشەوەو ئەوەندەی ناراستەوخۆ لەسەر حیسابی دۆڕاندنی داهاتوو کار بۆ ناشیرین کردنی ئێستاو جوان کردنو پیرۆزکردنی رابردوو دەکا یەك لە هەزارەمی ئەوە لەسەر حیسابی شیکردنەوەی رەخنەگرانەی رابردوو کاری بۆ جوان کردنی ئێستا نەکردوە، واتە کەلتوورێك کە لەلایەك هەوڵ دەدا بە نەگۆڕی بمێنێتەوەو لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵ دەدا ئێستامان لێبستێنێتەوەو مۆدێلو قۆناغە پاسیڤەکانی رابردوومان پێبفرۆشێتەوە. کەوابوو ئێستاییبوونی ئێمە ئێستاییبوونێك نیە بە تایبەتمەندییەکانی ئێستاوە بەڵکوو بەپێچەوانە ئێستاییبوونێکی جەستەییە بە دەروونییاتی رابردووە، رابردوویەك کە لێوڕێژە لە سوننەتی بوون لە کارەساتو تراژێدیو هەڵەی گەورەو بچووك.

**ناکۆکیی نێوخۆیی شتێك نیە کە لە قۆناغێکدا سەری هەڵدابێو دوای لێکەوتنەوەی کۆمەڵێك دەرئەنجامی نەرێتیو لە ئاکامی خوێندنەوەو پێداچوونەوەیەکدا کۆتایی پێهاتبێ، بەڵکوو بە پێچەوانە لە روحمان دایە و هەر ئێستاش وەك توخمێکی چالاك لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەگیی هەیەو هیچ هۆکارێکی دەرەکیو نێوخۆیی چ وەك راڤەو دەرککردنی هەلومەرج، چ وەك هەڕەشەو مەترسیی دەرەکی نەیانتوانیوە کۆتایی پێ بێنن**

**مێژوو بە مانا مۆدێرنەکەی تەنیا بەسەرهاتو رووداوەکانی سەر بە رابردوو ناگرێتەوە بەڵکوو، مەبەست لە مێژوو گەڕانەوە بۆ نێو زەمانی رووداوەکانو موتالاو راڤەکردنی کۆی ئەو بەسەرهاتو رووداوانەیە لە روانگەیەکی نوێو رەخنەگرانەوە**

**ئێستاییبوونی ئێمە ئێستاییبوونێك نیە بە تایبەتمەندییەکانی ئێستاوە بەڵکوو بە پێچەوانە ئێستاییبوونێکی جەستەییە بە دەروونییاتی رابردووە، رابردوویەك کە لێوڕێژە لە سوننەتی بوون لە کارەساتو تراژێدیو هەڵەی گەورەو بچووك.**

سەرچاوەکان:

(١) د.علمداری ـ کاظم، ایران چرا عقب ماند و غرب پیش رفت؟، لاپەڕەی ٩ پاراگرافی یەکەم.دێری چوارەم

(٢) مەدەنی ـ حوسێن، کوردستانو ئیستراتیژی دەوڵەتەکان، لاپەڕەی ٣٠ پاراگرافی دووهەم.

(٣) سەرچاوەی یەکەم، لاپەڕەی ٣٠١، پاراگرافی یەکەم. دێری یەکەم

(٤) گۆڤاری لاوان، لاپەڕەی ٤٨ گۆشەی ئەفسوونی بەیان.

# ئاوڕدانەوەیەك لە دیاردەی خۆكوژیی ژنان لە كوردستاندا

رامبود لوتف پووری




خۆکوژی لە کۆمەڵگای ئینسانیدا دیاردەیەکی نوێ نیەو کۆمەڵگای ئینسانی بە درێژایی مێژوو، لەگەڵ ئەم کێشەیە دەستو ئێخە بووە. بەڵام ئەوەی کە لێرەدا گرینگو جێگای وردبوونەوەیە، هەڵکشانی ڕێژەی خۆکوژیو ئێپیدێمیی ئەم دیاردەیە لە سەردەمی هاوچەرخو نوێدا.

دورکهایم لە پێناسە کردنی خۆکوژیدا دەڵێ: "خۆکوژی بریتییە لە هەر چەشنە مردنێ کە ئاکامی ڕاستەوخۆو یا ناڕاستەوخۆی کردەوەی پۆزێتیف یا نێگاتیڤی خودی قوربانییەکەیە کە لە ئەنجامی کردەوەکەی خۆی ئاگا بووەو زانیویەتی دەبێ هەر بەم ئاکامە بگا." (١)

بە پێی ئەم پێناسەیە ئەوەی کە خۆی دەسووتێنێ یا بە دەمانچەیەك خۆی دەکوژێ، بە شێوەیەکی پۆزێتیفو ڕاستەوخۆ خۆی دەکوژێ، بەڵام ئەو کەسەی کە لە ماڵێکی ئاورگرتوودا نایەتە دەرێ یا لە بەرامبەر تەقە کردنی دوژمنێکدا ڕادەوەستێو هەڵنایە بە شێوەیەکی نێگاتیڤو ناڕاستەوخۆ مردن بۆ خۆی هەڵدەبژێرێو خۆی دەکوژێ.

دورکهایم خۆکوژی بە سێ جۆر دابەش دەکا:

١ـ *خۆکوژیی خۆپەرستانە:* کە بەرهەمی دابڕانی تاکەکەسە لە کۆمەڵو بنەماڵەو دروستبوونی دۆخێکی دەروونی لە خەمساردی، بێوازیو هۆگر نەبوون بە ژیانە لە مرۆڤ دا. خۆکوژیی ژنانو پیاوانێ کە منداڵیان نابێ یا ئەو ژنانەی کە دەگەنە قۆناغی نەزۆکی لەم جۆرەیە.

٢ـ *خۆکوژیی خۆبەختکەرانە:* بەرهەمی توانەوە لە کۆمەڵو بنەماڵە دایەو لە ژێر کاریگەری هێزێکی سۆزداریی توندا، بە ئاکام دەگا. خۆتەقاندنەوەی سەربازێ بە دوژمنەکەیدا کە بە مەبەستی ڕزگاریی هاوڕێیانیو دەربازکردنیان دەیکا، یا خۆکوژی کەسێ کە هاوژین یا دڵدارەکەی لە دەست دەدا، دەچێتە خانەی ئەم جۆرەوە.

٣ـ *خۆکوژێ کە بەرهۆو بەرهەمی بێ سەرەوبەرەییو قەیرانی کۆمەڵایەتییە:* ئەم جۆرە خۆکوژییە کە زیاتر تەوەری باسەکەی ئێمەیە، ئاکامی دۆخیانێکی هەڵخران یا جاڕز بوونە کە بەرهەمی هوشیاریو ئاگایی تاکەکەسە لە نەگونجانو ناتەبایی نێوان حەزو ئارەزووەکانی لەگەڵ ڕادەی ڕەزامەندیو پێگەیشتنیاندا. بە واتایەکی دیکە بارودۆخی نالەباری کۆمەڵایەتی بواری خۆکوژی دەرەخسێنێو دەبێتە بەدی هێنەری ڕەوتگەلی بەرهەمهێنی خۆکوژی. بۆ وێنە خۆکوژیی ئەو کەسانەی کە لە نەداریو هەژاریو لاوازی باری ئابووریدا دەست دەدەنە ئەم کارە، لەم چەشنەیە.

بە پێی ئەو پێناسەیەی کە لە جۆری سێهەمی خۆکوژیدا باسمان کرد، خۆکوژی پیشاندەری هێندێ لە تایبەتمەندییە نالەبارو نەخۆشەکانی کۆمەڵگایە کە پێوەندییان بە ماکگەلی پێکهێنەری کۆمەڵگاکانو گۆڕانی پێکهاتەو ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

قۆناغی دەرباز بوون لە نەریتەوە بۆ مۆدێرنە هاوکاتە لە گەڵ گۆڕانی هێندێ لە بنەماکانی کەلتوورو پێکهاتی کۆمەڵگاو تێکنۆلۆژیاداو هەروەها دەبێتە هۆی شکانی سیستمی کۆنو کۆگەراییو سەرهەڵدانی سیستمێکی نوێو تاکگەرا. ئەم گۆڕانە هەروا بە ئاسانیو بەبێ کێشە ڕوو نادا، گۆڕانی دابو نەریتو ڕامانێك کە لە ماوەیەکی درێژخایەنو زۆردا جێگیر بووە، پێویستی بە کاتەو تێچوویێکی کۆمەڵایەتیشی هەیە. پەرەئەستاندنی تاك گەری دەبێتە هۆی هوشیاریی تاكو قبووڵ نەکردنی کوێرکوێرانەی فەرمانی کۆمەڵایەتیو هەروەها لاواز بوونی بەها گشتییەکانو دروستبوونی کەلێن لە نێو بڕواگشتییەکاندا، بەرهەمی ئەم ڕەوتە پێکهاتنی کۆمەڵگایەکە، خاوەنی جیاوازیی کۆمەڵایەتی زۆر، پێوەندیو یەکگرتنی ئۆرگانیكو تا ڕادەیەك تەریك مانەوەو تەنیایی ئینسانەکان.

لەم قۆناغی دەربازبوونەدا، هوشیاریی تاك سەبارەت بە مافو بەرژەوەندییەکانی زۆرتر دەبێو پانتایی ویستو ئارەزووەکانی زیاتر دەبن کە ئەمەش لەگەڵ ڕێساو دیسیپلینی کۆمەڵگا کە زۆرتر لەسەر بنچینەی بەرژەوەندیی چینو توێژە سەردەستەکانی کۆمەڵگا داڕێژراوە دەکەوێتە دژایەتییەوەو دەبێتە هۆی دروست بوونی قەیرانی کۆمەڵایەتیو بێ سەرەوبەرەیی لە کۆمەڵگادا، لە ئاکامی ئەم بارودۆخەدا یا نەخۆشییە دەروونییەکان زیاد دەکەن یا ڕێژەی ئەو نەخۆشە دەروونییانە کە خۆدەکوژن دەچێتە سەر.

کەوابوو گۆڕانی کۆمەڵایەتیو پەرەسەندنی تاکگەرایی یەکێ لە سەرەکیترین هۆکارەکانی خۆکوژی لە سەردەمی مۆدێرنە دایە، بەڵام ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە کە پێمان وابێ خۆکوژیو چوونە سەرەوەی ڕێژەی ئەم دیاردەیە بەرهەمی سروشتیی گۆڕانو مۆدێرنیتەیە. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتیی دەربازبوونو هەلومەرجی تایبەتیی گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

**خۆکوژیی ژنان لە کوردستاندا:**

بە پێی ئامار (٢) زۆرترین ڕێژەی خۆکوژی ژنان لە ئێراندا، لە ناوچە کوردنشینەکان ڕوودەدا بە چەشنێ کە ئۆستانی کرماشان پلەی یەکەم، ئیلام پلەی دووهەم،و کوردستان پلەی سێهەمی هەیە.

٦٤٪ی ئەو ژنانەی خۆدەکوژن مێردیان هەیەو ٣٦٪یشیان سەڵتن، زۆربەی ئەم ژنانە بۆ کوشتنی خۆیان شێوازی سەختی خۆسووتاندن بەکار دێنن. لە ئۆستانی کوردستاندا مەریوانو کامیاران زۆرترین ڕێژەی خۆکوژیی ژنانیان تێدایە، بە چەشنێ کە دەکرێ بڵێین لەم بوارەدا لەپێشبڕکێ دان.

بە پێی لێکۆڵینەوەکان سەرەکیترین هۆکارگەلی ئەم خۆکوژییانە، ناکۆکیی بنەماڵەیی، دەسکورتیو بێهیوایی لە ژیانن. دۆزینەوەی هۆکارو سەرچاوەی ئەم گیروگرفتو ناتەباییانە پێویستی بە تێڕوانینی کۆمەڵگای کوردیو لێکدانەوەی ئەو فاکتانە هەیە کە بەرهەمهێنەری ئەم بارودۆخەن.

کوردستان کۆمەڵگایەکی نەریتییە کە لە سەرەتای دەربازبوون بۆ مودێرنەدایە، وەك باس کرا یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە چێ بوونی قەیرانو بێ سەرەوبەرەیی کۆمەڵایەتییە، ئەگەرچی هەموو گۆڕانکارییەك بە تایبەت لە ئاستی کۆمەڵگاو گۆڕینی ئەو نەریتە ڕیشەدارانە کێشەو دژواری زۆریان لەگەڵدایە، بەڵام لە هەموو کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکانو بە تایبەت کوردستان کە باندۆری داگیرکەرانو چەوساندنەوەی نەتەوایەتیشی لەسەرە، مۆدێرنیزم دیاردەیەکی نائاساییەو بەرهەمی سروشتیی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان نیە. بە واتایەکی دیکە مۆدێرنیزاسیۆنو مۆدێرنیتە وەك یەكو هاوتەریب لە کۆمەڵگای کوردیدا گەشەیان نەکردوە، لە لایەك تێکنۆلۆژیای نوێ بە تایبەت لە بورای پێوەندییەکان، لە ئاستێکی فراواندا کۆمەڵگای کوردستانی گرتۆتەوە، بەڵام لە لایەکەی دیکە کولتوورو ئەندێشە گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە نەیتوانیوە چوارچێوەی نەریت بشکێنێ. تەکنۆلۆژیای پێوەندییەکان بۆتە هۆی هەڵکشانی ئاستی خواستو ویستی مرۆڤی کوردو چوونەسەرەوەی چاوەڕوانییەکانی لە ژیانو کۆمەڵگا. کەچی پێکهاتی کۆمەڵگاو دابو نەریتی کۆمەڵایەتی وەك خۆیان کۆنو نەریتی ماونەتەوەو ڕێگای گەیشتن بە ئارەزووەکانی پێنادەن، لە لایەك تاکگەرایی مۆدێرن، بەرەو ئازادیی کردەوەو پشت بەستن بە تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکانی پاڵی پێوە دەنێ، کەچی لە لایەکی دیکە کۆمەڵگای نەریتیو کۆگەرا ڕێگای لێ دەگرێ، ئازادییەکانی سنووردار دەکاو هەوڵی تواندنەوەی لە کۆدا دەدا. ئەم ناهاوسەنگیو ناتەباییە تاکی کورد تووشی کێشەو تێکچوونی دەروونی دەکا، بە تایبەت ژنی کورد کە لە کۆمەڵگای پیاوسالاردا وەك مرۆڤی پلە دوو دێتە ئەژمارو چەوساوەی لە مێژینەی دەستی دابونەریتی کۆمەڵگای کۆنو پیاوسالارەو لە سەرەتاییترین مافە ئینسانییەکانی وەك، ئازادی هەڵبژاردنی هاوژین، پۆشینی جلوبەرگ، چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیو هاتوچۆو هتد بێبەش کراوە، زیاتر زەختی لەسەرەو زۆرتر لەبەردەم مەترسیی نەخۆشیی دەروونیدایە.

پەرەسەندنی تێکنۆلۆژیای پێوەندییەکانو چوونەسەرەوەی ئاستی خوێندەواری، ڕادەی زانیاریو هوشیاریی ژنانی لە سەر مافو ئازادییەکانیان چ وەك تاكو چ وەك کۆ بردۆتەسەرو دەرگای دونیایەکی نوێو ئینسانیتری بەرووددا کردونەتەوە، کەچی کۆمەڵگاو ئەندێشەی پیاوسالار لەبەردەمیاندا بۆتە کۆسپو ڕێگایان پێنادا هەنگاو بنێنە دنیای نوێو قۆناغێکی تازە لە ژیانیان دەست پێبکەن. ئەگەرچی ئەم هوشیارییە ژنانی لە دەروونەوە ئازاد کردوە، بەڵام ئەوانی بەرەورووی پاوانخوازیی پیاوان کردۆتەوە کە دەسەڵات، حکومەتو یاسایان لەبەر دەست دایەو بە توندترین شێوە هەوڵی پاراستنی سەروەریی خۆیانو سەرکوتی مافو ئازادیی ژنانو هێنانیان بۆ ژێر ڕکێفی خۆیان دەدەن.

ژنی کورد کە ئێستا ئاستی خواستو ئارەزووەکانی بەرزبوونەتەوە، چیدی وەك جاران ملکەچی خواستو فەرمانی پیاو نابێ، کچ دەیهەوێ هاوژینی داهاتووی بە خواستی خۆی هەڵبژێرێو لە هەڵسوکەوتو پۆشینی جلوبەرگدا ئازاد بێ، ژن چیدی نایهەوێ لە ماڵدا وەك کارەکەرێکی بێئیرادە، پیاو چارەنووسو شێوازی ژیانی دیاری بکاو ئازادییە تاکەکەسییەکانی زەوت بکا. بۆیە لە لایەن باوك، برا، مێرد، یاساو حکومەتو بەگشتی کۆمەڵگای پیاوسالارەوە سزا دەدرێ، تەنانەت دەکەوێتە بەر ئازاری جەستەییو لێدانو توندوتیژیی. ئەم بارودۆخەو ئەم ژیانی دیلێتیو کۆیلەییە بۆ ژنی کوردی ئەم سەردەمە کە هوشیار بۆتەوەو لە ڕێگای میدیاکانەوە بارودۆخو ژیانی ئازادی ژنانی وڵاتانی پێشکەوتووی دنیای بینیوە قبووڵ ناکرێو لە بارودۆخی ژیانی خۆی بێزاری دەکاو، چونکە هیچ پشتیوانو یاسایەکیش شك نابا کە هانای بۆ بەرێتو مافو ئازادیو کەرامەتی ئینسانیی پێدەستەبەر بکا، لە هەموو لایەکەوە هەست بە تەنیاییو بێپەنایی دەکا، ئەمەش بواری تێکچوونی هاوسەنگیی دەروونی، ناهومێدیو لە ئاکامدا خۆکوژیی بۆ دەرەخسێنێ.

لە ڕاستیدا ژنان لە کوردستاندا یەکێك لە سەرکیترین قوربانییانی قۆناغی دەربازبوونی کۆمەڵگاو پاوانخوازیی کۆمەڵگای پیاوسالارن، توێژێکن کە نەتەنیا لەبەر دەم جۆرەکانی دیکەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی، سیاسی، چینایەتی، ئابووریو هتد دان بەڵکوو لە بواری ڕەگەزیو بە تەواوی ژن بوونیش ستەمیان لێدەکرێو وەك مرۆڤی پلە دووو کۆیلە چاویان لێدەکرێ.

**ژێدەر:**

**١ـ آرون ، ریمون، مراحل اساسی سیر اندیشه در جامعەشناسی، ترجمه باقر پرهام، شرکت انتشارات علمی فرهنگی، چاپ چهارم، ١٣٧٧ تهران**

**٢ـ طلوعی ـ رویا، سکوت در برابر خودسوزی زنان، وقایع الاتفاقیه**

**پەراوێزەکان:**

**١ـ آرون ، ریمون، مراحل اساسی سیر اندیشه در جامعەشناسی، ترجمه باقر پرهام، شرکت انتشارات علمی فرهنگی چاپ چهارم، ١٣٧٧ تهران**

**٢ـ طلوعی ـ رویا، سکوت در برابر خودسوزی زنان، وقایع الاتفاقیه**

***

# مەجلیسی حەوتەم، پاشڤەڕۆیی پتر



پاش هەڵبژاردنی حەوتەمین خولی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی ئێران کە لە ئاکامی وەلانانی سەدان کاندیدای سەربەخۆو یان سەر بە قۆڵی بە ناو ریفورم خوازی نێو حاكمییەت، بەرێوە چووو. بە داگیر کردنی زۆربەی کۆرسییەکانی پارلمان لە لایەن کەسانی سەر بە قۆڵی بە ناو ریفورمخوازی نێو حاکمییەت بەرێوە چووبە داگیر کردنی زۆربەی کورسییەکانی پارلمان لە لایەن کەسانی سەر بە قۆڵی کۆنەپارێزی ڕێژیمەوە کوتایی هات، پیش بینی کردنی ئەوەی کە مەجلیسی حەوتەم لە پێناوی وەدیهێنانی سیاسەتە کونەپەرستانەکانی قۆڵی کۆنەپەرەست تری ڕێژیم هەنگاو هەڵ بگرێ، شتێکی ئاسایی بوو و چاوەڕەان کراوبوو. چونکە وەلانانی کاندیدا سەربەخۆکان یا ئەوانەی سەر بە قۆڵی بە ناو ریفۆرمیستی بوون، بۆ خۆی نیشانەیەکە لە سیاسەتی کۆنەپارێزان لە بەر تەسککردنەوەیوتەنگەبەرکردنی فەزای نێو مەجلیس بووو ئەو پەیامەی پێ بوو کە ڕێبەرانی سەرەکیی ڕێژیم ناتوانن کەمترین دەنگی نەیارانی خۆیان و هەروەها گەڵاڵەکردنی مەسەلە گەلێك لەمەر وڵامدەر بوون بە لانیکەمی ویستەکانی کۆمەڵگا تەحەموڵ بکەنو لە ململانێ لەگەڵ ئەو نوێنەرانەی کە لانی کەمی ویستەکانی خەڵکیان لە چوارچێوەیەکی بەرتەسك دا دینایە گۆڕێ، ماندوو بوون. کە وا بوو بە پێکهێنانی مەجلیسێك بەو شێوەیە کە کاربەدەستانی سەرەکیی ڕێژیم دەیانهەوێ. واتە مەجلیسێك کە نوێنەرەکانی بەر لەوی نوێنەری خەڵكو هەڵگری گەڵاڵەی پیداویستییەکانی ناوچە جیاجیاکانی وڵات نین، نوێنەری ڕێژیم و پاساودەری سیاسەت، ڕەفتارو کریارە نادیموکراتیکەکانی ڕێژیم وکاربەدەستانی سەرەکیی وی بنو پلان و بەرنامەکانیان لە پیناوی دابینکردنی خواستو بە گوێرەی بۆچوونەکانی کاربەدستانی ڕێژیم دارێژن. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دا ئاساییەکە پاشڤەڕۆیی لە ئاستێکی بەرفرەتر دا حاکم بێ و فەزای مەجلیس بۆ هێنانە گۆڕی لانی کەمی ویستەکانی خەڵك لەمە پتر بەرتەسك بکرێتەوە.

بەدەسبەکار بوونی مەجلیسی حەوتەم و دیاریکردنی ئەندامانی کومیسیونەکانی دەربرینی بیرورای جیاجیا لەم پێوەندییە لە زیاد بوون دایە و ئەوەی تا ئێستا لەو ڕاوبۆچوونانەدا، دەرکەوتوە، ڕاستو دروستیی پیشبینییەکان لە پێوەندی لەگەڵ گرتنە بەری ڕەوتی پاشڤەڕۆژی زیاتر لە لایەن مەجلیسی حەوتەمەوە نیشان دەدەن. یەکێك لەو کومیسیۆنانە تا ئێستا ئەندامەکانی، تا ڕادەیەکی کەم بەرنامەکانی خۆی خستونەتە ڕوو.

باوەڕیکۆمیسیۆنی فەرهەنگیی مەجلیسی حەوتەمە. قسەکانی ئەندامانی ئەم کومیسیۆنە کە زۆرتر باس لە دژایەتی لەگەڵ ڕەچاو کردنی باشی حیجاب و پەسەند کردنتی کۆمەڵێك قانوون لەم پێوەندییە لەگەڵ "ڕێنوێنی بۆ لای چاکە و دوور خستەوە لە خراپە" پێشاندەری کومیسیۆنی ناوبراو و گرتنەبەری ڕەفتاری سەخت و توندتر لە چوارچێوە ڕوانگەی فەرهەنگیی قۆڵی کۆنەپارێز دایە. فاتمە "ئالیا " نوێنەری مەجلیسی حەوتەم لە تارانەوە، وێڕای ڕاگەیاندنی بەرنامەکانی کۆمیسیۆنی فەرهەنگیی مەجلیس، باسی لە تیکۆشان و پەسەندکردنی قانوونگەلێك کرد کە لە سەر جێبەجێکردنی "ڕێنوینی بۆ چاکەو دوور خستنەوە لە خراپە" شیلگیرترن. ناوبراو بۆ چارەسەری کێشەی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لە کۆمەڵ دا، فرە ژنی و هێنانی چەند ژنی لە لایەن پیاوێکەوە پێشنیار کردو هەروەها دژایەتیی خۆی لەگەڵ ئەندامەتیی ئێران لە کۆنواسیۆنیلابردنی جیاوازی لە سەر ژنان دەربڕی کۆنواسیۆنێك کە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی قبووڵیان کردوەو مەجلیسی شەشەمیش پێوەست بوونی ئێرانی بەم کۆنواسیۆنە پەسەند کردبوو کە لەگەڵ دژاییتیی توندی شووڕای نیگابان دا بەرەوەڕوو بوو، و ئەم کارەیان بە ناتەباو دژ لە گەل شەرعو قانوونی ئەساسی لەقەلەم دا.

عەبباسعەلی ئەختەری، نوێنەرێکی دیکەی تارانیش لە مەجلیس باسی لە پێوەستیی بەرەنگاربوونەوەی جیددیی، ئەوەی کە ناوبراو ناوی "بەد حیجابی" لێ نا، کرد. تەنانەت لەبەر کردنی جلوبەرگی وەك مانتۆی تەنکیشی دژی بنەمای حیجابی جیێ پەسەندی ئیسلام زانی.

کۆمیسیۆنی فەرهەنگیی مەجلیس، بە پێی ئەم چەشنە بۆچوونانە پێك هاتووە و ئاساییە کە بەرنامەکانیشی هەر لەم پێناوەداو بە مەبەستی وەدیهاتنی ئەم چەشنە ئامانجگەلە دادەڕێژرێنو هەروەك عبباسعەلی ئەختەری دەڵێ، هەوڵ دەدرێ ئەوانەی کە تێ دەکۆشن پێوەرە ڕۆژئاواییەکان وەك پێوەری فەرهەنگی پەرە پێ بدەن تێ بگەنین کە ئەم چەشنە پێوەرەگەلە شیاوی کۆمەڵگای ئیسلامی نین و دەبێ بەرەنگارییان لەگەڵ بکرێ.

بەرنامەگەلی ئەتۆ لەلایەکەوە فەزاکە پتر تەنگەبەر دەکەنەوە و لە لایەکیدیکەوەش تروەش دەستی گرووپو تاقمە حیزبوڵڵاییەکان، گۆپاڵ بەدەستانو. . بۆ ئەزیەت و ئازاری خەڵکی ئێران ئاوڵەتر دەکەن و مەیدانی خەباتی ڕوانگەی حیزبوڵڵایی لەگەڵ ڕوانگەی شەیتانپەرستی، ڕۆژئاوایی (بە پیی قسەی عەبباسعەلی) بەرفرە تر دەکاو خەڵك ناچار دەکەن کە دیسان بە قەولی ناوبراو، لە نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای مەهدوەی مل بۆ ئەمەی دوایی ڕاکێشن.

ئەم چەشنە بۆچوونانە گەرچی لەگەڵ ڕەخنەی بەرینو ڕاشکاوانەی خەڵکی ئێران دا بەرەوروو بووە، بەڵام وادیارە کە مەجلیسی حەوتەم و کۆمیسیۆنە فەرهەنگییەکەی لە سەر دابەزاندنی ئەم سیاسەتو هەنگاوانە بە یارمەتیی گرووپە سەرەڕۆو تاقمە گۆپاڵ بە دەستەکان بە بیانووی"ڕینوینی بۆ لای چاکەو دوور خستنەوە لە خراپە" سوورە.

جێبە جیکردنی ئەم جۆرە بەرنامانە لە لایەن کومیسیونی فەرهەنگیی مەجلیسی حەتەومەوە، بێ گومان دژکردەوە بەرفرەتری خەڵکی بەدواوە دەبێ و بەرنامەکانی کۆمیسیۆنەکانی دیکەی مەجلیسیش کە لە سەر بنەمای بیرکردنەوەی توندی مەزهەبی، دادەڕێژرێن، دیسان ئاستی نارزایەتیی کۆمەڵانی خەڵك دەبنە سەرێ. لە ئاستی نێونەتەوەیش دا و بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ناوەکی کەوادیارە مەجلیسی حەوتەم لانی کەم بۆ وەرگرتنی باجیش بووە، ڕێژیم لە هاوکاری زیاتر لەگەڵ ئاژانسی وزەی ناوکی دوور بخاتەوە یا لەم بوارەوە بە فرتوفێڵی جۆراوجۆر خۆی بدزێتەوە، کێشەو ئاڵۆزی گەلی نوێ بنێتەوە.

ناچار کرانی کوڕو کۆمەڵی نێونەتەوەییەکان بۆ فشار خستنەسەر کۆماری ئیسلامی و پەرەسەندنی نارەزایەتیی گشتی (نێوخۆی وڵات سەبارەت بە پلان و پەسەندکراوەکانی مەجلیسی حەوتەم) دەتوانن بوار بۆ بەرەنگار بوونەوەی بەرینترو کاریگەرتری خەڵکی ئێران دژی ڕێژیمی سەرەڕۆو دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی پێك بێنێو ڕێژیم بخەنە ڕەوشێکی دژوارترەوە کە بۆ خۆی پێکی هێناوە. بە تایبەت لە داهاتوودا کە بەرنامە و سیاسەتەکانی مەجلیسی حەوتەم پتر بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و بیروڕای گشتیی خەڵکی جیهان ڕوون دەبنەوەو نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئاشکرا دەبێ.

***

# كورد نابێ له‌ ئۆله‌مپیكی ٢٠٠٤ی ئاتێن به‌شدار بێ!

رۆژی هه‌ینی ٧ی پووشپه‌ڕ له‌سه‌ر بڕیاری كومیته‌ی میللیی ئۆله‌مپیكی ئێران، عه‌بدوڵلا چه‌مه‌نگوڵی یه‌كێك له‌ راهێنه‌ره‌كانی تیمی زۆرانی شان‌و مل (فرنگی)ی ئێران، كه‌ بڕیار وابوو له‌گه‌ڵ ئه‌و تیمه‌ له‌ یاری‌یه‌ نێونه‌ته‌وه‌یی‌یه‌كانی خه‌ڵاتی گه‌وره‌ (جایزه‌ بزرگ)ی مه‌جارستان به‌شداری بكا، له‌ فرۆكه‌خانه‌ی مێهرئابادیی تاران له‌و تیمه‌ وه‌لانرا، ئه‌م كاره‌ بووه‌ مایه‌ی سه‌رسووڕمانێكی زۆر له‌ نێو زۆرانوانه‌كان‌و به‌ڕێوه‌به‌رانی زۆرانی ئێران. هه‌ر له‌و پێوه‌ندی‌یه‌دا تالێقانی سه‌رۆكی فیدراسیۆنی زۆرانی ئێران، رۆژی ٨ی پووشپه‌ڕ له‌ وتووێژێكدا له‌گه‌ڵ به‌شی هه‌واڵه‌ وه‌رزشی‌یه‌كانی كاناڵی ٣ی تلویزیۆنی ئێران، وتی: "هاشمی‌ته‌با سه‌رۆكی كومیته‌ی میللیی ئۆله‌مپیكی ئێران به‌بێ هێنانه‌وه‌ی هیچ چه‌شنه‌ به‌ڵگه‌یه‌ك‌و ته‌نیا به‌ كه‌ڵك وه‌رگرتن له‌ ده‌سه‌ڵاتی خۆی، چه‌مه‌نگوڵیی له‌ فرۆكه‌خانه‌ی مێهرئاباد له‌ تیم وه‌لانا. منیش وه‌ك سه‌رۆكی فیدراسیۆنی زۆران، كه‌ بڕیار بوو له‌گه‌ڵ تیمی زۆران بۆ مه‌جارستان بچم، وه‌ك پشتیوانی‌كردن‌و هاوده‌ردی‌نواندن له‌گه‌ڵ چه‌مه‌نگوڵی له‌ چوون بۆ مه‌جارستان پاشگه‌ز بوومه‌وه‌".

عه‌بدوڵلا چه‌مه‌نگوڵی خه‌ڵكی شاری سه‌قزه‌و له‌گه‌ڵ محه‌ممه‌دی برای له‌ ده‌یه‌ی ٦٠دا، چه‌ندی پله‌و میداڵی جۆراوجۆری نێونه‌ته‌وه‌یی‌یان له‌ زۆرانی شان‌وملدا بۆ ئێران وه‌ده‌ست هێناوه‌. محه‌ممه‌د له‌ پێشبڕكێی ١٩٨٦ی ئاسیایی سئۆول، پله‌ی دووهه‌م‌و میداڵی زێوی كێشی ٦٨ كیلۆی وه‌ده‌ست هێناو دواتریش له‌ زۆربه‌ی ئه‌و یاری‌یانه‌ی كه‌ زۆرانی ئێران به‌شداری كردوه‌، یه‌كێك له‌ پله‌كانی یه‌كه‌م تا سێهه‌می وه‌ده‌ست هێناوه‌. عه‌بدوڵلاش كه‌ براچووكه‌ی محه‌ممه‌ده‌ له‌ كێشی ٦٢و٦٨ی شان‌وملی ئێران بۆ ماوه‌ی نیزیك به‌ ١٠ ساڵ پله‌ی یه‌كه‌می ئێرانی وه‌ده‌ست هێناوه‌و به‌ ده‌یان میداڵی جۆراوجۆری نێوخۆیی، ئاسیایی‌و نێونه‌ته‌وه‌یی وه‌ده‌ست هێناوه‌. چه‌مه‌نگوڵی‌یه‌كان خزمه‌تێكی زۆریان به‌ زۆرانی ئێران كردوه‌، چ ئه‌و كاته‌ی وه‌ك یاریزان له‌ تیمی میللیی ئێراندا به‌شدارییان كردوه‌و چ له‌ كاتی راهێنه‌ری‌دا كه‌ له‌ خزمه‌تی لاوانی وڵاته‌كه‌یاندا بوون.

ساڵی ١٣٨١ تیمی زۆرانی لاوانی ئێران (ژێره‌وه‌ی ٢٠ ساڵ) به‌ راهێنه‌ریی عه‌بدوڵلا پله‌ی یه‌كه‌می قاره‌مانی لاوانی ئاسیای له‌ شاری مه‌شهه‌د وه‌ده‌ست هێنا، كه‌چی هه‌ر ئه‌و ساڵه‌ ناوبراویان له‌و پۆسته‌ وه‌لانا. به‌ڕێوه‌به‌رانی وه‌رزشی ئێران به‌جێی ئه‌وه‌ی رێز له‌ چه‌مه‌نگوڵی‌یه‌كان بگرن‌و له‌ هه‌موو بوارێكدا كارئاسانییان بۆ بكه‌ن تا زیاتر بتوانن خزمه‌ت به‌ وه‌رزشی وڵاته‌كه‌یان بكه‌ن، به‌پێچه‌وانه‌ چ ئه‌و كاته‌ی زۆرانیان ده‌گرت‌و چ ئێستا كه‌ ئه‌ركی راهێنه‌رییان گرتۆته‌ ئه‌ستۆ، جیا له‌ دروست كردنی كۆسپ له‌سه‌ر رێیان كارێكی دیكه‌ی بۆ نه‌كردوون‌وتا ئه‌و جێگایه‌ توانیویانه‌ له‌ سه‌ركه‌وتنه‌ نێوخۆیی‌یه‌كانی ئه‌وان پێشگیرییان كردووه‌، بۆ ئه‌وه‌ی نه‌بنه‌ ئه‌ندامی تیمی میللیی ئێران، به‌وحاڵه‌ش چه‌مه‌نگوڵی‌یه‌كان به‌لێهاتوویی‌و وره‌ی تایبه‌تی خۆیان ته‌واوی ره‌قیبه‌ نێوخۆیی‌یه‌كانی خۆیان شكست ده‌داو ده‌بوون به‌ ئه‌ندامی تیمی میللی‌و له‌ یاری‌یه‌ نێونه‌ته‌وه‌یی‌یه‌كاندا به‌شدارییان ده‌كردو سه‌ركه‌وتنه‌كانیان كه‌متر له‌ سه‌ركه‌وتنه‌كانی یاریزانانی ئێستای زۆران نه‌بووه‌، كه‌چی به‌و شێوه‌یه‌ كه‌ شیاوی قاره‌مانێكی میللی‌یه‌ رێزو حورمه‌تیان بۆ دانه‌ناون.

بڕیاری ئه‌م جاره‌ی هاشمی‌ته‌با له‌سه‌ر چه‌مه‌نگوڵی سه‌ره‌تایه‌كه‌ بۆ وه‌لانانی ناوبراو له‌ تیمی به‌شدار له‌ ئۆله‌مپیكی ٢٠٠٤ی ئاتێن. ته‌نانه‌ت قسه‌كانی سه‌رۆكی كومیته‌ی میللیی ئۆله‌مپیك كه‌ رۆژی ١١ی پووشپه‌ڕ له‌ به‌شی هه‌واڵه‌ وه‌رزشی‌یه‌كانی كاناڵی ٣ی تلویزیۆنی ئێران، بڵاو بۆوه‌ وتی: "بۆ وه‌لانانی چه‌مه‌نگوڵی هیچ مه‌سه‌له‌یه‌ك له‌ گۆڕێدا نه‌بوه‌و ته‌نیا وامان پێ باش بووه‌ چه‌مه‌نگوڵی كه‌ یه‌كێك له‌ باشترین راهێنه‌ری‌كانی ئێستای زۆرانی ئێرانه‌، له‌و تیمه‌ی وه‌لابه‌رین!". ته‌نانه‌ت ناوبراو له‌ درێژه‌ی قسه‌كانی‌دا داوای له‌ چه‌مه‌نگوڵی كرد كه‌ له‌ ئاڵۆزكردنی وه‌زعه‌كه‌ خۆ بپارێزێ.

رۆژی پێنج‌شه‌ممه‌ ١١ی پووشپه‌ڕ، تیمی زۆرانی ئێران به‌دوای به‌شداری كردن له‌ جامی خه‌ڵاتی گه‌وره‌ی مه‌جارستان كه‌ جامێكی مام ناوه‌ندی‌یه‌، به‌ وه‌ده‌ست هێنانی ته‌نیا یه‌ك میداڵی برۆنز گه‌ڕایه‌وه‌ ئێران‌و له‌ فرۆكه‌خانه‌ی مێهرئابادی تاران زۆربه‌ی ئه‌ندامانی به‌شدار له‌و تیمه‌دا هۆی لاوازیی ئاكامه‌كه‌یان گه‌ڕانده‌وه‌ بۆ وه‌لانانی چه‌مه‌نگوڵی له‌و تیمه‌ كه‌ زه‌برێكی قورسی به‌ یاریزانه‌كان گه‌یاندو به‌و شێوه‌یه‌ كه‌ پێویست بوو نه‌یانتوانی لێهاتوویی خۆیان ده‌ربخه‌ن. لێره‌دا ئه‌وه‌مان بۆ ده‌رده‌كه‌وێ كه‌ چه‌مه‌نگوڵی ته‌نیا له‌به‌ر كوردبونی به‌و شێوه‌یه‌ وه‌به‌ر غه‌زه‌بی كومیته‌ی میللیی ئۆله‌مپیك كه‌وتوه‌و مه‌به‌ستیشیان پێشگرتنه‌ له‌ چوونی كورده‌كان بۆ یاری‌یه‌كانی ئۆله‌مپیكی ئاتێن. وه‌ك پێشتریش راگه‌یه‌ندرا، فه‌ره‌یدوون قه‌نبه‌ری زۆرانه‌وانی كرماشانی كێشی ٨٤ كیلۆی ئێران كه‌ سه‌همیه‌ی ئه‌م كێشه‌ی بۆ یاری‌یه‌كانی ئۆله‌مپیك وه‌ده‌ست هێناوه‌و له‌ دوو ساڵی رابردوودا باشترین ٨٤ كیلۆی ئێرانیش بووه‌، له‌ تیمی زۆران وه‌لانراو باسی هێنانه‌وه‌ی ئه‌میره‌زا خادم ده‌كرێ تا له‌ یاری‌یه‌كانی ئۆله‌مپیكدا به‌شداری بكا.

له‌ بڕیارو هه‌ڵوێسته‌كانی به‌ڕێوه‌به‌رانی وه‌رزشی ئێراندا سه‌باره‌ت به‌ یاریزانان‌و وه‌رزشوانانی كورد، ته‌نیا مه‌به‌ستێك به‌ روونی دیاره‌ ئه‌ویش بریتی‌یه‌ له‌ پێشگیری له‌ به‌شداریی یاریزانان‌و راهێنه‌رانی كورد له‌ یاری‌یه‌ نێونه‌ته‌وه‌یی‌یه‌كان‌و وه‌لانانیان له‌ ئاستی وه‌رزشی ئێراندا تا رێگا خۆش بكرێ بۆ به‌شدرای یاریزانانی تاران، ئیسفه‌هان، شیرازو. . . .

***



## هه‌واڵه‌ وه‌رزشی‌یه‌كان



### ماڵئاوایی یه‌كجاریی محه‌ممه‌دی ره‌نجبه‌ر

رۆژی یه‌كشه‌ممه‌ ٧ی پووشپه‌ڕ، محه‌ممه‌د ره‌نجبه‌ر یاریزان‌و راهێنه‌ری پێشووی فووتباڵی ئێران به‌دوای یه‌ك ساڵ به‌ربه‌ره‌كانێ له‌گه‌ڵ نه‌خۆشی‌دا، كۆچی دوایی كرد.

ره‌نجبه‌ر كه‌ خه‌ڵكی شاری كرماشانه‌، خزمه‌تێكی زۆری به‌ فووتباڵ كردوه‌. ناوبراو ٢٢ یاری له‌ تیمی میللیی ئێراندا كردوه‌و ساڵی ١٩٤٦ له‌گه‌ڵ ئه‌و تیمه‌ له‌ یاری‌یه‌كانی ئۆله‌مپیكی تۆكیۆدا به‌شداریی كردوه‌. هه‌روه‌ها تیمی میللیی فووتباڵی ئێران به‌ راهێنه‌ریی ره‌نجبه‌ر، ساڵی ١٩٧٢ پله‌ی یه‌كه‌می جامی نه‌ته‌وه‌كانی ئاسیای وه‌ده‌ست هێنا. ئه‌و له‌ چه‌ند ساڵی رابردووش‌دا وه‌ك سه‌رپه‌رستی تیمی میللیی فووتباڵی ئێران له‌ خزمه‌ت فووتباڵی ئێراندا بووه‌. ناوبراو له‌ یانه‌كانی پاس‌و ئیستقلال (تاجی رابردوو) یاری كردوه‌و یه‌كێك له‌ یاریزانه‌ لێهاتووه‌كانی ئه‌و تیمانه‌ بووه‌.

ره‌نجبه‌ر چه‌ند جایش گه‌ڕاوه‌ته‌وه‌ كرماشان‌و ئه‌ركی راهێنه‌ریی تیمه‌ كرماشانی‌یه‌كانی وه‌ئه‌ستۆ گرتوه‌و له‌و بواره‌ش‌دا خزمه‌تی به‌ فووتباڵی كرماشان كردوه‌.

### بانگهێشتنی شاهۆ بێهزادپوور بۆ تیمی میللیی بسكێتباڵ

رۆژی ١٢ی جۆزه‌ردان، راهێنه‌ری تیمی میللیی لاوانی ژێره‌وه‌ی ٢٠ ساڵی به‌سكێتباڵی ئێران به‌ مه‌به‌ستی پێك هێنانی تیمی میللی، داوای له‌ شاهۆ بێهزادپوور، یاریزانی سنه‌یی كرد تا له‌ راهێنانه‌كانی تیمی میللیی لاواندا به‌شداری بكا. شایانی باسه‌ كه‌ تیمی میللیی لاوانی به‌سكێتباڵی ئێران خۆی بۆ به‌شداری كردن له‌ یاری‌یه‌كانی ئاسیایی ئاماده‌ ده‌كا.

### گه‌یشتنی موحسنی رازقی به‌ تیمی میللیی والیباڵی ئێران

موحسنی رازقی یاریزانی تیمی بانكی تێجاره‌تی كرماشان، رۆژی ١٢ی جۆزه‌ردان له‌لایه‌ن راهێنه‌ری تیمی میللیی‌لاوان (ژێره‌وه‌ی ٢٠ ساڵ)ی ئێران بۆ پێك هێنانی تیمی میللیی والیباڵی لاونی ئێران بانگهێشتن كرا. تیمی میللیی والیباڵی لاوانی ئێران خۆی بۆ به‌شداری له‌ یاری‌یه‌كانی قاره‌مانی، كه‌ له‌ مانگی خه‌رمانان له‌ وڵاتی قه‌ته‌ر به‌ڕێوه‌ده‌چێ، ئاماده‌ ده‌كا.

### كرماشان كانادای شكست دا

رۆژی سی‌شه‌ممه‌ ١٢ی جۆزه‌ردان، تیمی زۆرانی لاوانی كانادا له‌ یاری‌یه‌كی دۆستانه‌دا له‌ شاری كرماشان له‌ به‌رامبه‌ر لاوانی كرماشان شكستی خوارد. له‌م یاری‌یه‌دا كه‌ له‌ یاریگای ٦٠٠٠كه‌سیی ئه‌و شاره‌دا به‌ڕێوه‌چوو، لاوانی كرماشان له‌ به‌رامبه‌ر تیمی میللیی لاوانی كانادادا ٢١ــ١٧ سه‌ركه‌وتنیان وه‌ده‌ست هێنا.

### سه‌ركه‌وتنی به‌هێزی كوردستان

تیمی میللیی زۆرانی لاوانی كانادا له‌ درێژه‌ی یاری‌یه‌ دۆستانه‌كانی‌دا رۆژی ١٣ی جۆزه‌ردان له‌ شاری سنه‌ له‌ به‌رامبه‌ر تیمی ئوستانی كوردستان، تووشی شكستێكی گه‌وره‌ هات. له‌م یاری‌یه‌دا یاریزانانی كوردستان توانییان ٢٧ـ١٦ كانادا شكست بده‌ن.

### دوایین هه‌واڵی یوورۆ ٢٠٠٤

#### یوونان قاره‌مانی جامی دوازده‌هه‌م



یاریی كۆتایی جامی نه‌ته‌وه‌كانی ئورووپا (یوورۆ ٢٠٠٤) رۆژی ١٤ی پووشپه‌ڕ له‌ یاریگای لوزی شاری لیسبوون به‌ ناوبژیوانیی ماركوس مێركی ئه‌ڵمانی‌و له‌ به‌رامبه‌ر ٦٥ هه‌زار بینه‌ر به‌ڕێوه‌چوو.

له‌م یاری‌یه‌دا یوونان هه‌ر وه‌ك یاری‌یه‌كانی پێشوو به‌ به‌رگری‌یه‌كی به‌هێزو كه‌ڵك وه‌رگرتن له‌ هه‌ڵه‌كانی یاری به‌ گۆڵی ده‌قیقه‌ی ٥٧ی ئارستیس توانی ٠ـ١ له‌ به‌رامبه‌ر پورته‌غاڵ‌دا سه‌ركه‌وتن وه‌ده‌ست بێنێ، تا له‌ مێژووی ئه‌م یاری‌یانه‌دا گه‌وره‌ترین ئاكامی چاوه‌ڕوان نه‌كراو تۆمار بكرێ.

### پۆوته‌غاڵ ـ یوونان به‌ڕێوه‌به‌ری یاریی كرانه‌وه‌و كۆتایی یوورۆ ٢٠٠٤



یاری‌یه‌كانی یوورۆ ٢٠٠٤ به‌دوای به‌ڕێوه‌چوونی ٣٠ یاری گه‌یشته‌ قۆناغی كۆتایی‌و به‌ به‌ڕێوه‌چوونی یاری پۆرته‌غاڵ‌و یوونان ئه‌م جامه‌ش كۆتایی پێ‌دێ. یاری كرانه‌وه‌ی ئه‌م جامه‌ له‌ نێوان پۆرته‌غاڵ‌و یوونان به‌ڕێوه‌چوو كه‌ له‌ ئاكام‌دا یوونان ٢ـ١ له‌ مێوانداری ئه‌م یاری‌یانه‌ی برده‌وه‌ تا یه‌كه‌م ئاكامی چاوه‌ڕواننه‌كراوی یاری‌یه‌كان له‌ یه‌كه‌م یاری‌دا ده‌ربكه‌وێ. پۆرته‌غاڵ به‌دوای ئه‌م شكسته‌ له‌ یاری‌یه‌كانی دواتردا له‌ به‌رامبه‌ر رووسیه‌، ئیسپانیا، ئینگلیس، هوله‌ند سه‌ركه‌وتنی وه‌ده‌ست هێناو گه‌یشته‌ قۆناغی كۆتایی‌و یوونانیش وه‌ك تیمی دووهه‌می گرووپی یه‌كه‌م هاته‌ قۆناغی دووهه‌م‌و دوو سه‌ركه‌وتنی گه‌وره‌ی له‌ به‌رامبه‌ر فه‌ڕانسه‌ قاره‌مانیی پێشووی ئه‌م جامه‌و كۆماری چێك كه‌ یه‌كێك له‌ باشترین تیمه‌كانی ئه‌م جامه‌ بوو، وه‌ده‌ست هێنا تا جارێكی دیكه‌ له‌گه‌ڵ پۆرته‌غاڵ به‌یه‌ك بگه‌نه‌وه‌، به‌و جیاوازی‌یه‌ كه‌ ئه‌م جاره‌یان له‌ یاریی كۆتایی‌و بۆ دیاریكردنی قارمانی یوورۆ ٢٠٠٤ پێكه‌وه‌ ململانێ ده‌كه‌ن.

ئاكامه‌ چاوه‌ڕوان نه‌كراوه‌كانی یاری‌یه‌كان بریتی بوو له‌ وه‌لانانی تیمه‌ به‌هێزه‌كانی ئورووپا له‌ قۆناغی یه‌كه‌م‌دا. ئیتالیا، ئیسپانیا، ئه‌ڵمان ئه‌و تیمانه‌ بوون كه‌ بۆ قاره‌مانی له‌م جامه‌دا به‌رنامه‌ڕێژیی زۆریان كردبوو كه‌چی هه‌ر له‌ قۆناغی یه‌كه‌م‌دا به‌ هۆی تیمه‌ مام ناوه‌ندی‌یه‌كانه‌وه‌ وه‌لانران. یاریی كۆتایی رۆژی یه‌كشه‌ممه‌ ١٤ی پووشپه‌ڕ به‌ڕێوه‌ده‌چێ تا قاره‌مانیی جامی ئوورۆ ٢٠٠٤ دیاری بكرێ.

### كوردستان قاره‌مانی یاری‌یه‌كانی زۆرخانه‌یی ئێران

حه‌وته‌مین خولی یاری‌یه‌كانی زۆرخانه‌یی ئێران، رۆژه‌كانی ٢١و٢٢ی جۆزه‌ردان له‌ شاری سنه‌ به‌ڕێوه‌چووو كه‌ له‌ ئاكام‌دا ئوستانی كوردستان پله‌ی یه‌كه‌می (٢٠ تا ٣٠ ساڵ) وه‌ده‌ست هێنا. به‌دوای كوردستان‌دا كه‌ ١٥٠٤ خاڵی وه‌ده‌ست هێنابوو، تیمه‌كانی ئوستانی مه‌ركه‌زی‌و ئیسفه‌هان به‌ ١٣٠٩و ١٢٨٣ خاڵ پله‌ی دووهه‌م‌و سێهه‌میان وه‌ده‌ست هێنا.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 392    8 Jul 2004

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنی‌و بڵاوکراوەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران‌و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، بڕواننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

ماڵپەڕی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران:
www.rdki.com


# تراژیدیی خوسووتاندن خۆی خزاندە نێو کایەی منداڵانی ئیلامەوە



دەنگی ناڵەو قیژەی کیژۆڵەیەك کە هێدی هێدی گەشیی چاوەکانی رەنگی مەرگی لـێ دەنیشت‌و بە دەست گڕی ئاورەوە هاواری دەکردو لەمسەر بۆ ئەوسەری ماڵەکە هەڵدەهات تاوەکوو دەردی تاقەتپڕووکێنی سووتانی هێدی بێتەوە، زۆرجار لە ئوستانی ئیلام دووپات بۆتەوە.

ئەمرۆ کایەی تراژیدیی خۆسووتاندن لە ئیلام دووپات بۆوە، ئەمجار چیرۆکی تاڵـی منداڵانی چەند کوڕو کیژۆڵەیە کە دەیانەوێ لاسایی گەورەکان بکەنەوە.

ئەمیر محەممەدی سدقی، تەمەن پێنج ساڵە کە ماوەیەك لەوەپێش چیرۆکی خۆسووتاندنی ژنە جیرانەکەیانی لە زمانی دایکی‌یەوە بیستوە کە نەوتی بەخۆی‌دا کردووەو خۆی ئاور داوە، ئەمرۆ لە دنیای منداڵانەی خۆی‌داو بە لاسایی‌کردنەوەی گەورەکان خۆی ئاور تێ‌بەردا.

هاوتەمەنان‌و هاواڵانی ئەمیر محەممەد کە شاهیدی سووتانی لەشی ناسکی بوون، بە شێوەیەك دەحەبەسێن کە یەکیان زمانی دەگیرێ‌و لەوانەیە ئیدی قەت نەتوانێ قسە بکا.

تراژیدیی سامناکی خۆسووتاندن لە کایەی گەورەکاندا لە ئیلام تا ئێستا زۆرجار دووپات بۆتەوەو گیانی لە زۆر کچ‌و تەنانەت زۆر ژنی ئەم ئوستانە ئەستاندوە.

ماوەیەك لەوەپێش کچێکی دیکە کە هێشتا تامی شیرینی لاوەتیی نەچێشتبوو، خۆی ئاور تێ‌بەردا تا چیدیکە گوێی لە تانەو تەشەری باوك یان کەسانی دیکە نەبێ.

هەر رۆژە کەسێك بە ئاماری ئەو ژن‌و کچانە زیاد دەبێ کە خۆسووتاندن بەتەنیا رێگاچارەی کۆتایی هێنان بە دەردەکانیان دەزانن. چ رێگایەکی ناحەزو خراپیان هەڵبژاردوە کە گیانی خۆیان دەخەنە باوەش ئاور، تا بەم شێوەیە ئاوری ئەوینی دەروونیان دامرکێنن.

شێوە ئیپیدمیی خۆکوژی بە سامناکترین میتۆدی خۆسووتاندن لە کۆتایی‌یەکانی دەیەی ٦٠دا لە ئیلام لە دوای شەڕی ئێران‌و عێراق دەستی پێ‌کرد.

بەپێی ئەو ئامارانەی لەبەر دەستدان لە ساڵانی ٦٧ تا سەرەتاکانی ٧٠، ٧٨٨ خۆکوژی لە ئیلام تۆمار کراوە کە لەم رێژەیە ٢٥٠ نموونەیان هی ساڵـی حەفتایە. زیادبوونی ساڵانەی ٢٠ تا ٣٠ لەسەدی خۆکوژی لە ئوستانی ئیلام، بەرپرسانی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە بۆ پێشگرتن لەم مەسەلەیە هەنگاو هەڵێننەوە. خۆکوژی لە ساڵـی ٧٦، رەوتی زیادبوونی خۆی پێواوەو لە ئوستانی ئیلام لە هەر ١٠٠ هەزار کەس ٦٣ کەس پەنایان بۆ خۆکوشتن بردوە. کە ئەم ژمارەیە لە وڵات‌دا بێ‌وێنەو سەرنجڕاکێشە.

بەپێی رگەیاندنی کەسانی پسپۆڕو شارەزا، نرخی چوونەسەرەوەی خۆکوژی لە ئوستانی ئیلام لە ساڵـی ٨١دا بە بەراورد لەگەڵ ساڵـی پێشوو، ٢٠ لەسەد زیادی کردووەو زۆربەی ئەو کەسانەی کە خۆیان کوشتوە، بە زیادبووی ٦٠ لەسەد تەمەنیان لە نێوان ١٥ تا ٣٠ ساڵ دایە، واتە لاوان. هەروەها بەپێی ئاماری غەیرەرەسمی ساڵـی رابردوو، ٤٢١ کەس لە خەڵکی ئوستانی ئیلام پەنایان بۆ خۆکوژی بردوە کە نزیکەی ١٣٠ کەسیان گیانی خۆیان لەدەست داوە.

# ژمارەی کچانی خوازیاری بەشداری لە کۆنکۆری ئەمساڵ لە میلیۆنێك و ١٦٠ هەزار کەسیش تێ پەری




ئیسنا: ژمارەی کچانی خوازیاری بەشداری لە تاقیکردنەوەی سەرانسەریی زانستگەکان‌و ناوەندەکانی فێرکردنی بەرزی وڵات ئەمساڵ لە سنووری میلیونێك و ١٦٠ هەزار کەسیش تێ پەری.

بە پێی راپۆرتی هەواڵنێری سێرویسی فێرکردنی هەواڵدەریی خوێندکارانی ئێران (ئیسنا)، لە کۆنکۆری ئەمساڵدا، وەك لە ناونووسی لە گرووپە جۆراوجۆرەکانی تاقیکردنەوە دا دەردەکەوێ، لە سەریەك میلیونێك‌و٩٢٧ هەزارو ٧٩٧ داخوازی پێشکەش کراوە کە لەم ژمارەیە، میلیونێك‌و ١٦١ هەزارو ٦٣٠ کەسیان کچی خوازیارن‌و ٧٦٦ هەزارو ١٦٧ کەسیان پیاوی خوازیارن.

بە پێی ئەو راپۆرتە، لە گرووپی زانستەکانی ماتماتیك‌و فەنی دا٣٩٨ هەزارو ٩٤٥ کەس بەشداریان کردوە کە ٢٢٤ هەزارو ٨٥٧ کەسیان پیاوو ١٧٤ هەزارو ٨٨ کەسیان ژنانی خوازیارن. لە گرووپی زانستە ئەزموونی‌یەکان دا ٤٢٩ هەزارکەس بەشداریان کردوە کە ١٢٣ هەزارو ٩٦٨ کەسیان لە خوازیارە پیاوەکان و ٢٩٥ هەزارو ٦٠٢ کەسیان لە ژنە خوازیارەکانن. لە گرووپی زانستە مرۆیی‌یەکان دا ٥٣٩ هەزارو ٧٢ کەس بەشدار بوون کە ١٨٦ هەزارو ١٨ کەسیان پیاوو ٢٩٥ هەزارو ٥٤ کەسیشان ژنن. لە گرووپی هونەریش دا لە ١٧٧ هەزارو ٢٥ بەشدار بوو، ٧٦ هەزارو ٩١٣ کەسیان پیاوو ١٠٠ هەزارو ١١٢ کەسیان ژنن. لە گرووپەکانی زمانە خارجی‌یەکانیش دا ٣٨٣ هەزارو ١٨٥ کەس بەشدار بوون کە ١٤٤ هەزارو ٤١١ کەسیان پیاوو ٢٣٨ هەزارو ٧٧٤کەسیان ژنن.

شیاوی باسە ئەزموونی سەرانسەریی ساڵی ١٣٨٣ بە شێوەی یەك قۆناخی و بە بەشداریی نزیکەی یەك میلیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس لە رۆژەکانی١١و ١٢و ١٣ی پووشپەر لە دوو نۆرەی بەیانی و سەر لە ئێوارەدا هاوکات لەگەڵ ئێران، لە١٤ وڵاتی ئورووپایی و ئاسیایی دا بەرێوە چوو.

# حەفتاوپێنجەمین ساڵڕۆژی لەدایك بوونی فیلسوفی ئالمانی: یورگن هابرماس



رۆژی ١٨ی ژوئەنی ٢٠٠٤ یورگەن هابرمـــــاس jurgen habermas تەمــەنی گەیشــتە ٧٥ ســاڵ. ماوەیــەك لەمــەوپێش یــورگن هابرماس بە هۆی ئەو خزمەتانەی بـ[...] دونیای بیرو ئەندیشەی کردوە خـەڵاتی "کیوتۆ"ی پێشـکەش کـرا سـێ سـاڵ لەمـــەو پـــێش خـــەڵاتی ئاشـــتیی بڵاوکراوەکـــانی کتێبـــی ئاڵمـــانی وەرگـرت. لــە رێــورەسمی وەرگرتنـ[...] خەڵاتەکەداکەســـایەتی‌یە سیاســـی‌یە[...] ناسراوەکانی ئەڵمان دەوریان دابوو، ئەوە لە حالێك دایە هابرماس چەند [...] سیاسەتی ئەڵمان دەگرێ. دەیان ساڵە کە فەیلسوف‌و کۆمەڵناسی ئەڵمانی یورگێن هابرماس لە ئاستی جیهانی دا وەك یــەکێك لــە گــەورەترین و شــوێن دانــەرترین فیلسوفانی سەردەم ناسراوە. ئەوە لە پەنا چالاکی‌یەکانی خۆی دا وەك مامۆستای زانکۆو بیرمەند گرینگی‌یەکەی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ‌رۆڵێکی تایبەتی هەبووە لە دەست نیشان کردن و هێنانە ئارای بابەتە فیکری‌یەکان دا، هەر بۆیــەش ئــەویان بە "وشە سازی کۆمار ناسیوە.

هابرماس فیلسوفێکە لە بەراورد لەگەڵ فیلسۆفەکانی دیکــەی ئــەڵمان زیــاتر گرینگی بە سیاسەت داوە. ناوبراو لــە ســاتە گرینگــەکان وەك ویــژدانی بێــداری کۆمەڵگا چالاکی نواندوە رای‌دەربریوەو وریایی داوە. زیــاتر لــە چــل ســاڵە ئــەو بابەتانەی ئەو بۆ لێدوان لە کۆمەڵگادا پێشنیاری کردوون. بە هێزێکی تــەواوەوەو هاوشانی گوتاری سیاسی گشتی بووە، بــە چەشــنێك کــە بــە شــێوەی دیاریکــەر شوێنی لە سەر ئەو داناوە. قوولّ کردنەوەی دیموکراسی ، رەوازانین، لایــەنگری لــە شکۆی مرۆڤـ لە بەرامبەر زیادەخوازی‌یەکانی تێکنۆلۆژیی ژین‌دا، دیفاع کردن لە ئاشتی و لێك تێگەیشتنی کلتورو نەتەوەکان لەو بابەتانە بوون کــە نــاوبراو لــە پانتایی‌یە گشتی داو بە رۆشنگەری رەخنەگرانەی خۆی پێوە خەریك کــردوە و لــە پانتایی گشتی دا خستوویەتە بەر باس.

# فیلمی Girl friend لە هیند هەراوهوریایەکی سەیری ناوەتەوە

لەو رۆژانەدا فیلمێکی سۆزداری بە ناوی Girl Friend لە وڵاتی هێند هەراو هوریایەکی زۆری لــێ‌کەوتۆتەوە. کچ‌و کوڕێك زۆر ئاسایی پێکەوە ئاشنا دەبن، فیلمەکە پڕە لە دیمەنی رەنگاورەنگ‌و سۆزداری‌و گۆرانی. گەرچی دیمەنەکانی یەکترماچکردنی هەر تێ‌دا نیە یان بە دەگمەن هەڵ دەکەوێ، لەراستی‌دا ئەوە چوارچێوەی کلێشەیی زۆربەی فیلمە توجاری‌یەکانی هیند یان بەناو فیلمە "بولیودی"یەکانە. بەڵام ئەمجارە فیلمی Girl Friend هەموو سنوورەکانی پێشووی ئەو جۆرە فیلمانە دەبەزێنێ‌و بە سەرنجدان بە نێوەرۆکی فیلمەکە هەڵاو هەنگامەیەکی سەیری ناوەتەوە. چیرۆکی فیلمەکە بە کورتی بەمجۆرەیە " کچێك بە ناوی ساپنا (Sapna) لەگەڵ کوڕێك ناسیاوی پەیدا دەکاو عاشقی دەبێ. تا ئێرە کێشەکە وەکوو هەموو فیلمە بازرگانی‌یە هیندی‌یەکانە کە لە ساڵدا لانیکەم ١٠٠٠ دانەیان لـێ بەرهەم دێ. بەڵام دواجار کەسایەتیی سەرەکیی فیلمەکە دەردەکەوێ، کچێك بە ناوی تانیا (Tanya) کە بە منداڵـی دەستدرێژیی کراوەتەسەرو لە پیاوان بێزارە.

"تانیا" کە هاوسۆزو گراوی "ساپنا"یە، ئیرەیی بە ئەوینەکەی ئەو دەباو هەوڵ دەدا نێوانیان بشێوێنێ‌و بە کورتی بەدوای ناکامی لە سۆزداری‌دا تووشی ئاڵۆزی دەروونی دێ‌و فیلمەکەش بە مردنی ئەو کۆتایی پێ‌دێ.

چەند دیمەنێکی فیلمەکە پێوەندیی سۆزداریی مێ‌یانەی ئەو دوو کچە لاوە دەردەخەن، شتێك کە لە فیلمە رۆژئاوایی‌یەکاندا لە تابۆیی دەرچووە. بەڵام لە وڵاتی هێند شەپۆلی نارەزایەتی‌و توندوتیژی لــێ‌کەوتەوە.

کار گەیوەتە جێگایەك کە ئەندامان‌و لایەنگرانی تاقم‌و لایەنە توندرەوەکانی هیندوو، وەك حیزبی Shiv-Sena دەرگاو پەنجەرەی ئەو سینەمایانە دەشکێنن کە ئەو فیلمەی تێ‌دا نیشان دەدرێ. ئەوان پۆستێری فیلمەکە لە دارو دیوار دەکەنەوەو دەیدڕێنن‌و قوماشە تەبلیغاتی‌یەکانی ئاگر دەدەن. ئەوان پێیان وایە پێشاندانی دیمەنی سۆزدارانەی نێوان مێ‌یەکان سووکایەتی بە کلتوورو نەریتی باوی هیندە.

هەڵبەت تەنیا بەرەی خۆپارێزەکان نین کە پلاریان لەو فیلمە گرتوە، رێکخراوەکانی سەر بە ژنانیش دەڵێن ئەو فیلمە تەنیا دیمەنێکی کلێشەیی‌و ناواقعی لە پێوەندیی مێ‌گەرانە دەخاتەڕوو. خاتوو Tejalshah، ئەندامی رێکخراوی خەبات بۆ نەهێشتنی ستەم لەسەر ژنان پێی‌وایە کە فیلمی "Girl Friend "، فیلمێکی پۆرنۆگرافیکە کە تەواو ئیشتیاو نەوسی پیاوان دادەمرکێنێ‌و کۆمەڵگای هیند زیاتر دژی ژنانی مێ‌گەرا دەورووژێنێ.



دەرهێنەری فیلمی Girl Friend، کاران رەزدان دەڵـێ: من ئەو فیلمەم بۆ لایەنگریی ژنانی مێگەرا بەرهەم نەهێناوە، بەڵام فیلمەکەم ئەو کێشەیەی وروژاندوە. جیا لەوەی کە فیلمەکەم بە باشی یا خراپی بکەوێتە بەر رەخنەی رەخنەگران، هەوڵم داوە سەرنجی کۆمەڵگاو خەڵکی بۆ لای ئەم کێشەیە رابکێشم‌و بیخەمە بەرچاو".

Isha Koppikar، ئەکتەری سەرەکیی فیلمی Girl Friend داکۆکی لەو فیلمە دەکاو دەڵـێ: ئەمرۆ پێوەندیی سۆزداریی نێوان دوو ژن یا دوو پیاو بەشێکە لەراستی‌یەکانی کۆمەڵگای هیندو ئەگەر ئێمە چاومان لە ئاست ئەو راستییانە بنووقێنین، هەڵەمان کردوە.

# دیکتاتۆرێك لە بەردم دادگای مێژوودا

بەر لە ماڵاوایی

ع. وریا

**"کاتێك لە حاڵی سەرکەوتن دان، لەگەڵ خەڵك میهرەبان بن.چونکە لە کاتی کەوتن دا، جارێکی دیکە چاوتان پێیان دەکەوێتەوە"**

**" ویلسۆن میزنێر"، نووسەری ئەمریکایی**

یادی بەخێر کاك تەیفووری بەتحایی، زستانی ١٣٦٠، ئەو کاتەی خومەینی بە توندی نەخۆش بوو و زۆر کەس چاوەڕوانی بڵاوبوونەوەی هەواڵی مردنی بوون، دەیگوت ئاخ نەمردبام‌و مەرگی ئەم دیکتاتۆرەشم دیبا، بەمەوە دەبوون بە سێ: رەزاشا،کوڕەکەی، خومەینی. ئەم جۆرە ئارەزووانە بۆ کەسێك کە ستەم‌و جەوری دیکتاتۆرێکی وەك حەمە رەزاشای بە چوونە زیندان‌و گەڕانەوە لە مردن‌و لە دەستدانی باشترین هاوڕێ‌و هاوبیروباوەڕانی تاقی کردبووەو، لە دیکتاتۆرێکی وەك خومەینیش، دەرکردنی فەرمانی جیهاد لە دژی گەلی کوردو باراندنی ئاگرو ئاسن بە سەر خەڵکی شارەکەی داو ئیعدامی سەدان لاوی هاوشاری‌و هاوزمان و هاوئامانجی دیبوو، ٨ سال دواتر هاتەدی. لەو کاتەوە تا ئێستا بە خۆشی‌یەوە لە سەرکارلاچوون‌و مردنی زۆر دیکتاتۆرێ دیکەشی لە بەشە جۆراوجۆرەکانی جیهان دیوە. بەڵام من بۆ خۆم نەك مردنی دیکتاتۆران بە مەرگی ئاسایی، بەڵکوو گرفتار بوونی ئەوانم لە دەست عەداڵەت دا، هەمیشە بە ئاوات خواستوە. ئارزوویەك کە لەم چەند ساڵەی دوایی دا جارێك لە پێوەندی لەگەڵ "پینووشە"،جارێکی دیکە لەبارەی "میلۆسۆڤیچ" سەرۆکی سێربستانەوەو، رۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٤/٧/١یش لە پێوەندی لەگەڵ سەرۆکی پێشووی عێراق دا شاهیدی وەدی‌هاتنیان بووم.

دوو حەوتوو لەمەوبەر، عێراق لە ماوەی سێ رۆژ دا شاهیدی دوو رووداوی گەورە و مێژوویی بوو. دوو رووداوکە ئاکام‌و شوێنەوارەکانیان هەر لە سنووری ئەو وڵاتەدا بەربەست‌و بەر تەسك ناکرێتەوە. یەکەمیان درانەوەی دەسەڵات لە لایەن ئەمریکاوە بە عێراقی‌یەکان‌و دووهەمیان بەرێوە چوونی یەکەم جەلەسەی دادگای موحاکەمە کردنی سەدام حوسێن، دیکتاتۆری پێشووی عێراق. پێم وانیە کەس هەبێ گومانی لە گرنگیی گەڕانەوەی دەسەڵات بۆ عێراق و کۆتایی هاتن بە دەسەڵاتی ئیدارەی ئەمریکا لەو وڵاتە دا هەبێ. بەم هەنگاوە، کۆتایی بە داگیر کردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاو هاوپەیمانانی‌یەوە هات. بڕیار لە بارەی چونیەتیی بەرێوەبردنی عێراق کەوتەوە دەست خەڵکی ئەو وڵاتە و ئەو هێزانەی بۆ رووخاندنی رێژیمی دیکتاتۆر، خوێنرێژو یاغیی ئەو وڵاتە هاتبوون، لەمەو دوا کارێکی دیکەیان جگە لە هاوکاری لە سەقامگیرکردنی دەسەڵاتێکی نوێ‌و هەڵبژاردەی خەڵکی عێراق دا نامێنێ. ماڵاوایی برێمەر حاکمی ئەمریکایی عێراق لە سەرکۆمارو سەرۆك وەزیرو گەورە بەرپرسان و کاربەدەستانی حکوومەتی قۆناخی گواستنەوە، چلەپۆپەی ئەو رەوتە بوو کە لە نەورۆزی ٢ساڵ لەمەوبەرەوە بە هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر رێژیمی عێراق دەستی پێ کرد. هەمووشمان دەزانین کە پرۆسەی لە دایکبوونی عێراقی نوێ، ناوچەیەکی بە خوێەوە هەژاندوەو زۆر رووداو و شوێنەوارو ئاڵوگۆری لە ئاستی ناوچەدا لێ‌کەوتۆتەوە و زۆری دیکەشی بە دوا دا دێ کە بە دڵنیایی‌یەوە دەتوانین بڵێین بۆ گەلی کورد و بەرەی لایەنگری ئازادی‌و دیموکراسی، سوودیان هەبووەو بە سوود دەبن.

بەڵام با بێمە سەر ئامادە بوونی سەدام حوسێنی دیکتاتۆر لە بەر دەم دادگا دا. دەزانم کە ناتوانم لەم نووسینە کورتە دا، خۆشی و رەزامەندی و هەستی پیرۆزی خەڵکێك کە زیاتر لە سێ دەیە بێجگە لە شەڕو سەرکوت و وێرانی‌و دەستدرێژی و دڵرەقی‌و تاوان و بەدبەختی بەدوا بەدبەختی دا هیچی دیکەیان لە سەدام و رێژیمەکەی نەدیوە،پێشان بدەم. خەڵکێك کە بە وتەی ماموستام دوکتور فەرەیدون عەبدول بەرزەنجی ٣٥ ساڵە لە سێبەری سەدام‌و رێژیمەکەی دا تەمەنیان بە فیرۆ دەڕوا! لێرەدا هەر ئەوەندەم بۆ دەکرێ لایەنێکی ئەو رووداوە بخەمە بەر سەرنج. گرفتار بوونی کەسانی وەك سەددام حوسێن لە دەست عەداڵەت‌دا و موحاکەمە کرانیان، کە لە راستی دا راگرتنیانە لە بەر دەم حوکمی مێژوودا، پەیامێکی بۆ هەموو زۆردارو زۆرلێکراوێك تێدایە. پەیام بۆ زۆردارەکە ئەوەیە کە هەر هەڵکشانێك، داکشانێك، هەموو چوونە سەرێك، هاتنە خوارێك، هەموو سەرەتایەك، کۆتایی‌یەکی هەیە. ئەوانەی بە هەر رێگایەك دا، بە دەسەڵات دەگەن، دەبێ ئەو رۆژەشیان لە بیر بێ کە بۆ هەمیشە لە دەسەڵات دا نامێننەوە، ئەگەر لەم چوونە سەرو بە دەسەڵات گەیشتنەیان بۆ پەرە پێدانی ستەم‌و زۆرداری و دەستدرێژی‌و تاوان‌و ناحەقی کەڵك وەربگرن لە رۆژی ئاوابوونی ئەستێرەی بەختیان‌و شکان‌و وەرگەڕانی تەختیان دا، خەڵك لێیان نابوورن . پەیامی ئەو دیمەنە مێژوویی‌یەش بۆ زۆرلێکراوان ئەوەیە، بڕواتان بەوە هەبێ کە حکوومەت‌و دەسەڵاتە دیکتاتۆر و زۆردارەکان ئەزەلی و ئەبەدی نین‌و ئەگەر لە خەبات‌و تێکۆشانتان بە دژی ئەوان دا کۆڵ نەدەن و ناهومێدی نەناسن، سەرەنجام بەسەریان دا سەردەکەون. ئەگەر لە قۆناخێك یا چەند قۆناخێکی ئەو خەباتەش دا هیچ پشت‌و پەنایەکتان نەبێ، مادام کە بۆ خۆتان هەن‌و سەر بۆ ستەم نەوی ناکەن، پشتیوان‌و فریارەسیشتان سەرئەنجام بۆ پەیدا دەبێ و بە ئاواتی خۆتان دەگەن.